# سەمای مەرگ

# سەمای مەرگ

## کۆمەڵە چیرۆکێکی وەرگێڕدراو لە فارسییەوە

وەرگێڕانی: غەریب پشدەری

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **سەمای مەرگ**
- کۆمەڵە چیرۆکێکی وەرگێڕدراو لە فارسییەوە
- وەرگێڕانی: غەریب پشدەری
- نەخشەسازی ناوەوە: طـــه حسین
- پیتچنین: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: (٣٩٦)
- نرخ: (٢٧٥٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆک)

زنجیرەی کتێب (٢٢٢)

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# پێرست


١ـ ژنێکی بەختەوەر ..... ١
٢ـ گیلانی ..... ٢٩
٣ـ سەمای مەرگ ..... ٥٩
٤ـ قوربانی ..... ١١٩
٥ـ شەوی نەخۆشخانە ..... ١٣٧
٦ـ نەمەکی ..... ١٤٥
٧ـ کۆنە کتێب ..... ١٥١
٨ـ دەبێ بێت ..... ١٦٣
٩ـ جارێ تۆ ئینجا من ..... ١٦٩
١٠ـ پیس پیسۆك ..... ١٧٥
١١- لافاو ..... ١٨١
١٢- ماڵە باوان ..... ١٨٩
١٣- دەهۆی سیاسی ..... ١٩٥
١٤- پشووی هەفتانە ..... ٢٠١
١٥- پاچ ..... ٢١٣


بۆ: شنەبای وەشتی وشە و دێڕی نوسینەکانم خاتوو"شەرا"ی مەزن...
دیاری و یادگارە

**ـ غەریب ـ**

## ((ژنێکی بەختەوەر))

***نووسینی/ بزورگی عەلەوی***

لەو بیرەوەریانەی کە دەو پێنج شەش مانگانەی مردنی ئەقدەس خانمێوەم کۆکردبوونەوە، داستانێکی تابلێی خۆش و شیرینیان لێ پەیدا دەبوو، ئەوەی بۆ نوسینی داستانێکی وا پێویست بوو دە دنیای دەرەوەدا (نەک بە بۆچوونی من) رووی دابوو، هەبوو و لەبەر دەستاندا بوو. ئەوین و خۆشەویستی و فێڵ و تەڵەکەبازی و دەسیسە، ئەوجا مەرگیش. دەمتوانی زۆر بە راشکاوی وبە زمانێکی زۆر دڵپەسەندانەوە لە عیشق و ئەوینی ئەقدەس خانمێوە بدوێم؛ دوایەش بچمە بنج و بناوانی پەیوەندییەکانی بەمێردەکەیەوە، ئەوجا بێمە سەر پزیشکی خانەوادە کە پیاوێکی زانا و دانا و تێگەیشتوو بوو و بەڕاستیش ئەقدەس خانمی خۆشدەویست و رێزی لێدەگرت، بناسێنم. و دوایەش بە سوود وەرگرتنێکی کەم تاکورت لە هونەری نوسینێ، رووداوە دڵتەزێنەکانی کە بە مردنی ئەو کیژۆڵە ناکامە دوایی هات تۆمار بکەم. بەڵام خەوشەکەی ئەوە بوو کە داستانەکەی هەرچۆنێکی بایە هەر دەنووسرا، بەڵام رەونەقە راستییەکەی پێوە نەدەما. بە کورتییەکەی وێنەیەک بوو لە ژیان، بەڵام خودی ژیانەکەی نەبوو. هەر بۆیەش بڕیارمدا کە بیرەوەرییەکان وەکو خۆیان چۆنن هەروایان بڵاو بکەمەوە.



کاتێکی کە لەش ولارە باریکەڵە نەژاکاوەکەی لەسەر تاتەشۆرێ درێژ کرابوو و کەسوکارەکانی لە دەوران دەوری حەوزەکەوە راوەستابوون و دەگریان، حوسنیەخان کە خەریکی دەست بڵندکردنی پێشوازییە بوو، هەروا لە خۆوە شیعری هەڵلەق مەڵلەقی دەگوتن، خوشکەکانی ئەقدەس خانمێ لە پەنایەکیەوە دانیشتبوون و شینیان دەگێڕا و دایکیشی سەر و پرچی خۆی دەرنیەوە و زمانی لەگۆکەوتبوو. یەک لەقەرەواشەکان بەویدیکەی دەگوت: "چ دڵێکی هەیە؟ ئەوە چۆن دەتوانێ گۆرانییان بڵێ؟

حوسنیەخان کە سەرو پرچە بژ و ئاڵۆزکاوەکانی بە دەستە سپییە تەڕەکانیەوە دەدانەوە پشتگوێی، سەری وەرچەرخاند. زەردەیەکی گێلانەی کرد و بەبێ هیچ گوێدانە شیوەنێکی ژنەکان، بەدەم پێکەنینێوە گوتی "وایە، من هەمیشە ئەوە پیشەی خۆمە، جا ئەگەر بڕیار وابێ من هەر بگریەم و بناڵێنم و شیوەنێ بکەم، ئیدی ئەوە بەرگەی چ ناگرم و هیچم پێوەنامێنێ." دەگەڵ ئەوەیشدا، کاتێ کە حوسنیەخان رووی کیژۆڵە مردووەکەی بڵندکرد، گوتی: "وای، دایکت بمرێ، کە جوان و جحێڵە"

لە نێوان ئەو حەوت هەشت کچانەی بنەماڵەی ئەقەدەس خانمێ، (بەسێ خوشکی دیکەی ئەوەوە)

دەچەند ساڵێکاندا یەک بە دوای یەکدا شویان کرد و چوونە ماڵ و مێردان، هەموو تێکڕا ئەقدەس خانمیان بە بەختەوەر دەزانی، چونکە شێوە و رەوشی شووکردنی ئەقەدەس خانمێ دەگەڵ هەموو ئەوانەی دیکەدا جیا بوو. ئەوانیدی داک و بابیان بە مێردیان دابوون. پرس و رای بەمێرد دانێیان بە خاڵ و مام و پووران

کرابوو داخوا زاوا چۆنە و چۆن نییە، ئەوان پەسەندیان نەکردبایە نەدەبوو، تەنانەت جاری واشبوو کە کەل و پەل و جل و بەرگ و تا گوڵی سەری بووکێ و تەوقە و قالیچەی حەمامێ و تاس و سینی و تەنانەت سپیا و وئاوی و سڵێش دەبوو هەمووی بە گوێرەی ڕێنمایی و ئارەزوو و دەستوور و قسەی وان بایە. خوو و خدەی ئەو بنەماڵەی وابوو کە هەر لەتەمەنی دوازدە ساڵییەوە جیازی بوکێنییە دانێن. ڕاستەکچیان دەناردنە قوتابخانەی، بەڵام شەو و ڕۆژیش هەرچاوەڕێی هاتنە خوازبێنیەش بوون. هەرکاتێکیش یەکێکی وا کە بەدڵی کەسوکار و خزم و خۆێش و بابی کچەی بایە، ئیدی ئەوە خوێندن و قوتابخانە تەواو دەبوون و ئەوجا نۆرەی بازاڕ و دوکان و سەر شەقامان بوو. ئەو بنەماڵەیە لە تەواوی شاریدا دیار بوون و هەموو لاوەکان دەیانزانی کە جوان و شۆخ و شەنگترین کچی شاری لەوێ وەدەست دەکەوێ. ئەوان کارگەیەکی کێژوکاڵ دروستکردنێیان هەبوو. کچیان هەر بۆیە دروستدەکردن تا بە مێردیان دەن. کچانی ئەو بنەماڵەیە تەنیا هەر مۆرەیەک بوون کە داک و بابەکانیان یارییان پێدەکردن و قوڕ بەسەر ئەو کچەی بیوێرابایە پێی لە خەتێ تێپەڕێ. بڕیار بوو ئەقدەس خانمیش هەروا بەو شێوەیە مێردی بکات. بەڵام مردنی لە ناکاو و کتوپڕی بابی وایکرد چارەنووسێکی دیکە چاوەڕێی بێت.

مردنی بابی بەهۆی زۆر خواردنێوە بوو و هەر ئەوەش وایکرد کە ئەقدەس خانم ڕێی ژیانێکی دیکە بدۆزێتەوە، ئەوە بابی بەجێی خۆی گەیی، بەڵام برایەکەی کە بەڕێوەبەری گشتی یەکێک لە وەزارەتخانەکان بوو و ئامادەگی ئەوەی تێدابوو کە بەسەر



بنەماڵەکە ڕابگات و ببێتە جێنشینی بابی. بەڵام ئەقدەس خانم لەوانە نەبوو هەروا زوو و واش بە ئاسانی بکەوێتە ژێرکاریگەریە دەسەڵاتی برایەکەیەوە و ملکەچی توانا و چاو سوورکردنەوەی وی بێت. ئەقدەس خانم بۆ خۆی ئەمیرخانی دیتەوە. کارمان بەوەی نییە کە دەنێو بنەماڵەیدا پاشەملە چەندیان تانە و تەشەر و تیروتوانج هاویشتونێ. بەڵام هێندە هەبوو کە هەموو کچانی بنەماڵە ئەو و مێردەکەیان بە بەختەوەر دەزانین. ئەویش هەر لەبەر ئەوەی کە توانیبووی بە دڵی ئەمیرخان بێت و بۆ خۆشی مێرد بۆخۆی هەڵبژێرێ و بە ئارەزووی خۆی شووبکات.

خوشک و کەسوکار و خۆێشانیشی هەموو ئیرەیی و ڕشکیان بە ئەقدەس خانمێ دەبرد. بەڵام ئەقدەس خانم دوو دڵ بوو زۆر کەم دەدوا و کاتێکیش کە کچ و کاڵ و هاوتەمەنەکانیشی تەنگیان پێ هەڵدەچنی و زۆریان بۆ دێنا، تا ئەوەی دە دڵیدایە بیڵێ و ئاشکرایکا، ئیدی ئەوە دەمی دەبۆوە و هەرمەپرسە، دەیگوت: "وەڵڵاهی، نازانم چ بڵێم. ئیدی هەرچی هەبێ خۆ ئەوە لە خوازبێنییە یەکێکی دیکەی نەدیتە و نەناسیا و هەرچاکترە"

مێردەکەی لاوێکی جوان و بەژن و باڵا بەرزبوو. ڕەنگ و ڕواژا و ڕوخساری مات دیار بوو و چاوەکانی لەسەر مەستییە بوون. قیت و قنج بەڕێیەدا دەرۆیی و زۆری دەگوت و زۆریش پێدەکەنی، زۆر خۆر بوو و زۆریشی دەخواردەوە، ئۆتۆمبێلی هەبوو، بەخت و ناوچەوان و شانسێکی چاکی دەئیش و کاراندا هەبوو. دەو دوو ساڵانەی دواییدا چەن جارێکان هەرجارەی سەدەها هەزار تومانی قازانج کردبوو. هەرپارچە زەوییەکی لەشەمیرانێ بە بیست و پێنج

هەزارێکی کڕیبوو و دابوویەوە بە نەوەدو دوو هەزارێکی. هیچ شەوێک نەبوو دەگەڵ ژنەکەیدا بە ئۆتۆمبێلی بیوک سەر لە چەند ڕێستۆرانێکی سەما کردنێ دەرەجە یەک هەڵنەهێنن کە دەو سەردەمی جەنگەیدا پڕ دەبوون لە ئەفسەری ئینگلیزی و ئەمەریکی. هەرهێندە بەس بوو کە ئەقدەس خانم حەزی بچێتە جل و بەرگی ژنێکی و پێی جوان بێ، ئیدی ئەوە چەند ڕۆژێکی نەدەبرد کە ئەمیرخان هەمان جۆرە جل و بەرگی لە موغازەی "لامد نوول". یا لە ساڵۆنی بەرگدرووی "مادام ترێز"ە وە بۆ دەکڕی و بۆی دێنایەوە، خۆ ئەگەر واش ڕێکەوتبایە و ئەقدەس خانم جلەکانی بە دڵی نەبایە، ئەمیرخان بەتورەییەوە، وەبەر نووکە مقەستانی دەدا و هەمووی ڕێ ڕێ دەکردن و هەزار تومانی دیکە یا زیاتری بۆ لەسەر مێزێ دادەنا و دەیگوت: "بڕۆ بۆخۆت حەزت لە چ جل و بەرگێکە بیکڕە." ئەوکاتە ئەقدەس خانم دەچوو لە پەنایەکیەوە دوو سێ سەعاتان بەدزیەوە تێروپڕ دەگریا، بەڵام بۆ ئەوەی شەڕ و هەراشیان دەگەڵ مێردەکەیدا لێ پەیدا نەبێ، دەچوو و هەمان جۆرە جل و بەرگی کەمێک جیاوازتری دەکڕییەوە و جارێکی دەبەردەکرد و بۆ ماوەیەک هەموو شتەکان بیر دەچوونەوە.

هەمووان ئەقدەس خانمیان بە بەختەوەر دەزانی. هەموو خوشک و کیژ وکاڵەکانی بنەماڵە و دەستە خوشکەکانی سەردەمی قوتابخانەی ئیرەییان بە ئەقدەس خانمێ دەبرد و تەشەری ئەوەیان لێدەدا، کە ئەگەر نەتوانی دەگەڵ ئەو مێردەیدا کە زێڕی لە دەست و پەنجان دەبارێ هەڵکەی، ئەوە دیارە وەک لەقەت لەبەختی خۆت دابێ. هۆی ئەو تەشەر و گازاندانەش ئەوەبوو کە دەو دوا دواییانە



جار و بارە ئەمیرخانیان لەوجێی سەماکردنانەدا بەتەنێ و بەبێ ئەقدەس خانمێ دیبوو یا ئەوەتا وارێکەوتبوو کە دە سات و کاتی نیوەشەوێدا ئەمیرخانیان دەکابارەیدا بەسەر خۆشی، یا ماندوو و شەپرێو لەسەر مێزی پۆکەرێیاندا دیبوو هاتبۆوەماڵێ. بە تایبەتی شەوێکیان کە تەواوی بنەماڵە و برایەکەی ئەقدەس خانمێ هەموو وێکڕا لە ماڵێ ئەو کچە شۆخەی میوان دەبن و نزیکەی هەزار تومانێک خەرجی ئەو شەوە میوانییەی دەکرێ، کەچی مێردی خاوەن ماڵی هەرنایەتەوە. جابۆیە ئەگەر هەمووشیان پێیان وابوو کە ئەقدەس خانم بەختەوەرە، ئەوە برایەکەی کە پیاوێکی کارامە و بە هۆش و گۆش بوو، لەوانە نەبوو فریوبخوات و هەڵبخەڵەتێ. ئەو پێیوابوو ژیانی ئەو دوو کەسانەی بەو جۆرە نییە کە هەندێ کەس بیری لێدەکەنەوە و بۆی دەچن. جگە لەوەش پزیشکی بنەماڵەکەش یەکێک بوو لە خۆشەویستانی هەرە نزیکی ئەقدەس خانمێ و پیاوێکی زۆر تێگەیشتوو بوو و سارد و گەرمی ڕۆژگاری زۆر چێشتبوو و لە هووی مووی دەکردەوە. ئەویش جارێکی بەکاکی بەرێوەبەری گشتی گوتبوو: "ئەقدەس خانمتان بەختوخۆڕایی لەدەست دا." و ئەوبرایە دە وەڵامدا تەنیا بەو ڕستەیەی لێگەڕابوو: "کاکی دکتۆر، من بڵێم چی من هیچم لەدەست نایە. منداڵانی ئێستا گوێ نادەنە قسەی گەوران و لە خۆگەورەتران. دەنا لە ئەمیر خانیش شایستەتر بۆ ئەقدەس پەیدا هەر دەبوو"

❊

بابی ئەقدس خانمێ هەرئەوەندەی هەبوو کە دەیتوانی ژیانێکی مامناوەندی بۆ خاو وخێزانەکەی دابینبکات و منداڵەکانی

پەروەردە و بەخێو بکات و کاتێکیش مرد، هیچ جۆرە پاشە کەوتێکی بۆ خێزانەکەی بەجێ نەهێشت و هەر لەبەر ئەوەش بوو کە بەخێوکردن و سەرپەشتییە ئەقدەس خانمێ بە ملی براکەیداهات. ئەو کیژە تا ئەو دەمی پەرستاری ژێر دەستی پزیشکی بنەماڵەکە بوو و لەلای ئەوی کار دەکرد، کە چۆوە لای برایەکەی بڕیاریدا ئەویش بچێتە ئەو وەزارەتخانەیەی برایەکەی لێ بەڕێوەبەری گشتییە و لەوێ کارێکی باشتر پەیداکات و لە منەتی ئەموئەو بێتە دەرێ.

دەو فەرمانگایەدا ئەقدەس خانم ئەمیرخانی ناسی و پێکتر ئاشنابوون. فەرمانگەکە هۆیەکی لەباری سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئەمیرخان بوو؛ هۆیەک بوو تابتوانێ کارە بازرگانی و موڵکایەتییەکانی تێدا ئەنجامبدات. دوای دوو سێ مانگان ئەمیرخانیان گواستەوە فەرمانگەیەکی دیکە. ئەقدەس خانم دەستەو داوێنی برایەکەی بوو نەیەڵێ بیگوازنەوە، زۆری نەخایاند هەردووکیان لە ژوورێکی بە تەک دوو مێزەوە کە بەرامبەر یەکتری بوون سەرقاڵی کارێ بوون.

هەرچەندە جەنابی بەڕێوەبەری گشتی ئەو داوا و دەستەو داوێنییەی خوشکەکەشی پێخۆش نەبوو، بەڵام لە بەروەی ئەو لووتی خۆی دەبچووکترین کاری هەرزەکار و لاوانەوە دەژەنی، ئەوپیاوە نەبوو کە بەسەرخۆی بێنێ.

ئەوجا جەنگ هەلاییسا و سات و سەودای بازاڕی وەگەڕکەوت و گەشەی کرد، ئیدی ئەمیرخان پێویستی بەوەی نەما ڕۆژێ چەند سەعاتێکان لەپشت مێزی دایەرەوە دە برۆیە کەوانی و چاوەمەست



و بسکە رەشە بریقەدارەکانی ئەقدەس خانمیوە رامێنێ و کچەی گێژ و وێژکا. لە جیاتیان، ئەو چەند سەعاتانە بەتەنێ بەشەقامەکاندا دەگەڕا و پارەی پەیدا دەکرد و دوایەشی یان دە ئوتومبێلێدا یان دە گازینۆ و ئێرەو ئەوێیاندا دەگەڵ ئەقدەس خانمێدا بەسەر دەبرد.

دوای ماوەیەک ئەقدەس خانم دە بانگ هێشتنێکیدا کە لە تەواوی ئاشناو ڕۆشنایانی فەرمانگەکەی خۆی کردبوو لەماڵێ ئەمیرخانی بە دایک و خوشکەکانی و دوای نیو سەعاتی پێش هەستانێشیان بە برایەکەشی ناساند و دیاریش بوو کە بەڕێوەبەری گشتی کەیفی بەو پەیوەندییە تایبەتی و ئاشنایەتییەی خۆشکەکەی دەگەڵ ئەو لاوەیدا نایەت.

هەر بۆیەش بوو تەواوی بنەماڵە و ناسیاوان، ئەقدەس خانمیان بە بەختەوەر دەزانی، ئەمە جگە لە برایەکەی. هەر تەنیا پزیشکی بنەماڵەش بوو کە هەرگیز بە شایستەی نەدەزانی قسەشی دەگەڵدابکات، ئەوەش نەک لەبەر ئەوەی کە پزیشکی بنەماڵە یەکێک بوو لە خوازیارانی وەک تای تەورداسی ئەقدەس خانمێ، بەڵکە لەبەر وەی بوو کە ئەو ئەمیرخانی بەشایستەی پلەوپایە و هاوشانی ئەقدەس خانمێ نەدەزانی. خوشکەکانیشی دەیانگوت: "کاتێ بۆ خۆی ئاگاداری نارەزایەتییە براکەیەتی و هەر سووریشە لەسەر ئەو پەیوەندییەی دیارە، کە دەیهەوێ" و ئەوەش خۆشیەک بوو کە خوشکەکانی چێژیان لێوەردەگرت، چونکە بۆ خۆیان لێی ناکام بوون، ئەقدەس خانمیان بە بەختەوەر دەزانی و دەیانگوت: "هەرنەبێ خۆ یەکێک لە ئێمە توانی مێرد بەو کەسەی بکا، کە بە ئارەزوو و بەدڵی خۆیەتی و بۆ خۆی هەڵیبژاردووە."

*

دایکی ئەقدەس خانمێ تەنیا کەسێکی ئەو بنەماڵەیە بوو کە دەیتوانی پەی بەجیهانی دیوی ناوەوەی ناخ و گیانی کچەکەی بەرێ، ئەوانیدی ژیان چۆن بوو هەروایان دەڕوانییە و وەک ماری بۆ پێشڤەچوونی خۆیان دەیانتوانی سوود لە تەواوی پێچ و پەناو ناهەمواریییەکان وەرگرن. دەکاتێکدا هەر ئەو ژنە بوو کە لە تەواوی ئەو شتانەی دەوربەری خۆی غەم دەخوارد و ئازاری پێوە دەکێشا و زاڵەی بوو ئەو زۆری رەنج کێشا بوو و سی ساڵی ژیان دە یەک خێزانی سازشکاردا لە ملکەچی و تەسلیم بوونێ بەولاوە چیدیکەی بۆ نەهێشتبۆوە. رەفتارێکی کە ئەقدەس خانم لە تێکەڵیەیدا دەگەڵ ئەمیر خانییدا دەنواند لەهەرچی خوو و خدە و نەریتێکی بنەماڵەی هەیە جودا بوو و ئیدی وای لێهاتبوو و گەیبووە ئەندازێکی کە کاکی بەرێوەبەری گشتی نەتوانێ خۆی تێدا راگرێ. هەربۆیەش رۆژێکی دەگەڵ خانمێ دایکیدا تەک بوونەوە و ئاوای گوت: "خانم گیان، ئیدی ئەوە ئەقدەس خەریکە تا دێ پێی لێ هەڵدەبڕێ. تۆ دەبێ دەست پێشخەریە بکەیت و هەنگاوێ باوێی. ئەوەهیچ کە گوێ ناداتە من و هیچم بە قسەناکا. ئێ باشە ئاخر من دەوشارەیدا شەرم و ئابڕوویەکم هەیە، جا بۆیە دەبێ یەک لای کاتەوە. هەموو شەو و رۆژێکی هەر دەگەڵ ئەو هەتیوەی دە ئوتومبیلێدا، کارێکی نەشیاوە، ئەگەر دەیەوێ ببێتە هاوسەری، ئیدی چاوەڕێی چییە و لەسەرچی راوەستاوە؟ باشە خۆمن قسەیەکم نییە و رێگریان نیم."

داکێ ئەقدەس خانمێ کوڕەکەی خۆی چاک دەناسی. دەیزانی کە لە بەخۆنازینییدا هیچی لەبابی هەڵنەبواردووە و لەوی کەمتر نییە و ناکرێ دەگەڵی تێوەگلێ. دەشیزانی کە ئەقدەس خانم هەر



لەودەمیەوە کە بابی مردووە ئیدی قسەی کەسی بەگوێدا ناچێ، بەڵام ئەو ژنێکی بێ توانا و لاواز بوو و نەیدەتوانی ئەو شتەی بەو دژواری و سەختییەیەوە بەکچەکەی بڵێ.

ئەقدەس لە هەموو ئەوانیدیکە بزۆز و سەرسەخت و کەللە شەقتر بوو، پرسی: "جاباشە چی لێبکەم؟"

- چی لێبکەم، چییە، داوای لێبکە و پێی بڵێ کە ئەو کارەی یەک لا کاتەوە، یا ئا یا نا.

داکە دەیزانی لەوەی زیاتر ئیدی ناکرێ دەگەڵ بەرێوەبەری گشتیدا پێوە بچێ و کاتێک کە ئەقدەس خانم یەک دوو سەعات درەنگتر لە دەوامێ هاتەوە ماڵێ، بانگی کردە لای خۆیەوە و پێیگوت: "ئەقدەس گیان، ئەوە تائێستا لەکوێ بوو؟"

- دەگەڵ ئەمیرخانی پێکەوە بووین.

- ئەو ئەمیرخانە، چ جۆرە پیاوێکە؟

- چووزانم؟ بڵێم چی؟

- ئەوە تۆ چەند مانگێکە کە دەگەڵ ویدا لەفەرمانگەیەکیدا پێکەوە ئیش دەکەن و جارجارەش دەبیەمەوە کەپێکەوە وەدەردەکەون و دەچنە گەڕانێ.

ئەقدەس خانم بێدەنگ بوو و سەری بەردایەوە. ئەو بێدەنگییەی چەند دەقیقێکانی خایاند و دایکیشی هەروا بیری دەکردنەوە، چۆنی ئەوەی دە دڵیدایە پێبڵێ.

- ئەقدەس، ئاخر ئەورۆ کاکت دەربارەی تۆ قسەی دەگەڵدا کردم.

دیسانەوە ئەقدەس خانم وەڵامێکی نەبوو بیداتەوە.

- دەیگوت کە تۆ خەریکی ئابڕووی دەبەی.
- باشە بۆ من چیم کردووە؟
- هەقیشیەتی، باش نییە، ئەگەر دەشتەوێ ببیە هاوسەری، خۆ ئەو قسەیەکی نییە و ڕێگرتان نییە.
- ئێ باشە خانم گیان، من لە کوێرا بزانم. من ئاگام لە چییە؟ هەر نەبێ مۆڵەتێکم بدەنێ.

ئەقدەس خانم زۆری پێبوو بڵێ، بەڵام نە شارەزا بوو، شەرم. دوودڵی کە لە پووری کەڵەکە بووی چەندین سەدان ساڵە بڕستی لە ژنان بڕیبوو و هەموو شتێکی لە دەست دەرێنابوون، هەموو ئەو شتانە ڕێگری ئەوە بوون کە بتوانێ دە بەسەرهات و ڕووداوەکان بگات وبچێتە ناو ناخی کەسانی دییەوە. بەڵام هەستێک ڕەگ و ڕیشەی ئەوی هەڵدەقرچاند کە ئەو ئەوا خەریکە تازە هەنگاوێکی گەورە دەژیانی خۆیدا باوێ. لە جیاتی ئەوەی چی دە دڵیدایە هەڵیرێژێ کەچی بەدرێژایی شەوێ خەوی نەچووە چاوان و شەونخونی کێشا، چەند ڕۆژێکانیشی هەر خۆ خواردەوە و ئەوجا بڕیاری خۆیدا.

دووسێ هەفتە دواتر ئەمیرخان بە فەرمی ناردییە خوازبێنییە و جەنابی بەڕێوەبەری گشتیش هەر بەو تاکە ڕستەیە بیر و ڕا و سەرنجی خۆی بەیانکرد: "بۆ خۆی دەزانێ."

یەک لە خوازیارانی هەوەڵین جاری ئەقدەس خانمێ و زۆر پێش ئەمیر خانیش، پزیشکی بنەماڵە بوو. ئەو کچە لە سەردەمی ژیانی بابیدا دە نەخۆشخانێکدا پەرستار بوو کە ئەو پزیشکەی تێدا سەرۆکی پەخش بوو و دە بەرامبەر ئەو ئۆگری و خۆشەویستی و



یارمەتییە بێ مەبەستانەی دکتۆریدا لەوێ مابۆوە و درێژەی بەکارەکانی دەدا، خۆ ئەگەر وا لە پڕ بابی نەمردبا، لەوانەبوو ئەو داوایە سەری گرتبا. ئەقدەس خانم دوو دڵ بوو.بۆ خۆیشی نەیدەزانی داخوا دەبێ مێرد بە پیاوێکی چل و دوو ساڵانە بکات و دەگەڵیدا بژیت. خۆئەگەر دڵیشی نەدەدایە و حەزیشی پێنە دەکردلەبەر ئەوەی نەبووکە دکتۆریش وەک مێردی کچانی دیکەی بنەماڵەی ئەقدەس خانمێ ناتوانێ دڵی دەزاگیران و بووکی ئایندەی خۆی ڕاکێشێ، نا، دکتۆر پیاوێکی تێگەیشتوو بوو تا نەچووبایەتە بنج و بناوانی هەرشتێکەوە، تێیدا دەست بەکار نەدەبوو. دکتۆر دەیویست و هەولیشی دەدا ئەقدەس خانمێ ڕازیکا، ئەو هەر لەزووەوە دەیزانی کە بنەماڵەی بووکێ بە باب و مامەوە ئەویان لەلا پەسەندە، لەهەمان کاتیشدا ئەقدەس خانم دکتۆری پێ خراپ نەبوو ڕکی لێی نەدەبۆوە. چۆن دەکرا دکتۆری دەگەڵ مێردی خوشک و دەستە خوشکەکانی ڕاگرتبایە و بەراوردی کردبان؟ بەتایبەتی لەو لایەنانەوە کە دەیدیت دکتۆر بە چ وردەکارییەکەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و دانیشتنی وی دەخوێنێتەوە و بە چ تامەزرۆییەکەوە لەحەزە گیانییە ناسکەکانی وی دەگا. ئەو پزیشکە دانایە دەیتوانی چەندین سەعاتان دەگەڵ ئەقدەس خانمێدا دانیشێ و دەمەتەقێ و قسەو باس و گفتوگۆیان بکات، بەبێ ئەوەی لەتەواوی ئەو قسانەیدا شتێکی بێ سەر و پا، یا وشەیەکی سواوی لەو وشانە بە زاریدا بێت کە زۆر جاران لە نێوان دوو گراوییاندا ناز و نوز و خۆ بادانی پێ لە سەر یەک دەکرێ. خۆ ئەو پزیشکە دەیتوانی هەرچی کەف و کوڵ و هەڵچوون و شۆڕێکی دە دڵیدایە بەو کیژە

ناسکە هەستیارەی بلێ و تێبیگەیەنێ چۆنی ئاور بۆ تێبەر بووە و چۆن دەسووتێ. دکتۆر ئەو شتەی دەدیت کە لەلای هەمووانەوە ڕەت دەکرایەوە. دەگەڵ ئەوەشدا دکتۆر ئازا و بوێرو بەغیرەت بوو. ڕۆژێکی ڕاستەو ڕاستی بە ئەقدەس خانمێ گوت: "ئەقدەس خانم، من زۆر چاک دەزانم کە ئێوە بۆ دەگەڵە مندا نایەنە ڕەدایە و بەمن قایل نین"

کاتێ کە ئەقدەس خانم سەری بەردایەوە، دکتۆر گوتی: "بێگومان هۆیەکەی هەر ئەو جیاوازی تەمەنەیە کە لەنێوانماندایە. هەر بۆیەش شتێکی گرینگ هەیە دەبێ پێت بڵێم. دەبێ ئەوەش بزانی کە من ئەوشتەت لەبەر خاتری خۆم پێناڵێم. بەڵکە زیاتر لەبەر ئەوەیە کەمن دەگەڵەوە تێکەڵاوم و خۆشی و بەختەوەریە وەم دەوێ بۆیە دەمهەوێ پێت بڵێم..."

تاوێک ڕاما. لەجێی خۆی قیت بۆوە. لە ژوورەکەی تەنیشتێوە بابی ئەقدەس خانمێ دە شەرای سەرەمەرگێدا بوو و دوا ساتەکانی تەمەنی بە ڕێ دەکرد. دکتۆر پزیشکی چاودێر و ئەقدەس خانمیش پەرستار بوو.

تەواوی ئەندامانی بنەماڵە لەهەیوانێ خڕ ببوونەوە. بە سپایی و زۆر لەسەرەخۆ دەدوان. پزیشک لەدرزی دەرکێیڕا چاوێک بە نەخۆشیدا خشاند و ئەوجا هاتەوە. دەرگایەک کە بە سەر هەیوانەکەدا دەکرایەوە، داخست و بە سپایی گوتی: "ئەگەر من جحێڵتر بام تۆم نە دەخواخست، و نەشمدەتوانی خوازیاری ئێوەبام."



ئەو قسەی دکتۆری شتێکی تازە بوو بەلای ئەقدەس خانمێوە. سەری هەڵێنا و بە دووچاوی کراوەوەی سەرسامەوە دە دکتۆری ڕووانی و گوتی: "بۆ؟."

پزیشک چاوەڕێی کاریگەرییە قسەکەی خۆی بوو. سەرنجێکی کەی دایەوە ئەقدەس خانمێ کە هەروا بە چاوی چاوەڕوانییەوە سەیری دەکردێ و ئەوجا گوتی: "هێور بەوە، بابت دە شەرای سەرمەرگێدایە. خۆ ئەگەر هەر ڕاست نەبێتەوە چاکتر. خۆ ئێمە هیچمان لە دەست نایە. بەڵام بۆ من خوازیاری ئێوە نەدەبووم؟

ئەقدەس خانم، وەڵامی ئەمە هەروا ئاسان نییە. نازانم چۆنتان ئەوە تێبگەیەنم کە تێبگەن.

من چاک دەزانم کە ئێوە نابێ وەک خوشکەکانتان بە شوو بدرێن. ئەوە ڕاستە. من ئەوەتان بۆیە پێدەڵێم تا چاو و گوێتان کراوە بن....

ئاخ، هەموو ئەم قسانە زیادەن کە من ئێستا دەیانکەم و ئەو شتەی دەمەوێ بیڵێم، هیچیان هەونین. پێتوانەبێ کە من هەر ئەوڕۆ و تازە بەتازە، کەوتبمە سەر کەلکەلەی ژن هێنانێ. ئەوە زۆر دەمێکە. لەوانەیە شازدە ساڵ و بەڵکە زیاتریشە. ئەقدەس خانم، داخوا دەزانیت؟ من بە دوای کچێکی وەکو ئێوەوە بووم. ڕەنگە هەلم بۆ نەڕەخسابێ... ڕەنگە ئەوەی دەشمەویست، دیبێتم، یا ڕەنگە هەر نەشمناسیبێ، یا من ئەم قسانە بۆ بەتۆ دەڵێم؟ باشە بۆ، خۆتازە من ئەوەی دەزانم کە تۆمنت ڕەت کردۆتەوە. نابا هەر بیشیانڵێم تا ئێوە لە ژیانی خۆ تاندا سوودێک لەو ئەزموونانەی من وەرگرن. ئەقدەس خانم ئەوە بابتان خەریکە ئەم دنیایە بەجێدێڵێ... مەگریەن. ئێوە بۆ

خۆشتان دەزانن. ڕەنگە ئەوانەی لەدەرەوە وەستاون هیواو ئاواتێکیان هەبێ، بەڵام من و تۆ ناتوانین چ هیواو ئاواتێکیشمان پێکتر هەبێ. جا هەرچۆنێکە ئەوا ئەو ڕەوتەنییە. ئیدی ئێوە ئازادن و دەبێ مێردێکی بکەی کە دەگەڵ حەز و ئارەزوو و بۆ چوونەکانتاندا چوونیەک بێتەوە و دەگەڵیاندا بگونجێ. ئەقدەس خانم، کەسێکی وا هەڵبژێرن، کەگیانی ئێوە دەرک بکا؛ کەسێک کە لە پێویستییەکانی ناخی ئێوە بگات. دەمەویست ئا ئەوەتان پێ بڵێم. من هەمیشە ڕێزم بۆ ئەو ئازادییەی ئێوە هەیە و زۆریشی حەز پێدەکەم. من ئەگەر هاوسەری ئێوەش نیم براگەورەی هەمیشەیی ئێوە دەبم.

من بەدوای کچێکی وەک ئێوەوە بووم، جا سەیرکە بەدبەختییەکە لە کوێیە؟ ئێستا ئەقڵم بە شتی دەشکێ، تازە تێدەگەم ژیان چییە؟ ئێستاش کە دۆزیومەتەوە، بۆ بەدبەختیان تازە درەنگ بووە و تێپەڕیوە. من هەرگیز ناتوانم ژنێکی چارشێو بە سەری نەدیتە و نەناسیاو بێنم. ئا لەم لایەنەوەیە کە ئێمە هەردووکمان تووشی یەک بەدبەختیە بوو وین.

تۆ هێشتا هەڵت لەبەر دەمدا هەرماوە. ئێستا دەزانی کە دەمەوێ چ بڵێم. ئەگەر تەمەنم کەم بوایە، نەمدەتوانی خوازیاری ئێوە بوومایە ئەویش لەبەرئەوەی بوو ئەو دەمی نەمدەتوانی هەست بەوە بکەم و بزانم کە ئێوە چین و چی نین. ئەقدەس خانم، زۆر شتی دیکەش هەن، بەڵام من ناتوانم بیانڵێم، و ناشبێ بگوترێن..."

ئەقدەس خانم زۆری حەز دەکرد دکتۆر هەروا سکاڵا و دەردە دڵەکانی خۆی بۆ بکا. حەزی لێبوو کە دەگەڵ ئەو پیاوەی لێک نزیک بایە و هەر وانە و پەند و ئامۆژگارییەکانی ژیانی لێوە فێربایە. هەر



ئەو ڕۆژە بابی ئەقدەس خانمێ مرد، ڕەنگە ئەگەر نەمردبایە ئەو هاوسەریەتیە سەری گرتبایە.

*

هەواڵی سەخت و ناخۆشی چەند ڕۆژ لەمەوپێشی نەخۆشی ئەقدەس خانمێ شتێکی تازە بوو بۆ من. گوتیان کە دووچاری ڕەوانییە خوێن بەر بوونێ بووە و هەر خوێن دادە نیشێ و حاڵێ یەکجار شڕە. لە چرپ و چۆپان و فسکە فسکی کچە پوور و پیرەدایی و شڵە ژانی براو دایک و خوشکەکانیشەوە دیار بوو کە ئاریشەکە وەک دەڵێن هەروا سادە و ساکار نییە.

کچە پورێکیان بەلای مندا تێدەپەڕی و لە بەرخۆیەوە قسەی دەکرد و دەیگوت: "ئای کاکیلە، ڕەوانی خۆ هەر نەخۆشییە هەژار و بێ دەرەتان و نەدار و بێکەس و بێدەرانە. هەمووشتێکی لەمە دەشارنەوە. سەیرکەن مێردەکەی چ دارێکی لە ڕووحی داوە، ناشیانەوێ بیڵێن"

"بەو پەڕی داخی گرانەوە مەرگی ئەقدەسی... خوشک و کچی... ناکاممان بە ئێوەی ئاشناو ڕۆشناو کەس و نزیکانمان ڕادەگەیەنین. پرسەی ژنان لە ماڵی خوالێخۆشبوو... پرسەی پیاوان لە مزگەوتی... یە... ڕۆژەی... دەست پێدەکات."

ئەو هەواڵە کە دە ڕۆژنامەیدا بڵاکرابۆوە، زۆری دڵگیر کردم. ئەو ژنەی کە هەموو هێندەیان بەبەختەوەر دەزانی، کچێک کە بە حەز و ئارەزووی خۆی مێردی کردبوو و یەک هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی نابوو، هەروا زوو، دوای ساڵێک و چەند مانگێک ماڵ و مێردایەتیە، چۆن دەبێ بمرێ؟

*

لە پرسەی لەبەر دەرکێ دە ئەمیرخانیەوە هەڵەنگوتم. دەگەڵ ئەوەشدا کە زۆرم رق لەو هەتیوەی دەبۆوە، دەستە ئارەقاوییەکەیم گوشی. دواییش کاتی رۆینێ دەگەڵ پزیشکی بنەماڵەیدا، کە یەکێکە لە ئاشنا و دۆستەکانم تووشی یەک بووین. پێکەوە لە مزگەوتێ وە دەرکەوتین و هەرواماوەیەک رۆیبووین. دەستیم توندگوشی و ئەویش زوو تێگەیشت کە دەمەوێ سەرەخۆشی مەرگی ئەقدەس خانمێ لێبکەم. پزیشک بە چاکی دەیزانی کە من ئاگام لەو خوازبێنیەی وی هەیە، چەند سەد هەنگاوێکان پێکەوە، بەبێ ئەوەی ورتەمان لە زارییەوە بێت، رۆیشتین. ئیدی من خۆم رانەگرت و گوتم: "کاکی دکتۆر، تا خوا حەزدەکا دڵگیرم. بەراستی مردنێکی ناخۆش بوو."

– بەناکامی مرد.

ـ ئەرێ دکتۆر، چی بوو؟ ئەوە چۆن بوو؟

دکتۆر: "بۆ ئێوە نازانن؟."

ـ نەء، من ئاگام لە هیچ نییە. تەنیا هەر ئەوەندەم بیست کە تووشی رەوانییە بووە، بەڵام... ـ سەیرە!

بەو تەنیا وشەیە دکتۆر قسەکەی پێ بڕیم و من تێگەیشتم کە نایەوێ لەم بارەیەوە شتێکم دەگەڵدابڵێ– دووبارە بێدەنگ بووینەوە و کاتێ رێگاکەمان لێک جودابۆوە. ماڵئاواییم کردو رۆیشتم ئەو دەمی دکتۆر گوتی: "رۆژێکی وەرەوە هێندێک قسان پێکەوە دەکەین."

*



چوار پێنج مانگێک دوای مردنی ئەقدەس خانمێ. دوێ شەوێ ئەمیرخانم لە ئوتێل "گێتی"دا دیت. دکتۆرم وەبیرهاتەوە. بڕیارمدا بە دەنگ بانگهێشتنەکەیەوە بچم و سەرێکی لێ هەڵێنم. هەر لە ئێوارێوە چووە مە ماڵییان. عەیادەکەی هێشتا هەر پڕبوو. هەروا چارەکە سەعاتێکی هێشتمەوە و کاتێ نە خۆشەکانیشی بەڕێکردن، هاتە لای من.

گوتم کە دوێ شەوێ ئەمیرخانم دیوە کە هەمدیس دەنێو کابارێیاندا وێڵ و وەیلانە و بەبیرم هاتۆتەوە کە بێم و کەمێک پێکەوە بدوێین. دکتۆر دڵی پڕ بوو. هەر ناو هێنانی ئەمیرخانی بەس بوو بۆوەی قسەکانمان دەربارەی ئەقدەس خانمێ بن و لە دەور و خولی وی وەسوڕێن، شتێکی سەیری پێگوتم. لەو خوێن ساردییەی دکتۆر ترسام. پرسیم: "باشە دکتۆر ئێوە چۆنتان ویرا؟"

ـ ویرانی نەدەویست.

ـ ئاخر بەڵکە چاک بووبایەوە. باشە ئەگەر کەسێک "سوبلەمە" ی بخوا لەوانە نییە چاک ببێتەوە؟

ـ قسەکە لێرەدایە، ئەوە گریمان چاک دەبێتەوە، لێرە بەزمانی هاملێتانەوەت دەدوێنم. ئایا ژیان بە ئەندازەی ئەو ئازارە کوشندەیە بە نرخە کە مرۆڤ دەیچێژێ! ئەمەیانم بە گاڵتەوەیە، بەڵام باسەکە ئەوەیە کە ئایا دەکرا ئەقدەس خانمێ لەو ئازارەی رزگارکەی و هێوری کەیەوە، یان نا. ئەوە گریمان چاکیش بۆوە، تازە لەوەی دەرچوو بوو دە ژیاندا ئاسوودە بێت.

پرسیم: "باشە دکتۆر، تۆ بە هیچ شێوەیەک و یژدانت ناراحەت نییە؟ خۆتان بە بکوژ نازانن؟"

ـ ڕاستییەکەی ئەگەر بمزانییایە تۆش هەروا بیردەکەیتەوە هیچم بە تۆش نەدەگوت. کەس ئاگای لەوەی نییە کە من ئەوم ڕزگار کردووە وانییە.

ـ دکتۆر: ئەوە یانی چی؟ تۆ مرۆڤێکت لە ژیان کردووەو دەشڵێی گوایە ڕزگارت کردووە؟ پزیشک قسەکەی منی پێخۆش نەبوو.

– وانیە، کۆمەڵگایەک کچێکی پڕ کەف و کوڵی سەرزەنشت دەکرد و گیانی هاتبووە سەرلێوی، من ئازارەکانیم کەم کردەوە. وەڵامی دکتۆری منی دەبیرەوە برد. ئیدی لەسەر ڕۆیشتنی بێ سود بوو. دکتۆر لە وانە نەبوو. ئەگەر بۆ خۆی نەیەوێ بکرێ قسەی لێ دەربێنی.

پرسیم، جا باشە ئەدی هۆی خۆکوشتنەکەی چ بووە، هەر خێرا گوتی: "بڵێم چی؟ کەسوکارەکەی دەڵێن گوایە لەبەر دەست بلاوییە ئەمیر خانی وە زاڵە هاتووە."

ـ ئێ باشە، دکتۆر ئەو شتانە ئەوەندە ناهێنن تا مرۆڤ خۆی لە پێناودا بکوژێ.

*

خۆ تێهەڵقورتاندنەکانم دانەدەمرکانەوە. کەوتمە سەر و سۆراغی قەرەواشەکەی ئەقدەس خانمێ، لە قسەی فاتمە سوڵتانێوە ئاوایان بۆ گێڕامەوە: "وای، بۆ مرۆڤ لەبەر ئەو قسانە خۆی دەکوژێ؟ نانت نەبوو، ئاوت نەبوو، لە چیت کەم بوو؟ بەتاو بار میوە و شیرینی دێنایەوە ماڵێ. شیری باڵندە و ڕۆحی بنیادەمانی ویستبایە، بۆی دێنایەوە. جل و بەرگ، پۆشاک ئەوە هەر مەپرسە، ئیدی چ بڵێم، ڕەنگە هەرچی بیڵێم باوەڕ نەکەن. بریا ڕۆژێکی بۆ خۆتان



دەهاتنە ماڵەکەی و بەچاوی خۆتان دەتاندیت، داخوا چ جۆرە موبیلیاتێک و کورسی و قاڵی، چ پەردەهایەکتان دەدیتن! وەک زیخ و چەوانی پارە خەرجەدەکرد. چووزانم بۆ چی خۆی کوشت؟ ئەو کچانە هەروان. ئەو خۆشییەی. بەخۆی ڕەوا نە دیت. دڵی پێ تێکەڵ دەهات. بەڵێ ماوەیەک بوو پێکەوە نە دەچوونە دەرێ.ئای ئەقدەس خانم بە بێت نەژیم، پێیدەگوتم: فاتمە سوڵتان دەزانی من بێزم لە خواردنی ئەو ئوتێلانە دەبێتەوە. ئیدی لە مەودوا ناچم. ڕاستیەکەشی هەروا بوو. هەرچەندجارێکی دەچوو و دەهاتەوە دوو سێ ڕۆژان نەخۆش دەبوو، بەڵام ئاغا حەزی لێبوو. کەیفی پێدەهات، دەچوو. منیش دەمگوت: خانم گیان، غەمێ پێ مەخۆ، لێبگەڕێ بائاغا بۆ خۆی بچێ. هەر دەگەڕێتەوە. قەیدی چییە؟ ئاخر ژنیان ژن گوتووە وپیاویش پیاو. گوتوویانە ژن بۆ ماڵێ. پیاویش بۆ دەرێ. ئەوە دەست بلاویش بوو، تۆ هەقت نەبێ، بە تۆ چی؟ خۆ پارەی تۆ خەرج ناکا؟ خۆ لە دەمی تۆی ناگێڕێتەوە؟ چ ڕۆژێکی بووە چڵە و کەبابی چەور و گەرمت وە پێش نەنێ؟ ئەوە داشماننا شەوێکی قۆڵی دە قۆڵی ژنێکی نا و چووە گەڕانێ، بە تۆچی؟

"دەمگوت: خانم، ڕۆژێکی هەر دەگەڕێتەوە. لێبگەڕێ با چ دەکا بیکا، کەچی ئەو هەر خۆی دەخواردەوە. سەردەمی مە چ وانە بوو. ژنانی ئەم سەردەمە، هەی بابە جۆرێکی دیکەن.

ئاخ. با هەستم بچم ئیشەکانم بکەم. هێشتا ژوورەکەم هەڵنەوێژاردووە، بێزت لێی دەبێتەوە." فاتمە سوڵتان دەمێکە لەو خانووەی نەماوە کە ئەقدەس خانم و ئەمیر خانی پێکەوە تێدا دەژیان، هەرچەند ڕۆژێکیان دوای مردنی ئەقدەس خانمێ دەرکەوت

که ئەمیرخان منداڵێکی له ژنه پۆڵەندەییەکی بووه و داکێ ئەمیرخانی هاتبوو فاتمه سوڵتانێ بەرێت و سەرپەرشتی و دایەنییه ئەو منداڵەی بۆ وەخۆ بگرێ.

*

پزیشکی بنەماڵه ئاگای له هەموو نهێنییەکانی نەخۆشەکانی خۆی هەیه. کاتێ ئەو راستییەم پێگوت، پێی شتێکی سەیر نەبوو. به پێچەوانەوه پێی گوتم: "من هەر له هەوەڵ رۆژەوه دەمزانی که ئیشی ئەوانه تاسەر نابێ. ئەگەر ئێوەش ئەقدەس خانمتان وەک من ناسیبایه، که دەیناسم، دەتانزانی که بەڕاستی من ئەوم رزگار کردووه."

- ئاخر دکتۆر، ئەمه وا شه و واش نییه، ئێوه چۆنتان رزگار کردووه, ئێوه کوشتووتانه.

پزیشک پیاوێکی به ئارام و له سەرخۆ بوو و تووڕه بوونی من چ کارێکی دەوی نه دەکرد.

- براله، ئێوه هەروا سەرپێی قەزاوەت دەکەن. هۆیەکەشی هەرئەوەیه که ئێوه هەموو شتێکی نازانن و ئاگاتان له هیچی وانییه. ئەوه گریمان ئەقدەس خانم چاک دەبێتەوه، ئەو ژنێک نەبوو واز له ئەمیرخانی بێنێت و دەستبەرداری بێت. دەمویست له قسەکانی دکتۆریدا هەڵدەمێ و بڵێم: به جەهەننەم! باچووبایەوه لای داکی، لای برایەکەی. بۆ خۆی کاری کردبایه. پارووه نانێک هەر دەبوو بیخوات، خۆ نان له قاتییه نەبوو.



بەڵام سەر و رووه مەردانەکەی دکتۆری مۆڵەتی قسەکردنێی نەدام، وەک بزانێ چ بیرێکم ده کەللەی خۆمدا ئامادە کردووه و دەمەوێ چ وەڵامێکی بدەمەوه، درێژەی بەقسەکانیدا.

"یانی پێیان وایه داخوا ئەقدەس خانم بۆ پارەی شووی بەو پیاوەی کردووه. ئەقدەس خانم نەیدەتوانی چیدی لەو ماڵه داکەیدا بمێنێتەوه... برایەکەی ژیانی تاڵ کردبوو. له راستیدا هەر بنەماڵەکەیان بوو وای له ئەقدەس خانمێ کرد که له هەوەڵین هەلێکدا هەر پیاوێک روویەکی خۆشیی پێشاندات و لایەکی لێبکاتەوه، ئەو خۆی پێدادا. ئەگەر چاکیش بووبایەوه، هەر نەیدەتوانی بچێتەوه ئەو ماڵه.

بەو توانستەیەوه که هەیبوو ناچار بوو تەمەنێک دەردەسەری بچێژێ. ئەگەر چاکیش بایەوه و رزگاریشی بایه، ئەو دەردەسەری و چەرمەسەرییەی که لەماڵێ ئەمیرخانی دەو کۆمەڵگایەدا که تێوەی گلابوو و له ماڵی برایەکەی دەیچێشت، هەزار جار توند و تیژی و به ئێش و ئازارتر بوو لەو ئەشکەنجانەی که له دوا ساتەکانی ژیانیدا دەیکێشا."

- دەگەڵ ئەوانەشدا تۆ هەقی ئەوەت نەبوو بیکوژێ. رەنگه کەوتبنه ژێرکاریگەرییه ئەو هەستەوەریه کەسیانەی خۆتانەوه که بۆ ئەقدەس خانمێتان دەدڵیدا بوو. هەر نەبایه کەمێکتان له ئازارەکانی کەم کردبایەوه. بەڵام رێی ده دیش دەژیاندا هەن.

هیچ پێویستیش نەبوو بچێتەوه ماڵێ ئەمیرخانی، یا ماڵێ برایەکەی. پێویستیش نەبوو ئەو کۆمەڵگایەی که به بڕوای ئێوه

ئازاری دەدا، تێیدا نغرۆبێت. ڕێی دیکە، ڕێی زۆرانبازی و ململانێ دەگەڵ ئەو کۆمەڵگایە و وەرگێڕانی هێشتا هەر ماوە.

ـ ئاخر، کاکی خۆم. یەکێک سوبلەمەی خواردبێ، ڕزگار ناکرێ.

ـ ئەوە قسەیەکی دیکەیە.

ـ جگە لەوەش کاکی... من ئەقدەس خانمێ چاک دەناسم... بۆ بەدبەختیەش بەدرەنگەوەم ناسی.

پرسیم: "دکتۆر چۆنت ناسی؟"

دکتۆر سەرنجی دە کتێبەکانی سەرمێزەکەوە بڕی. یاری بەو قەڵەمە دەکرد کە بە پێچکە وەرشەویەکەی مێزەکەوە شۆڕ ببۆوە خوارێ. کەمێکی بیرکردەوە و دوایە ئاوای بۆ گێڕامەوە: دووەمین ڕۆژی سەرجێی نەخۆشییەکەی بوو، داوای لە دایک و خۆشکەکانی کرد کە چەند دەقیقێکانی دەگەڵ دکتۆریدا بەجێ بێڵن، و دوای ئەوەی کە دڵنیا بوو ژوورەکە کەسی لێ نییە، ئاوای بە دکتۆری گوتبوو:

ـ هێشتاش منت هەر خۆشدەوێ؟

ـ ئەقدەس خانم...

ـ دکتۆر وەڵامم بدەوە، هێشتاش هەر دەتەوێم؟

ـ بەڵێ.

ـ دکتۆر ئەگەر من لە مێردەکەم جیاببمەوە، ئامادەی دەگەڵ مندا بژیت؟

ـ بەڵێ، بەڵام بەو مەرجەی تا ئەوکاتەی کە لە نەخۆشخانەیت، بە تەواوی گوێڕایەڵ بیت و هەرچیەکی دەیڵێم بە قسەم بکەیت، تا چاک دەبیتەوە.



ـ دکتۆر، دەردی من بێ دەرمانە. من سێ دەنکە حەبی سوبلەمەم خواردووە. تۆ خۆت، ئەو دەمەی کە لە نەخۆشخانەمدا ئیش دەکرد، پێت گوتم کە ئەگەرکەسێک دوو دەنکە حەبی سوبلەمە بخوات، ئیدی تەواو، هەموو چارەسەریەکی بێ سوودە. دکتۆر من سێ دەنکیشم خواردوون.

ـ لە کوێت بوون؟

ـ دکتۆر، ئێوە بۆ خۆتان دەزانن لە کوێم بووە؟ بە بیرتانە کە لە نەخۆشخانە سێ دەنکە حەبی سوبلەمە و نبوون و ئێوە هەر لە منتان دەویستنەوە و من گوتم: "ئاگام لێ نییە. من هەڵمنەگرتوون".

ـ دەتەوێ بڵێی کە من هۆی ڕاستەقینەی مەرگی ئێوەم؛

ـ نا، دکتۆر، ئەگەر ئێوە منتان خۆشدەوێت و هەر وەک کە ئێستاش گوتت ئامادەی دەگەڵمدا بژیت، ڕزگارم کە. ئێوە دەبێ من ڕزگارکەن. ئێوە دەبێ لەو ئازارەم ڕزگار کەن کە دەیچێژم. دکتۆر ئەوە بەلای ئێوەوە ئاسانە. خۆ ئێوە دەزانن کە تازە من چاک نابمەوە.

ـ ئەقدەس خانم ئەو دەنکە حەبانەت بۆ هەڵگرتن! بەمەبەستی خۆکوشتێنەوەت هەڵگرتن؟

ـ دکتۆر، تەنیا لەبەر خاتری ئێوەم هەڵگرتن. پێموابوو کە بۆ هێنانێمت زۆر پێ دادەگری. دەگەڵ ئەوەشدا کە تۆم نەدەویست بڕیارمدا، داواکاریەکەت بەخۆشی و بە ناخۆشی هەر دەبێ خۆمان بفرۆشین. ئەو سێ دەنکە حەبانەش بۆیە بوون ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ژیانم دەگەڵ تۆدا پێنەچووە سەرێ، نەگەڕێمەوە ماڵێ.

دکتۆر من ئامادە بووم بۆ خاتری ئێوە گیانی خۆم دانێم. ئێوەش غیرەتتان بێت و ئاسوودەم کەن.

دکتۆر پرسیبوویەوە: "ئەقدەس خانم، باشە خۆ من زۆریم لە ئێوە نەکردبوو و فشارم بۆ نەهێنا بوون."

ئەقدەس خانم دێتە نێو قسەکانیەوە: "ئێوە فشارتان بۆ من نەهێنا. بەڵام ئەگەر داوایەکەتان بکردبایە، لەوانەبووبیمە ژنی تۆ... بەڵام کاتێ کە بۆ یەکەم جار داوایەکەتانم لە دەموزاری بابمەوە بیست، تۆش بۆمن بوویە "خوازیار"... دکتۆر "خوازیار" شتێکی زۆر گەورەیە. دە تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت، پیاوێکی ناناسی و دێتە ماڵێ. ئێستا دەربارەی هاتنی کەسو کارەکانی چ ناڵێم. وەک ئەوەی کە نیزە (جاریە) یەکی بێننە بازاڕی و لەش و لار و ئەندامەکانی پێشانی خەڵکی دەن.

لەو دەمەیەوە کە تۆیان بە "خوازیار"ی من لەقەڵەمدا. هەرکاتێ کە دەمدیتیت، پێموابوو خەریکن بە چاوەکانتان لە سەر جلەکانمەوە، دەست بە لەش و لار و ئەندامەکانی مندا دێنن. پیاوێکت نەدیوە و نەناسیوە و دێتەماڵێ، یەکسەر خۆی بەگەورە و فەرمانڕەوای تۆ دادەنێ. بەتایبەتی لاساریم دەکرد. بێ ڕێزیم بەرامبەر ئێوە دەکرد. ئەو چایەی کە بۆم دێنان، بە ئانقەست دەمرژاندە نێو ژێرپیاڵەکەوە. تڵپە چایەکەم بە لێوی پیاڵەکەوە دەلکاند... ئاخ دکتۆر، جەرگم هاتە دەرێ، بیرێک لە حاڵی من بکەنەوە."

– زۆر چاکە. بەڵام کاتێ کە باوکتان مرد و ئێوە ئازاد بوون و دەتانتوانی مێردی خۆتان هەڵبژێرن، ئەو هەتیوە هەرزە و نەفامەتان بۆ هەڵبژارد.



– دکتۆر، خۆ تۆ پیاوێکی تێگەیشتووی، ئێوە بۆ وا بەم شێوەیە قسە دەکەن؟ کەی ڕێی منیان داوە؟ کەی وازیان لێ هێناوم تێبگەم داخوا ئەو هەتیوە هەرزەیە یانە نا. هێشتا نەمناسیبوو هەر چوار لایان لێ تەنیم. هەموو شەو و ڕۆژێکی هەر تانەو تەشەر بوون تێیان دەگرتم، سەرەتای ئەو ڕۆژانەی کە ناسیم و منی گەیاندەوە ماڵێ، هەر بیریشم لە هاو سەریەتیەی و دەگەڵدا ژیانێی نەدەکردەوە. بەڵام هێندەیان سوژناژۆکردم ڕێی گەڕانەوەم نەما، کاتێکیش کە دایکم بۆی ساغ بۆوە کە دەگەڵەویدا دەچمە گەڕان و سوڕانێ، ئیدی هەر بە یەکجارەکی چارەم نەما. دەگەڵ ئەوەشدا کە دەمزانی خەریکم خۆ دە چاڵێ باوێم، ئاخر دکتۆر، ئاسوودەم کە...

و دکتۆر ئاسوودەی دەکا.

سوربوونی من ئەوەیە کە بە هەر نرخێک بووە، ئەو کارەی تاوتوێ کەم، هەر بۆیەش وای لێکردم سەرێک لە فاتمە سوڵتانێ بدەم. دەمویست دوایین بە هانەی خۆ کوشتنێ ئەقدەس خانمێ بدۆزمەوە. لە دوای ئەمیرخانێوە کە من لە دیتنێی بێزار بووم، فاتمە سوڵتان یەکێک بوو لە هەرە کەسە نزیکەکانی ئەقدەس خانمێ.

فاتمە سوڵتان دڵنیای کردمەوە لەوەی کە هیچ کەسێک نەزانێ و تەنانەت خودی ئەمیرخانیش ئاگای لێ نییە.

شەوێک پێش ئەوەی کە سوبلەمەی بخوا، دووبارە لەسەر دەستە جلێکی لێیان بۆوە هەرا. دیسانەوە ئاغا دەستە جلەکەی بە مقەستان هەموو دادڕ دادڕ کرد و هەزار تومانی دایەوە خانمێ تابچێ دەستە جلێکی دیکە بکڕێ. ئیدی من ئاگام لێبرا:

ئاگات لێیە تاریک و روون بوو کە دکتۆر لە ژووری خانمێ هاتە دەرێ و گوتی: تەواو بوو. "ئەمیرخان منی بانگکرد و گوتی: برۆ جلە رەشەکانم بۆ دەرێنە و بیهێنە. چووم ئەو جلانەی داوای کرد بوون بۆم هێنا. کاتێ کە پانتۆڵەکەی لە پێکرد، دەستی دەگیرفانەکەی نا، وەک ماری پێوە دابێ، دەستی کێشایەوە دەرێ و دە دانە ئەسکەناسی سەد تومانی لە ناو پەنجەکانیدا بوون. هەمووی بێر و بەوێدا هەڵدان. من هەڵمگرتنەوە. دوو سێ شەوی دیکە کە دەنگ و بەنگ نەما، ئێوارەیەکیان دەمەو لای شەوێ بوو، بە ئۆتومبێلێکەوە هاتەوە. ژنێکی سەروپرچ رەشی لە پێشەوەو دەگەڵ دانیشتبوو، پێی گوتم: برۆ ئەسکە ناسەکان هەڵگرەوەو بیانهێنەوە. دانەبەزین. چووم هەر دە پارچەکانم هێنان، هەمووی ژماردنەوە، دەگیرفانێی نان و پێکەوە لێیاندا و رۆیشتن٢٠-٢٠٠٥/١/٢١

---

لە کتێبی/ گیلەمرد. بزرگ علوی. چاپ دوم ١٣٨١ مؤسسە انتشارات نگاه ـ ەوە کراوە بە کوردی.

**ـ غەریب ـ**

## ((گیلانی))

***نووسینی/ بزورگی عەلەوی***

باران حەشری دەکرد (با) چەنگی داویشت و دەیویست زەوی لەجێی خۆی هەڵکەنێ. پیرە دارەکان کەوتبوونە وێزەی گیانی یەکتر. لە جەنگەڵێوە دەنگی شیوەن و گریانی ژنێکی دەهات کە بە دەم ئازار و ژانەوە دەینالاند. گڤڤە و هاشەی (با) هەوساری ئاوازە کپ و خاموشەکانی پساندبوو. گەواڵە و ڕێژنەی بارانێ ئاسمانێ تاریک و نووتەکیان بە زەویی قوڕولیتاوییەوە دەدروی.

رووبارەکان هەستابوون کەفیان دەردا بوو و هەموو جێیەک هەر ئاو بوو.

دوو یاساوڵی تفەنگ بەدەست "گیلانی" یان بۆ (فومن) وە پێشە خۆیان دابوو و دەیانبردە وێ. ئەو پەتوویەکی خۆڵەمێشی بە سەرملیدا هێنابوو و ئەو پرێسکەیەی کە بەپشتییدا شۆڕ ببۆوە توندی گرتبوو. بێ گوێدانە هیچ با و بۆران و یاساوڵ و دار و باری جەنگەڵ، یاتفەنگ و مەرگ و مردنێک بە پێخواستی بەناو ئاوێدا هەنگاوی لەسەرخۆ و کورتیلکەی داویشتن. دەستی چەپی شۆڕ ببۆوە، وەک قورس بوونێ وابوو. لەژێرەوە دەو یاساوڵەی کە بەتەکیەوە دەڕۆیی و سەرە نێزەکەی کە بە ئەندازەی بستێکی لە ئانیشکی دەستە راستێوە دوور بوو و ئاوی لێ دەتکایەوە دەڕوانی.



قۆڵی چاکەتەکەی کورت بوو و ئەو ئاوەی کە لە پەتووەکەی را دەچکایەوە، زۆر بە سانایی دەچۆڕایە وێوە. گیلانی هەر تاوە نا تاوێک پەتووەکەی بەردەدا و پرێسکەکەی دەگواستەوە دەستەکەی دیکەی و ئاوە چکاوەکەی ناو قۆڵی بە تاڵ دەکردەوە و دەستێکی بە سەر و چاوی خۆیدا دێنا، هەر راست وەک ئەوانەی دەستنوێژێ دەشۆن و دوایین دڵۆپە ئاوی دەموچاویان دەسڕنەوە. تەنیا ئەو دەمانەی کە ترووسکەی چرای ڕێبوارێک روخسارە پانکەڵە ڕەقەڵانەکەی و چاوەگەوەرەو سپییەکانی و لووتە شکاوەکەی رووناک دەکردەوە، ئەو ترسە دەق بەستووە مەییوەی سەر دەموچاو و روخساری وەدەر دەکەوت.

یەکەمین یاساوڵ کە ناوی محەممەد وەلی کە وەکیل باشی بەندیخانەی "دلپەری" بوو هەراسانی لێهەڵگرتبوو. قسەی سوک و ناخۆشی پێدەگوت. جنێوی پێدەدا و هەموو ئەو ناخۆشیانەی ئەو رێیە دوور و درێژ و باران و سەرمای پاییزەی کە چێشتبووی لەچاوی ویرای دەدیت و هەمووی بە ئیوی دەزانی.

شەڕانی، بێگانە پەرست. باشە تۆ دەتویست چ بکەی؟ دەتویست گێرەشێوێنییە بکەی! پێتوایە مەملەکەتی بێ خاوەن و بەرهەڵدایە..."

محەممەد وەلی وشەی "بێگانە پەرست" و "شەڕانی" لە فەرماندەوە فێرببوو و فەرماندەش لە رادیۆ و چاپەمەنییە میللییەکانەوە.

"ئەوە شەش مانگە دەوڵەت هەر هاواریەتی، دەڵێ وەرن هەقی ئەربابەکانتان بدەن، کەس گوێ دەداتێ، خوویان بە مفتە خۆرییەوە گرتووە. ئەوە خەون بوو دیتتان. ئەوە نەما، رۆیی، سەردەمی

بەرەڵڵاییە تەواو، بەسەرچوو. باشە ئەدی موڵکدار چۆن بژی؟ باج و خەراجی چۆن بدا؟ ئەگەر دەوڵەتیش پارە و پوولێکی نەبێ، ئەدی ئەمە چ بکەین. هەروەک پارتان کرد، چوار مانگی تەواو مووچەیان دواخستین. بەڵام ئیدی دەوڵەت بەهێز بووە. بەلشەویک بازی تەواو. ئەوە مانگێکی خشتە هەموو رۆژێ دێمە قاوەخانەی لەم ئاواییەیرا دەچمە ئەو ئاواییەی: دەڵێم بابە وەرن هەقی ئەربابەکانتان بدەن. بەیاننامەی دەوڵەتم هێنا، لە دیواریم دا، بۆم خوێندنەوە کە ئەگەر مسکێن نەیەن و هەقە موڵکانە نەدەن با موڵکدار "بچنەلای سەرکار... یا فەرماندەی پادگان... و لەوێ لەرێی ئەمنییەوە هەرچی هەقێکی موڵکانەیە لێیان وەرگیرێ" پێشم گوتوون کە دان و نەدان یانی چی؟ بەڵام بۆ بیستیان؟ باشە ئێوە دەڵێن: مالک زەویمان بدەیە، تۆومان بدەیە، پارەی ئاو دێریەش لەسەر خۆت و لەوسەریش دەست لە ئەژنۆیان درێژتر. نەهەقە موڵکانە و نەقەرزی سەودا و سەلەمێ هیچیان نەبێ! ئێستا دەوڵەت بە توانایە و دوو بەرابەری وەردەگرێتەوە. ئێمە هەین. لە جارانیش ملهوڕترین. جل و بەرگی ئەمەریکایی، پاڵتۆی ئەمەریکایی، ئوتومبێلی ئەمەریکایی، هەموو شتێک، هەرچی بڵێن هەمانە. بۆ کەس گوێ دەدانتێ داخوا بەشی موڵکداری چییە؟ خۆ خوانە خواستە تەنانەت پیاڵە چایەک چییە بە من ببڕێ. ئێستا... ئێستا..." و ئەو جا قاقایەکی لێدەدا و دەیگوتەوە: "ئێستا، بە خزمەتتان دەگەن. بڵێ بزانم تۆ ئیشت چییە و چ بووە؟ رابەر بوو وی؟ خوێندەواری..." گیلانی گوێی نەدەدایە ئەو قسانە و هەروەڵامیشی نەدەدایەوە لە "تەولەم"ەوە تا ئێرە چوار سەعاتە بەرێوەن و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا محەممەد وەلی وەکیل



باشی وازی لێنەدەهێنا. هەرەشەی دەکرد، قسەی سووکی دەگوتن، کۆنە حیسابی پاک دەکردنەوە. گیلانیش هەر تەنیا دەبیر و خەیاڵ و لێکدانەوەی ئەوەیدابوو چۆن هەڵێ ئەگەر لەو چەکەی بەدەست وەکیل باشییەوەیە، یەکێکیان بە دەست وییەوە دەبوو، پێیان نەدەگیرا، ئەگەر چەکی دەبوو هەرگیز ئاوا لەناو مەزرایەیان نەدەدیت تا چەتەوڵ بێن و ئاوا بە مفتی بیگرن و بیبەن. ئای لەو تفەنگە چاکانەی پێیانە! ئەگەر سەد دانە لەوانە بەدست "ئاگول" یەوە دەبوون. کەس نەیدەتوانی پێ دە لێرەواری نێ. ئەگەر لەو تفەنگانەی دەبوو، زۆر شتی کە ئەورۆ هەن هیچیان وا نەدەبوون. ئەگەر ئەورۆژە تفەنگی پێدەبوو، ئەورۆ "سوغرا" زیندوو بوو ئەویش ناچار نەدەبوو لەبەر خاتری منداڵە شیرەخۆرەکەی بێتەوە ناو مەزرایە و ئاوا قسەی سووکی ئاگوڵ لولمانی قبوڵ کات کە پێیدەگوت: "تۆ پیاو نیت، تۆ ژنانیت."

ئەگەر سەد دانە لەو تفەنگانە بە دەست ئەو و ئاگول لولمانییەوە دەبوو کێ دەیتوانی باسی موڵکانە هەر بکات. جا تفەنگ چییە؟ هەر لیسێکی ئەستووری وەدەست کەوێ. کاری ئەو شێرە وەکیل باشیەی دەدیت.

خۆزگە باران رادەوەستا و ئەو دەیتوانی لیسێکی پەیداکات. ئەو دەمی خۆی لێ لە عەردی دەدا، بە یەک بازرەقەوە راست دەبۆوە هەر لەچاو تروکانێکدا لیسێکی وای داخاوتە سەرەنێزەی چەکەکەی کە تفەنگەکەی لە دەست پەرپیبایە... ئەو دەمی ئیشی دەدیت... بەڵام یاساوڵی دووەم سێ هەنگاوی لەپێش وییەوە رێ دەکرد! دیار بوو ئەوەی لێ ببووە تەنگوچەڵەمەی پیلانەکەی. ئەوی نە دەناسی.

هێشتا روخساری نەدیتبوو، یەک و شەشی دەگەڵدا نە دوا بوو. کوشتنی کەسێکی نەدیتوو و نەناسیاو کارێکی هەروا ئاسان نەبوو. ئۆی، ئەگەر بکوژی سوغرای وەگیر دەکەوت. دەیزانی چی لێدەکا. هەر بە ددانان قرقرتۆکەی هەڵدەبڕی. بە نینۆکانی چاو دەردێنان... گیلانی لەرزی، سەرنجیدا. دیتی محەممەد وەلی بە تەکیەوە دەڕوات و ئاوی لەسەرە نێزەکەی دەتکێ لە جەنگەڵێوە دەنگی زریکەی ژنێکی بێ ئاگا دەهات. هەر لەبەر خاتری منداڵەکەی بوو وا ئەمڕۆتێکەوتبوو و گیرابوو. قسەکە ئەوەیە داخوا ئەوانە تا چ ئەندازەیەک ئاگایان لە بار و دۆخی وییە. تا کوێیان ئاگا لێیەتی؟ محەممەد وەلی پێیگوتبوو: "خان نایب گوتوویەتی یەکسەر وەرە بۆ فومن و بڕۆوە. دەیانەوێ بزانن کە چ ئاگایەکت لە ئاگول هەیە یان نا." نابێ بەقسەی وانە باوەڕکرێ و ئاگول تا دوا ساتەکانی دواییشی بەوی هەر دەوت: "نەچیەوە، نەگەڕێیتەوە مەزرایە!" ئەدی منداڵەکەی چ لێبکا؟ بە کێی بسپێرێ؟ خۆ ئەگەر منداڵەکە نەبوایە کێ ئەوی دەدۆزیەوە. ئەو دەمی تۆڵەی سوغرا چەند سووک و ئاسان دەبوو. دەروەستی سەدانی وەک ئائەوە دەهات. بەڵام ئاگوڵ لولمانی پیاوێکی دیکە بوو. هەر دووچاوی دەنوقاندن و تفەنگی داویشت. بە تایبەتی لەو کاتەوەی کچەکەی مردووە، یەکجار زۆر توند و تیژ تر بووە. ئەو هەروا لەخۆوە دەیتوانی یەکێکی بکوژێ. ئاگوڵ دەیتوانی بە یەک گوللە سەری ئەو یاساوڵەی کە سێ هەنگاوێک لە پێشترەوە بە پۆتینەکانیەوە بەنێو قوڕ و چڵپاوێدا پەلی داویشتن، هەڵتەکێنێ، بەڵام ئەم کارە لە دەست وی "گیلانی" نەدەهات. لەوی ناوەشێتەوە. محەممەد وەلی دیبوو. ئەوی دەناسی،



بیستبوو یەوە رۆژێک هاتۆتە زنجەکەی وی و گوتبووی: "ئەگەر زۆر بە دەست و بردی نەچێتە خزمەت خان نایب لە فومن، ئەوە خنخنۆکەی منداڵەکەی بەسەری نێزەیەوە دەکەم و دەیبەم، تا بە دوای منداڵەکەیدابێت." ئەوەی بە "مەرجان"ێ گوتبوو.

یاساوڵی دووەم لە پێشەوانەوە دەڕۆیی. سێ هەنگاو لەوانەوە دوور بوو. ئەویش لە بیر و خەیاڵی چارە رەشی و بێنەواییە خۆیدا بوو. ئەویان لە (خاش)ەوە راهێنابوو. نەشارەزا لەهیچ جێیەکی هاتبووە "گیلان"ێ. برنجی ئەم ناوەی پێنەدەکەوت، هەمیشە رەوان بوو، سەرمای دەبوو. باران و شێ پرزەیان لێبڕیبوو. بە دوو پەتووانەوە شەوێ دە قەسری. رۆژەکانی هەوەڵی هاتنێی هەر شتێکی کەم بایە لە زنجی گیلانییانی کۆ دەکردەوە. زۆر بەئاسانیش دەتتوانی ناو لەو شتانەی بنێی. "ئەو شتانە کەل و پەلێکن کە گیلانییان بەر لە هاتنی هێزەکانی دەوڵەتی لە ماڵە خان و موڵکدارەکانیان چەپاوڵ کردبوون." بەڵام بەدبەختییەکە دەوەیدا بوو کە ئەو زنجانە هیچیان تێدا نەمابوو. لە تەواوی ئەو شوێنەدا لەتە تیغێک نەبوو ریشی خۆی پێ بتراشێ، جا چ جای ئاوێنە. یاساوڵی بلوچی تامی ئەو ژیانەی چێشتبوو. چونکە بەردەوام ژیانی خودی ئەوانیشیان هەر بە تالان و بڕۆ بردبوو. لەوێ، لە ناوچەی ئەوان خان و بەگلەر وەک سن و کوللە و مار و مێروان پێکەوە بە وڵاتی وەردەبوون و دە ئاواییان دەوکەتن و هەر لەو گاو مانگا و مەڕ و بزنانەوە بگرە تا هێلکە و جوجکە مریشکان، هەرچی هەیانبایە دەیانبرد. بەزەییان بە منداڵ و پیر و پەک کەوتاندا نەدەهاتەوە. داغیان دەکردن. یەک دوو جاران کە خەڵکی ئاوایی ناچار و بێنەوا

و زەلیل دەبوون، کوێخایان دەنارده لای خانی تەک ئاواییەکەیانەوە و داوای کۆمەک و بە هانا هاتنەوێیان لێدەخواست و بەم شێوەیە دێیەکە دەبووە موڵکی خانی تازە.

ئەمەش داستانێک بوو کە بلوچییەکە لە بابیەوەی بیستبوو. بۆ خۆی هەرگیز مسکێنی نەکردبوو. ئەو لەوەتەی وەبیری دێت هەر تفەنگدار بووە و هەمیشە چڵکاو خۆری خان بووە. بەڵام بەمنداڵی تامی تاڵان و بڕۆ و ڕاو و ڕووتی و بێ خانومانی چێشتبوو. یاساوڵی بلوچی کە بیری لە خۆی دەکردەوە ئێستا بۆ خۆی مەئموری دەوڵەتە، دەترسا و سڵی دەکردەوە، چونکە ئەو بۆ خۆی و لەپێش هەموو کەسێکدا دەیزانی کە لە سەردەمی چەتەییەیدا چەند نەفەر ئەمنییە و سەربازی کوشتوون. بۆ خۆی دەیگوت: "هێندەی مووەکانی سەرم" بەلای وییەوە ژیان بێ چەک ژیان نییە. ئەو دەگەڵ تفەنگێ پێکەوە لە دایکبوون، دەگەڵ تفەنگێ گەورە ببوو و هەر دەگەڵ تفەنگێشدا دەمرد، پیاو کوشتنی بەلاوە ئاو خواردنەوە بوو. تەنیا جارێک نەبێ کە لەپیاو کوشتنێدا دڵگیر بووە، ئەویش کاتێک کە بە سواری ئەسپ، وە دووی سەربازێکی دەکەوێ کە وشتر هەڵیگرتووە و هێناویەتە بیابانێ، وشترەی تاین هێزی لێدەبڕێ، و دەکەوێ، سەربازە تفەنگەکەی فڕێدەدات و دەچێ خۆی لە پشت کۆپانی سەرپشتی وشترەکە دەشارێتەوە، بلوچە چەند تفەنگێکان هەڵدەتۆقێنێ و بەلایەوە دەچێ. تفەنگەکەی هەڵدەگرێتەوە و دەیهەوێ سەری کە لەپشت کۆپانی وشترەکە را دیارە بکاتە نیشانە، سەربازەکە هاوار دەکا: "ئامان براله، مەمکوژە." ئەو دەڵێ" "ئەدی چت لێبکەم؟ خۆ نەشتکوژم لە تینوان هەر دەمری! ئەو جا لە



دڵی خۆیدا گوتی: "خۆ فیشەکێکیش هەر فیشەکە." هەوساری وشترەکەی گرتووە و ئاوڕی داوەتەوە: "هەروا هێندێک بەو لاوەترەوە، کانیاوە. بڕۆ خۆت بگەیەنە وێندەرێ." هەروا سەد هەنگاوێکی وشترەکە بە دوای خۆیدا رادەکێشێ و دوایەش دەیهەوێ بەرهەڵدایکات، چونکە بەکەڵکی نە دەهات. سەیر دەکا نابێ سەربازە و وشترەکە هەروا پێکەوە بەرهەڵدابکات، وەر دەچەرخێتەوە و بە گوللێکی ئیشی سەربازەی دەبینێ. ئەمە یەکەم کوشتنێکە کە جار و بارە ناراحەتی بکات. بۆ خۆشی دەیزانی کە سەرەنجام چارە نووسی ویش هەر جۆرە مردنێکی وایە. باوکی، دووبرای، زۆربەی کەسەکانی هەموو هەر بە گوللەی دوژمن گیانیان لە دەستداوە. کاتێ خانەکان هاتنە تارانێ و بوونە وەکیل (ئەندام پەرلەمان)، ئەویش چارەی نە بوو تەنیا ئەوە نەبێ کە ببێتە ئەمنییە. بەڵام هەرگیز پێی وانەبوو لە دار و دیاری خۆی ئاوارەکەن و بینێرنە "گیلان"ێک کە هێندە سارد و شێدارە. یاساوڵی بلوچی هەرگیز هەقی بەسەر گیلانییەوە نەبوو و خۆی تێنەدەگەیاند بەلای وییەوە چ جیاوازییەکی نەدەکرد گیلانی هەڵێ یان نا. رایانسپارد بوو هەرکاتێ ویستی هەڵێ ئەو بە تفەنگێ ئیشی ببینێ و زۆریشی لە تفەنگەکەی رادەدیت ولێی دڵنیابوو. مەئموری بلوچی هەر دە و بیر و لێکدانەوانەدابوو کە بە هەر شێوەیەک بووە پارە و پوول و پلەیەکی پەیداکات و دووبارە هەڵێتەوە هەمان بیابانی گەرم و داغ، خۆ دیاریشە بیابان هێندە پان و پۆڕ و هەراوە کە ئەمنییە ناتوانن بیدۆزنەوە. هەریەکێک لەو یاساوڵ و قەرەوڵانە کە ماڵێ خەڵکی دەگەڕان شتێکیان هەر وەگیر دەکەوت. دەکاتێکدا ئەوڕۆ بەیانی دە

زنجەکەی گیلانیدا، وەکیل باشی بە چوار چاوانی دەڕوانی تا نەکا شتێکی دە بەڕکی نێت. بۆ خۆی هەرچی ویستی کردی، ئەو پەنجا تومانەی کە لەبەڕکی گیلانی دەرێنا، دوای تۆمارکردنی هەر دایانەوە گیلانی خۆی. تەنیا شتێکیش کە ئەو (بلوچی) توانی بیدۆزێتەوە، دەمانچەیەک بوو. ئەویشی دەنێو بەڵمەبرنجیدا دیتەوە. لە پر بلوچی بیرێکی تازەی بەمێشکیدا هات. دەمانچەکە هەر نەبێ پەنجا تومانی هەر دێنێ. زیاتریش دێنێ، پێداگرێ، کەسانێک هەن سەد تومانیشی پێدەدەن، دەستکاری ئیتالیایە. فیشەکیشی کەمە... ئێستا کەسیش چەک ناکڕێ. ئەو لادێییانە ئی خۆشیان هەر داوێنە دەریایە. پەنجا تومانی هەردێنێ. بەمەرجێک پارەکەی دەگەڵ خۆیدا هێنابێت و پێی بێت و وەکەسی نەدابێ.

با رانەدەوەستا. بەچنگان بارانی دەچاو وگوێی یاساوڵەکان و زیندانییەکەی دەکرد. دەیویست پەتووەکەی لە ملی گیلانی بکاتەوەو پاڵتۆی یاساوڵەکان بفڕێنێ و بیبا. هاژەی رووباری قوڕاوی زیق و زاقی قەل مراوییانی قوت دابوو. لە لێرەوارێرا وەک بڵێی ژنێک ژانی لێبێ، دەگریا و دەیزریکاند. جار جارەش راقەنانی پیرە دارێک و پسانی رەگ و ریشەی دەرختێک و بەلاداهاتن و زرمەی کەوتنی زەوی رادەتەکاند. شەپۆلی بایەکی دوور بەخشەخشەوە هەڵیکردبوو و بە لوورە لوورەوە دەڕۆیی و تێدەپەڕی. تا ئەو قاوەخانەیەی کە بەرەولایەوە دەچوون، لەچەند سەدباڵێکی بەولاوە زیاتری نەمابوو، بەلام دە تاریکی و باو بارانێدا، تروسکەی چرا نەوتییەکزەکە دوور دیار بوو.



کاتێ گەینە قاوەخانەکە، محەممەد وەلی لە قاوەچییەکەی پرسی: "برنجتان هەیە؟"

ـ هەمانە.

ـ ئەدی چا؟

ـ چاشمان هەیە.

چراشتان هەیە؟

ـ ئا ئەو یەکەمان هەیە.

ـ ژووری سەرێ زوو چۆڵ کە!

ـ توتنمان لەو ژوورەی سەرێ هەڵخستووە.

ـ خۆ تەختی ژوورەکە بە تاڵە.

ـ بەتاڵە.

ـ ئێرە پۆستی ئەمنیەی نییە؟

ـ بۆ نیەتی، هەیەتی.

ـ لەکوێ؟

ـ کەمێ لەولاترەوە. ئێوارێ لێرە بوون رۆیشتن.

ـ وەرە بمانبەرە ژوورەکەی سەرێ.

"ژووری سەرێ رووی لەسەر هەیوانێ بوو، لە هەیوانەکەوە کە بانیژەیەکی بەدارانی هەبوو ئاسۆیەکی روون دیار بوو. بەلام هێشتا باران هەردەباری و دە ژوورەکەیدا کە ڕستەتووتن و شووتی و پیاز وسیریان پێوە هەڵواسیبوو، بۆن خنکی لێدەهات. محەممەد وەلی گوتی: "یاڵڵا، دەچییە لایەکی ژوورەکەوە، هەربجولێیتەوە دەتکوژم." ئینجا رووی کردە قاوە چییەکە و پرسی: "خۆ لەولایەوە چ رێی دی بۆ دەرێ نییە؟" کاتێ قاوەچی گیلانی

لاوی لەبەر رووناکیە کزەکەی چرایەکەوە دیت. تێگەیی داخوا مەسەلە چییە و دەوەڵامدا گوتی: "چ رێیەکی دیکەی نییە سەرکار، ئەوەش هەر لەوانەیە کە ئۆتۆمبێلیان رووت کردوونەوە؟"

- بڕۆ کوڕە، وە دووی کاری خۆت کەوە. بێ شەرەف، هەر سەر هەڵێنی هەرچی دێرەدایە هەمووی تێک هەڵدەشێلم. تۆ بۆ خۆشت لەوەی بەدتری.

ئەوجا رووی کردەوە یاساوڵە بلوچییەکە و گوتی: "خان، تۆ لێرە بە، من دەچمە خوارێ ئێشکێ دەگرم، دوایەش من دێمە سەرێ، تۆ بۆ ئێشک گریە بچۆ خوارێ، چاش بخۆوە."

گیلانی دە ژوورە تاریکەکەیدا، چاکەتە قۆڵ کورتەکەی بەری داکەند قۆڵەکەی گوشی، دەستێکیشی بە قاچەکانیدا هێنا. ئاوی دەموچاوی سڕییەوە. شەرواڵەکەی هەڵکرد، کەمێکی دەست بەلاق و لە تەرو سەر ئەژنۆ و رانەکانیشیدا هێنا، لە سەرمان تێکڕا بوو. تەکانێکی دایە خۆی و لە ژێرەوە سەرنجێکی دایە یاساوڵی دووەم. قەراوڵی بلوچی تفەنگەکەی بە هەردوو دەستان توند گرتبوو و لە هەیوانێکی درێژکۆڵەوە کە کەوتبووە نێوان بانیژە و ژوورەکەوە، راوەستابوو دەئاسۆیەوە دەڕوانی. دەو تاریکییەدا جگە لە هاش و هوشەی با و شورە شوری بارانێ و قاو و قیژی قەل مراوییە کێویلان چ دەنگێکی دیکە نەدەهات. وەک ژنێک لە لێرەوارێوە شین بگێڕێ، شوەنێکی وەک بیەوێ بە ناڵە و هات و هاوارەکەی دنیایە وەسەر خۆی گێڕێ.

بلوچی بە پێچەوانەی محەممەد عەلییەوە هیچ قسەیەکی نەدەکرد. تەنیا سێبەرەکەی دە و هەوروهەڵا خۆڵەمێشیەیدا کە بەردەوام لە



ئاسۆوە دەجووڵەدا بوو نیشانەی ئەوە بوو کە بە شینگێڕییە ژنێکی ژان گرتوو دەچوو، خەوی لە چاوی گیلانی دەفڕاند، بە تایبەتی کە جار جارە (با) هەورەکانی بەر دەمی مانگێی لێکدەدا و پەرت و بڵاوی دەکردنەوە و بریسکەی سەرە نێزە و ئاسنی تفەنگەکە چاوەکانی ماندوو دەکرد. ئەو دەنگەی لە لێرەوارێشڕا دەهات وەک ناڵەی سوغرای بوو، راست وەک ناڵەی ئەوکاتەی کە گوللەیەک لە باڵەخانەی ماڵێ کوێخاێڕا لە (تەولەم) هات و بە لاکەلەکەی کەوت.

سوغرا منداڵەکەی دانایە عەردی و زریکەی لێ هەستا...

- ناتەوێ هەڵێی؟

- نەء.

بەدەستە پاچەییەوە وەڵامی دایەوە "نەء": بەڵام خۆی خڕ کردەوە. ئەو بڕیاری وابوو دەگەڵ ئەوانەدا نەدوێ. چونکە ئەوەی بیستبوو کە نابێ زۆر دەگەڵ یاساوڵاندا بدوێ و قسانیان دەگەڵدا بکەی. ئەوانە هەر وشەیەک کە لە زاری ئادەمیزادەوە دەرچێ بە سوودی خۆیانی لێک دەدەنەوە. دەلێپرسینەواندا دەبوو بیدەنگ بی، بۆ لە خۆوە وەڵام بداتەوە. ئەمنییە دەیویست بزانێ داخوا ئەو نوستووە یا بە ئاگایە و ئەوا ئەویش دە خەوی وی گەیشت کە نەنوستووە، ئیدی بۆ وەڵام ناداتەوە.

"سەیرکە بزانە دەڵێم چی!" دەنگە گیراو و سەرمابووەکەی بلوچی دەلوورەی بایەکەدا ونبوو. لافاو گاڵەی دەکرد؛ بەڵام دە ژوورێدا بێدەنگی فەرمانڕەوا بوو. گیلانی هەناسەی لە خۆبڕیبوو. "مەترسە!"

گیلانی دەترسا، چونکە ئەو دەنگە لاوازەی بلوچی کە لەلای لێو و ریشیەوە دەهاتە دەرێ، ئەوی تۆقاند بوو.

"من بۆ خۆم وەک تۆ رێگر بووم."

بلوچی بێدەنگ بۆوە. گیلانی دڵی داکەوت، وەک بڵێی ئەمانە شتێکیان زانیبێ و بۆنێکیان کردبێ. "وەک تۆ رێگر بووم." نا موسڵمانە درۆیان دەکا، دەیەوێ قسەی لێدەربێنێ. سامی بێدەنگییە بلوچی ترساند. لە سەرە خۆتر گوتییەوە: "ئەمرۆکە کە بەڵمە برنجەکەم پشکنی." دەتاریکییەدا دەنگی خشەخشێکی هات، وەک ئەوەی دەستێک بەگەڵای رستە توتنە هەڵواسراوەکان بکەوێ. "نەجۆڵێی دەتکوژم!" دەنگی بلوچی هەڕەشەیەکی راستە و خۆیانەی بێ چەند و چوون بوو. گیلانی دە تاریکییەدا دیتی کە ئەمنییە لوولەی تفەنگەکەی راداشتۆتێ. "دانیشە!"

دیهاتی دانیشتەوە و گوێی قولاغ کردن تا دەگەڵ ئەو تێکەوەدانەی لافاوی باو بۆرانەشدا ئەو وشانە ببیسێ کە لە دەمی کابرای ئەمنییەوە دەهاتنە دەرێ. بلوچی هەروا چپە چپی بوو.

"دەنێو بەڵمێدا- گوێت لێیە؟- لە نێوەڕاستی کۆمە بەڵمێدا دەمانچێکم دیتەوە. خۆ دەزانی دەمانچەی کێیە. ئاشکرام نەکرد. لە ترسێ وەی نەک لولیدەن و قوتیدەن. دەگەڵ خۆمم هێنا تابیدەمە فەرماندە، خۆ بۆ خۆت دەزانی کە سێدارەت لەبەر دەمیدایە."

بێدەنگی. هەروەک نە (با) بێت و نەباران، پیرەدارەکان نارەتەیان نایە و دەنگە نزمەکەی بلوچی تەواوی ئەو دەنگ و هەرا و هۆریا و هاشە و هوشە و رێژنە بارانانەی شەق دەکرد. "گوێت لێیە؟ مەترسە، من بۆ خۆم مسکێن بووم، ئاگام لێتە چ دەردێکی دەچێژی،



ئێمەش زۆرمان لە دەست خانەکانی خۆمانەوە دیوە، بەڵام هەزار رەحمەت لە کفن دزی، خۆزگەمان بە خانەکان کات. لەوانە پیستر ئەمنییەکانن. من بۆ خۆم ماوەیەک یاغی بووم، هێندەی مووی سەرتم خەڵک کوشتوون، هەربۆیەشە بوومەتە ئەمنییە، تا لە دەست ئەمنییان ئاسوودەبم، لە من مەترسە! خوا هەڵناگرێ جحێڵێکی وەک تۆ ببێتە قوربانی شتێکی هێچ و پووچ، ئەوە مانگێکە ئاگام لەماڵ و منداڵەکانم براوە، پارە و پولێکم بۆ نەناردوونەوە. ئەگەر لەبەر خاتری خودی ئەوان نەبایە ئێستا لێرە نەدەبووم. پێتخۆشە دەمانچەکەت بدەمەوە؟"

گیلانی هەناسە برکەی وێکەوتبوو، شتێک گەرووی گرتبوو، دڵی پەلەپەلی بوو، هەنیەی ئارەقەی دەردابوو. وێنەیەکی ترسناکی ئەمنییە بلوچی دەمێشکی خۆیدا نەخشاندبوو هەر بۆیەش وا هەراسان بوو؛ نەیدەزانی چ بکا. پێیخۆشبوو هەستێ و هەناسەیەکی ئاسوودە تر هەڵکێشێ.

"نەجووڵێی! دەمانچەکەم بە دەستەوەیە. حەوت تیرە، هەموو فیشەکەکانی تێدایە، لەسەرڕێ نییە، ئەگەر بتەوێ بە کاری بێنی، دەبێ چەخماخی راکێشی، من ئەم دەمانچەیەت دەدەمەوە." ئیدی گیلانی خۆی پێڕانەگیرا. "نایدەیەوە؟." بەڵام هات و هاوار و داد و برۆیەکەی نەدەگەیشتە چ جێیان، چونکە با و بۆران هەموو دەنگە کز و لاوازەکانی دە خۆیەوە لولدەدا و ونی دەکردن.

"هاوار مەکە! مەترسە! دەتدەمەوە، با ئەوەشت پێ بڵێم هەر پێت بگاتە کارگێری ئەمنییەی فومن ئیدی کارت تەواوە و لێبوویتەوە. بۆ نەتبیستووە کە چەند رۆژێک لە مەوبەر پاسێکیان لەسەرچەقی رێیە

ڕووت کردووە؟ لەو ڕۆژەوە تا ئێستا هەرچی هەیە گرتوویانە. من موسوڵمانم. باوەڕم بە خودا و بە پەیامبەر هەیە، خوا هەڵناگریّ کە..."

گیلانی هێور بۆوە. ئاسوودە بوو، زۆریان لەمەش گرتووە. دەیانهەویّ لێیان بکوڵنەوە.

"بۆ هاوار دەکەی؟ وێدەدەمەوە! لەڕاستیدا پێت دەفرۆشمەوە. دەمانچەکە ئی تۆیە. ئەگەر من بڵێم لەماڵی ئێوەمدا دیوەتەوە، تۆ بۆخۆت دەزانی کە سێدارەت لەبەر دەمییە. بە خۆتی دەفرۆشمەوە، پەنجا تومانی هەر دێنیّ، جا تۆ خۆت و محەممەد وەلی؟ ناهێنیّ؟ پارەکەت پێییە، یاداوتە بە کەسێکی دی؟"

گیلانی هێور ببۆوە و نە دەلەرزی، دەستی بردە بن پەتووەکە و دەستەسڕێکی پێچراوەی کردەوە و پەنجا تومان ئەسکەناسی دوو تومانی کە لەبەر تەڕیان نیوە عومر ببوون و تلیسابوونەوە دەدەستی گرت و حازر و ئامادە.

"وەرە بیگرە!"

ئەو جا نۆرەی بلوچی بوو بترسیّ.

"نا، وانابیّ هەڵدەستی و ڕادەوەستی، پشتت لە من دەکەی، پارەکەی، دەگیرفانت دەنێی، من پارەکەت لەگیرفانی دەردێنم، ئەو دەمی منیش حەوت تیرەکەت دەگیرفانی داوێم، دەبیّ دەستت هەر بەهەواوە بێت. هەر بجوڵێیەوە قۆنداغە تفەنگێکت لەپشتی سەری دەدەم. چاک بزانە هەر فێڵێکی بتەویّ بیکەی من دەیزانم. تا من لێرە ئێشکچی بم تۆ دەبیّ ڕوو بە دیواریەوە و پشت لە من ڕاوەستی،



هەر بجوڵێیتەوە تیرەقەی پشتت ئاگر دەدەم. کاتیّ منیش ڕۆیشتم، ئەوە بۆخۆت دەزانی دەگەڵ وەکیل باشیدا.

❊

شوڕە شوڕی ئاوی پلوسکیّ بەردەوام هەر دەهات. ئەو ئاوازە گیانی گیلانی هێنابووە سەرلێوان. ئاو بە پلوسکێدا دەهاتە خواریّ. ئەم نارە نارە ئاوازێکی بچکۆلانەی ئەو کەف و کوڵ و هەڵچوونانە بوو. بەڵام بەر لە هەموو شتێک جەرگ و هەناوی گیلانی دەخوارد. دەستەکانی بە دیواریەوە نابوون. جارجارە (با) دەسکە سیرێکی دێنا و دەبرد و سەرە پەنجەکانی ئەوی ختووکە دەدا. کراسە شڕوکۆنە تەڕەکەی بە پشتێوە دەنووسایەوە. دەمانچەکەی دەباخەڵێدا قورس بوو جاری وابوو دەقیقەیەکی تەواوی هەناسە لە خۆ دەبڕی تا بتوانیّ ئەو دەنگەی دیهەویّ بیبیسیّ. ئەو هەرچاوڕێی دەنگی پێی محەممد وەلی بوو کە بە پلیکانە تەختەکان کەویّ. جار و بارە هاشەی (با) کزتر دەبۆوە و جار و بارەش ڕێژنەی شەستە بارانیّ بروکێکی تێدەکەوت و کاری دەکردە سەر شوڕە شوڕی پلوسکیّ بەڵام دەنگی ترپەی چ پێیەکی نە دەهات. کاتیّ ئەمنییەی بلوچی قولاندی: "ئەهای، محەممەد وەلی؟ ئەهای، محەممەد وەلی..." گیلانی گوێی کلۆر کردبوون. هەر کە دەنگی پێیەک لە پلیکانەکانەوە بگاتە گویّ ئەو دەبیّ، لەسەر هەست بیّ و چاودێرێکی باش بێت و دەو ساتانەدا کە ئەمنییەی بلوچی جێیەکەی خۆی دەداتە محەممەد وەلی، وەرسوڕێتەوە و دەوچەند ساتانەدا کە ئەوان پێکەوە دەدوێن و خشەخشی جوولەی وی نابیسن هەل وەدەست بێنیّ. حەوت تیرەکەی لە گیرفانی دەرێنێت و ئامادە بێت. وەک لە خوارێرا

دەنگێک وەڵامی قوولەی ئەمنییەی بلوچی بداتەوە ئای خۆزگە هەر بۆ چەند دەقیقێکانیش بایە باران راوەستابایە؛ خۆزیا لوورەی (با)ش بێدەنگ دەبوو؛ بریا هاژەی لافاو ئاساش ئەگەر ساتێکیش دەبوو، دەپسایەوە. ژیانی وی، هەموو شتێکی وی بەو چەند ساتانەوە بەندە؛ چەند ساتێک یا کەمتریش. ئەگەر دەوچەند ساتانەدا شورە شوڕی بەردەوامی ئاوی پلوسکێ رادە وەستا، بەو گوێیە سوکانەی کە هەیەتی، دەیتوانی بچووکترین جووڵە هەستپێبکات. ئەو دەمی تەواوی ئەو دەردەسەریانە بە کۆتا دەهاتن. دەچتەوەلای منداڵەکەی، منداڵەکەی لە مەرجانێ وەردەگرێتەوە؛ بەو تفەنگەی وەکیل باشییەوە دەچێتەوە لێرەواری و ئەو دەمی لەوێ دەزانێ چ دەکا.

لە خوارێوەڕا لە خوارێوە جگە لە هوو هووی باو شورە شوڕی ئاوێ و خشەخشی لق و پۆپی درەختان بەولاوە هیچیدی نە دەبیسترا. وەک ژنێک لەجەنگەڵێرا بزریکێنێ، بەڵام بلوچی خەریک. بوو قسەی دەکرد. هەموو مێشک و دەمار و ماسولکەکانی، و هەموو هەست و تەواوی هێزی ئەندامەکانی بەلای ئەو دەنگەوە بوون کە دەگەیشتە سەرێ، بەڵام لوورەی با و رێژنەی بارانێ نەیدەهێشت چ دەنگێکی دی خۆتێکەڵاوکا.

"نەجوڵێی، دەست بە دیواریەوە بنێوە!"

گیلانی تەکانی دابوو، بێ ئیختیار جووڵابوو تا چاکتر ببیسێ. گیلانی لە سەرەخۆ گوتی: "بێدین، گوێ بدەیە، بزانە دەڵێم چی."



بلوچی گوێی نەدایە. پێیوابوو ئەگەر بە شێوە زمانی گیلەکی بدوێ، نهێنییانە ترە. "ئەهای براله، من هەقم بە سەرتۆوە نییە. لێمگەڕێ باوەرسورێمەوە بۆ ئەوەی کاتێ هات بیبینم."

دیسانەوە بلوچی گوێ خۆی خەپاندەوە. دەنگی ئەو پۆتینانەی کە بەسەر پلیکانە تەختەکاندا دەهات، ترساندی و هەر دەو دەمیشدا هیواو ئومێدێکیشی وەبەرنا.

"چ بارانێکە، کۆڵ نادا!"

ئەمە دەنگی محەممەد وەلی بوو، ئەو دەنگەی دەناسی. دەچاو تروکانێکدا گیلانی بڕیاریدا. وەرسورایەوە دەستی بۆ گیرفانی برد. مشتووی حەوت تیرەکەی دەگۆلمێ گرت. هەر هێندەی دەویست چەخماخی راکێشێ و دەمانچە بێتە سەرپێ، بەڵام هێشتا کاتی تەقەی نەبوو، لە بەروەی کە بلوچی ئەگەر بۆ پارێزگاریە خۆشی بێت ناچارە تەقەی بکاتەوە و ئەو دەمی دەروەستی هەردووکیان نایەت.

ئای خۆزگە هەر چەخماخەکەی راکێشابایە تائیدی هەر دەمێکی کە بیەوێ ئامادەی هێرش بێت. ئەو کە شارەزای دەمانچەکە بوو لە گیرفانێ دەرێنا، هەڵیسەنگاند. وەک ئەوەی بەو هۆیەوە زیاتر دڵنیابێ. دەو ساتەیدا لێدانی دەنکە شخارتێکی هەموو نەخشە و پلانەکانی تێکدان. خۆشبەختانە دەنکە شخارتە نەیگرت.

"بۆ باران دەهێڵێ؟ شخارتەی نێو گیرفانانیش تلیساونەوە."

دووەمیش هەر نەیگرت، بەڵام هەر دەو چەند ساتانەدا گیلانی رێی بەرگرییە لەخۆی دیتبۆوە. حەوت تیرەکەی دە باغەڵێ نایەوە. پەتووەکەی بەسەر یەلەگەکەیداو بەسەر شانیدادایەوە، چوو لەلایەکی ژوورێوە خۆی کروشمە کرد.

"ئەهای، ئەو چرایەی بێنە بزانم، شخارتەکە تلیساوەتەوە."

بلوچی پرسی: "چرات بۆچییە؟"

– چۆن دەتوانێ هەڵێ؟ بە ئاگایە، بانگی کە، وەڵام دەداتەوە.

محەممەد وەلی پرسی: "هۆی گیلانی؟... نوستووی یان بە ئاگای..."

دەو دەمیدا شخارتەکە ئاگری گرت و تروسکێکی زەرد روخساری ئەو دێهاتییەی رووناک کردەوە.

لە هەموو روخساری هەر هەنییە بەرزەکەی وکڵاوە قوچەکەی دەبینران، هەر بەو دەنکە شخارتەی سیخارێکی پێکرد: "وەک بڵێی دەچێتە سەفەری قەندەهارێ. پەتووەکەشی دەگەڵە خۆیدا هێنا بوو. برنجەکەت خوارد؟ ئای کاکی ماسی خۆر. ئێستا دەبێ چەند وەختێکان بچیە تارانێ و لەوێ ترخێنەی. بخۆی تا بێیەوە سەرخۆت. ئەوە بۆ خەوت لێناکەوێ و نانووی."

محەممەد وەلی تریاکەکەی کێشا، گەش بۆوە. "چۆنی؟ ئەحواڵی رابەری چۆنە؟ تۆش رابەر بووی یان نا؟ هەردەبێ تۆ رابەری دێهاتییەکانی تەولەم بووبیت؟ وەڵام نادەیەوە؟ ها- ها- ها- ها

گیلانی پێیخۆش بوو ئەو قاقایە هێندێکی دی بڵندتربایە تا هەلی بۆ رەخسابایە دەمانچەکەی سوارکات و ئاگری جگەرەکەی بە نیشان بنگێوێ.

"بڵێ بزانم، ئەو رۆژەی کە دەگەڵ سەر گوردی هاتینە تەولەم پاسگای دروستکەین تۆ نەبووی وەپێش هەمووان کەوتبووی و گوتت: ئێمە لێرە دارۆغەی خۆمان هەیە و کەسمان ناوێ؟ بێ شەرەفینە، چەند کەسێکتان لێ دە ژوورێ کردبووین و خەریکی



ئاوردانێی بوون. حەیف سەرگورد لەوێ بوو و نەیهێشت دەنا هەر بەو شەستیرە هەمووتانم دە درووەوە. ئەو رابەرە زمانێکیان پێوەیە هێندەی یەک لەپە دەستی، ئەدی ئێستا لە کوێن؟ ئەدی بۆ بە هاوارتەوە نایەن؟." دوایش چەندین جنێوی مزری دیکەشی دان.

"تاران خەساندوونی. ئیدی کەس ناوێرێ جیکەی بێ، دەتانەویست بەلشەویکیە بکەن؟ ئەو دەمی ژنەکانیشیان؟ چ ژنگەلێکی زمان درێژ؟ وای وای، هەر لەبەر وانیش بوو کە سەرگورد نەیهێشت بیانرشێنم. ئەدی ئەوە ئێستا بۆ هەموو بوونە مشک و چوونە دەکونێوە، ئاخ، ئەگەر بەدەست من دەبوو؟ دەمزانی چیم لێدەکردی؟ بۆ گوتیان دەبێ بەساغ و سەلامەتی تەسلیمت کەم؟ تۆش هەریەکێکی لەو ملهوڕانە. دەنا هەر ئەو رۆژە بەیانیەکەی کە دیمیت ئیشم دەدیتی. ژنەکەتم لەبەرچاوی خۆت... ئۆهۆ، ئەوە خەریکی چ بکەی؟ هەر بجوڵێیەوە دەتکوژم."

دەنگی چەخماخی تفەنگی، گیلانی کە خەریکی کەمترخەمیەبوو، لەجێی خۆی دا نیشاندەوە، گیلانی بێ ئیختیار دەستی بەرە و مشتووی حەوت تیرەکەوە چوو. هەر ئەو ژنەی کە چەند مانگێک لەمەوبەر لە رووداوەکەی تەولەمدا ئەنگواو دوایەش مرد، ژنی وی بوو، منداڵی شەش مانگانەی بە بەرەوە بوو و ئێستاش ئەو منداڵە هەر دە زنجەکەیدایە و کەس نازانێ چی بەسەر هاتووە. مەرجان، مرۆڤێک نییە منداڵی پێ بەخێو بکرێ. راستییەکەی ئەوکارە لەدەست مەرجانێ نایەت. ئیدی کێ ئاگای لە منداڵەکەی وییە، گیلانی جار و بارە خۆی لە قسەکانی وەکیلباشی دەبوارد و گوێی نە دەدانێ. ئەو دەبیر و خەیاڵێکی دیکەدا بوو. ناکا دەمانچەکە بە تاڵ بێ، ناکا

بلوچی و وەکیلباشی گاڵتەیان پێکردبێ و حەوت تیری بە تاڵیان دابێتێ بەڵام سوودی ئەو گاڵتەیە چییە؟ هەرگیز شتی وا نەبووە و ناشبێ. هەر لەبەر خاتری منداڵەکەشیەتی کە ناچارە بچێتەوە تەولەم. حەوت تیرەکەی هەڵسەنگاندەوە. دەستی لەگیرفانی دەرنە هێنایەوە، وەک ئەوەی بە قورساییەکەی را بزانێ داخوا یەدەگەکەی (شانە) بە فیشەکەوە دە دەمانچەکەیدایە یان نا. هەر ئەو جووڵەیەش بوو کە محەممەد وەلی وریا کردەوە و لوولەی تفەنگەکەی بەرە و لای وی راداشت. نووکی نێزەکەی لە باڵێک بەولاوە ترەوەی لێ دوور بوو دەنا هەر بە تێنوسانێکی لوولەی تفەنگەکەی دە عەردی دەکوتا و تفەنگەکەی لە دەست دەردێنا: "ئەهای براله، نوستووی یا بە ئاگای؟ بلێ بزانم. رەنگە بۆیەت بنێرنە فومن تا بزانن پەیوەندیت بە ئاگوڵ لولمانییەوە هەیە ئاخۆ؟ چەند جنێوێکیشی ئاخاوتێ. "...خەوی حەوتوێکی بردین. بە نوێژی نیوەرۆیەی ئۆتۆمبێل لە چەقی جادەی رووت کردووە. ئەویش قانگ دەدەن، نۆرەی ویش دێت. بلێ بزانم، راستە ئەو ژنەی کە ئەو رۆژە لە تەولەم ئەنگۆاکچی وییە؟..."

جاری وابوو تۆف و زریان هێندە توند دەبوو کە دەنگە گڕو بێ گرێ و گەورەکەی محەممەد وەلیش بۆ گیلانی کە هەموو هەستی خۆی لێ راگرتبوو بیستنی ناومکین بوو. لە کاتێکدا هەر ئەوشتانەشبوون کە دەیویست بیانزانێ و لە قسەکانی وەکیل باشییەوە سەرەداوێکی دەستکەوێ کە داخوا بۆچی بۆ فومنی دەبەن. مەئمورەکان (یان بە لانی کەمەوە ئەوانەی فەرمانی دەستگیرکردنی وییان دابوو) دەیزانی کە دارۆغە ئەوی بە هێرە



بردووە. زۆر جارانی بە خەزووری گوتبوو کە نابێ پشت بەو کرمانجانە ببەستێ، خۆ ئەگەر هەر لەبەر خاتری وانیش نەبایە، ئەو رووداوەی تەولەم کە محەممەد وەلی زۆر چاکی ئاگا لێیە، رووی نەدەدا و لەوانە بوو سوغرا ئێستا مابایە و ئیدی ئاگولیش دەستی وە لێرەواری نەدەدا هەموو ئەو رووداوانەی دواییش نەدەقەومان و ئەورۆش گیانی وی ئاوا نەدەکەوتە مەترسییەوە.

گوژمە بایەکی توند، زنجەکەی راتەکاندەوە. وەک پیرەدارێکیش راقەنابێ و لەبەرەوەی زنجەکە راتەکابێ. بەڵام محەممەد وەلی یەکرێز چەنەی وێک نەدەکەوتەوە و هەر قسەی دەکرد و هاهاها پێدەکەنی و هەڕەشەی دەکردن و چێژی لەقسە سووکەکانی خۆی وەردەگرت.

چ دیمەنێکی جوانی دارۆغەکرمانجێکی لە بەرچاوییە. ساڵانێکی دوور و درێژ خەڵکی رووت کردەوە و سەردەمی پیریشی باجی دەستاند. هەر بۆ ئەوەی لە دەستانی ئاسوودەبن کردیانە دارۆغە.

لەبەر وەی کە لە ساڵەکانی پێش شەڕێ ئەرباب لە تارانێ هەمەکارە بوو و دەستی دەرۆیشت و پێی ئەمنییەی لە مولک و زەوییەکانی بڕیبوون و ئەوانیش نەیاندەوێرا دە و مەرز و بوومانەدا بێن و بچن. هەر ئەو ئاگولەی خەزووری وی بووە واسیتە تا ئەو کرمانجەی بکەنە دارۆغە و هەر بەراستیش ئیدی لەسەر و ماڵی ناحەزەکانی خۆی بەولاوە ماڵی کەسی دیکەی نەدەخوارد.

محەممەد وەلی دووبارە سیخارێکی دیکەشی ئاوردا. ئەمجارەیان دەنکە شخارتەکەی تۆزێک هێنایە پێشترەوەو روخساری گیلانی روناک کردەوە. دووکەڵێکی وەنەوشەیی لووتی گیلانی چووزاندەوە.

"... سەیرکە چ دەڵێم. ئەوە بۆ وەڵام نادەیتەوە؟ تۆ هەمان ئەو پیاوەی کە ئێمە هاتینە تەولەم پۆست دامەزرێنین، بە سەرگوردت گوت کە ئێمە مۆڵکانە و زەکاتی خۆمان داوە و قسەت دەکردن. ئێستا بۆ وا لاڵ بوو ویت؟..."

چاکی لە بیر بوو. راستیدەکرد: کاتێ لادێییەکان گوتیان کە ئێمە بۆ خۆمان دارۆغەمان هەیە، گوتی: برۆن نمایندەکانتان دیاریکەن. قسەم پێیانە. ئەویش یەکێک بوو لە نمایندەکان.

سەرگورد لێی پرسین داخوا مولکانەی ئەم ساڵتان داوە یان نا؟ هەموو گوتیان داومانە. دوایەش پرسییەوە، پێش ئەوەی کە رابەرتان هەبێ داتان، یا دوایەش هەر داتان. لادێییەکان گوتیان گوتیان: "هەم ئەو دەمیش دابوومان و هەم ئێستاش داومانە." دوایە سەرگورد رووی کردە گیلانی و پرسی: "بۆ نموونە تۆ چیت دا؟ گوتی: "من ئاوریشمم دا، برنجم دا، هێلکەم دا، سیر، بەرسیلە، هەناری ترش، پیاز، گەسک، چەڵتوک، کا، ئاردە برنج، هەموو شتێکم دا." دوایەش پرسییەوە ئی ئەم ساڵیشت هەر داوە؟ گیلانی گوتی: "ئەم ساڵ ئاوریشمم داوە، برنجیش دەدەم" ئەو جا یەکاندەر دوو گوتی: "برۆ پسوولەی ئەو شتە دراوانەت بێنە کە داوتن." لوتف عەلی بێچارە گوتی: "باشە خۆ ئێوە وەکیلی مولکداری نین!" قسەکەی تەواو نەکردبوو، سەرگورد تا دەستی هێنای زللەیەکی خاواندە بناگوێی لوتف عەلی. ئەو دەمی لادێییەکان لە ژووریَ هاتنە دەرێ و کەس نەیزانی کێ شەیپوری لێدا کە نزیکەی چەندین هەزار کەسی لادێیی دەوری خانووەکەیاندا. دوایش تەقە کرا گوللەیەک بە لاکەلەکەی سوغرا کەوت و لوتف عەلیش هەر لەوێ دەستبەجێ مرد.



لادێییەکان شەوێ کۆ بوونەوە هەر ئەو دارۆغە کرمانجە پێشنیارێ کرد کە خانووەکە ئاگرتێبەردەن و ئەگەر شەوێ پەلێکی سەربازی دیکە نەگەیبانایە ئەوانە ئاسەوارێکیان نەدەما و هەموو لێدەبوونەوە... محەممەد وەلی سیغاری دەکێشا. گیلانی بیری دەکردەوە، ئێستا باشترین هەلێکە چەکەکەی لێ بستێنم. هەموو لەشی دەلەرزی. وێنەی مەرگی دڵگیری سوغرا ئیختیاری پێ نەهێشتبوو. بۆ خۆشی نەیدەزانی کە لە سەرمان هەڵدەلەرزێ یا لە پەرێشانیان... بەڵام محەممەد وەلی هەر وازی نەدەهێنا؛ "تۆ زۆر وەستای. لەوان کۆنە کارانەی. یەک قسەش ناکەی. دەترسێی خۆت بەهێرە بەری.

بڵێ بزانم، کام یەک لەوانەی لە ژوورێ دەگەڵ سەرگوردیدا دەدوا ئاگول بوو؟ من باکم لە کەس نییە. ئاگوول لامەزەبە، دەمهەوێ هەر بۆخۆم ریشەی بکێشم. ئەوانەی دەگەڵمدابوون بە چاوی خۆیان دیویانە کە قورئانی سووتاندووە. پێم خۆشە بەدەستی خۆم کەوێ، کامیان بوو. هەر دەبێ ئەو کۆسە بەبەیەبێت کە لەولای دەستی تووە راوەستابوو، نا، بۆ وەڵام نادەیەوە، نوستووی یا بەئاگای؟

لوورەی (با) نارەیەکی سەیری لە ناخی جەنگەڵێوە بەرەولای زنجەکەوە دەگەڵدابوو: زریکەی ژن، بۆڕەی مانگا، ناڵە و هاواری نارزایەتییە. تا زیاتری گوێ شل دەکرد زیاتری دەبیست. هەروەک ئەوەی ناڵە و زریکەی دڵگیری سوغرای دەمی بریندار بوونێی بێ دەگەڵ ئەو نارە و هاشە و هوشەیدا بەرە و ئێرەوە بێت. بەڵام شورە شوڕی کوشندەی ئاوی پلوسکێ لە هەمووشتێکی زیاتری

دڵی گیلانی دەکولاندەوە، وەک ئەوەی یەکێک بەنێنۆکان قەتماغەی سەربرینێکی هەڵداتەوە.

ددانەکانی دەگەڵ ئاوازی شورە شورِی چۆراوگەیدا وێک دەکەوتن و تادەهات حەجمینی لێ هەڵدەگیرا. ئەو هێمنی و ئارامییەی ژوورەکەی. محەممەد وەلی وەکیل باشی دوو دڵ کردبوو. ئەو دەیوست بزانێ داخوا گیلانی نوستووە یانە نا.

بۆ وەڵام نادەیەوە؟ ئێوە دوژمنی خودا و پێغەمبەرانن. کوشتنی هەموانتان واجیبە، بیستوومە ئاگول گوتوویەتی، ئەگەر بکوژی کچەکەی بکوژنەوە، ئامادەیە تەسلیم بێتەوە. بەڵێ، بەگیانی تۆ، من هەرگیز گوێ نادەمە ئەوەی کە ئەو ژنەی ئەو رۆژە بە گوللەی من ئەنگوا، کچی وییە یان نا. بە من چی؟ من ئەرکی مەزهەبی خۆمم ئەنجام داوە. من دەڵێم کا ئاگول دوژمنی خوایە و کوشتنی واجیبە، تێگەیشتی؟ من باکم لەکەس نییە من کوشتم، با هەرچی لەدەستی دێ بیکا...

– تفەنگەکەت دانێ. هەر بجووڵێیەوە کوژراوی...

ئەمەیان گیلانی گوتی. دەنگێکی لەسەرخۆ و تووڕانە بوو، وەکیل باشی دەنکە شخارتەیەکی لێدا و ئەوەش بۆ گیلانی لەجیاتی وشیار بوونەوەیەک بوو. هەر لە چاوتروکانێکدا دەمانچەکەی لەگیرفانی دەرێنا و هەر دەو دەمەشدا کە رووناکییە زەردباوی و دووکەڵە وەنەو شەبییەکەی گۆگردی شخارتەکە ژوورەکەی رووناک دەکردەوە توانی چەخماخی دەمانچەکەی راکێشێ و نیشانەی لێبگرێ. محەممەد وەلی بۆ هەڵکردنێ شخارتەکەی تفەنگەکەی لەسەر قۆنداغەی لە عەردی دانابوو لوولەکەی لە نێوان هەردوو



قۆڵەکانیدا هێشتبۆوە. کاتێ کە دەستی بەشخارتەوە درێژکرد، سەرە نێزەی تفەنگەکەی چەقییە بن قۆڵی چەپیەوە.

لەبەر رووناکاییە دەنکە شخارتەکەی لوولەی حەوت تیرەکە و چاوێکی زەقی سپی گیلانی دەبینران. وەکیل باشی گێژبوو. ئاگری شخارتە کە دەستی سوتاند و قوڵیشی وەک گیانی تێدا نەمابێ بەربۆوە و وەڕانی کەوتەوە.

– تفەنگەکەی فرێدە عەردی! هەر بجووڵێشیەوە کوژراوی! لوولەی حەوت تیرەکە وە لاجانگی وەکیل باشی کەوت. گیلانی دەستی برد خنخۆکەی گرت و رایکێشایە دیوی ژوورێ.

ـ راوەستە, هەر ئێستا هەقدەستەکەتت دەدەمێ.

دەی دە بەخۆتەوە بنازە. من دەناسی؟ بۆ سەیرم ناکەی؟

باران هەردەباری، بەڵام تا دەهات ئاسۆخەریک بوو رووناک دەبۆوە. هەورە چڕەکان تا دەهاتن کەم کەمە دەکرانەوە.

– دەتگوت باکت بەکەس نییە! مەترسە، ئێستا ناتکوژم، هەربەدەست دەتخنکێنم. سوغرا ژنی من بوو.

ناپیاو، ژنەکەت کوشتووم تۆ بکوژی سوغرای. تۆکۆرپەکەی منت بێ دایک کردووە. مەرجە بتخە سێنم. بێچارەتان کەم.

ئاگول منم. لێی مەترسە. ئێ ئەوە بۆ ناجوڵێی؟...

تفەنگەکەی بە دیوارییەوە هەڵپەسارد. "خۆ تۆ خۆت گوتت من لە ئاگوول ناترسم. ئاگوول منم.

ئاگوول لولمانی بێنەوا لە تاو کچەکەی وەزگیدا. ئەوەش من بووم گوتم، ئەگەر بکوژی سوغرام تەسلیم کەن ئاگول خۆی بە دەستەوە دەداتەوە. بەڵێ ئاگول نەماوە تا خۆی تەسلیم کاتەوە.

ئۆتۆبۆسی سەرجادەکەش من لێمدا. هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ منیشن تێکڕایان لەوانەن کە بێ خانومان بوون.

هەموویان لەوانەن کە لە سەر زەوی و ئاو و بەراوی خۆیان دەرکراون. پێشت دەڵێم کاتێ کە نەماوی ئەو جا ئەوان دەزانن کە مردووی. هەستە پێ حەوت تیرەکەم دەگیرفانێ ناوەتەوە. دەمەوێ هەر بە دەستان بتکوژم، دەمەوێ بە ئەوکێت دانووسێم. ئاگول منم. دڵم خەریکە فێنک دەبێتەوە..."

لە تورەییاندا نەیدەزانی چ بکا. نەیدەزانی دوژمنەکەی چۆن لە ناو بەرێ. دەستەوەستان تێما بوو. پەیکەری داوەشاوە و داڕماوی وەکیل باشی تا دەهات بە رووناکییە بەرەبەیانی چاتر وەدەردەکەوت و دەبیندرا.

– بەڵێ من بۆ خۆم رابەرەکە بووم. خوێندەواریشم هەیە. دە و پێنج ساڵەیدا فێربووم. زۆرشتی دیش فێربووم. دەڵێی وڵات بەرەڵڵانیە مانای چی؟ تالانمان دەکەن، لەسەر ماڵ و حاڵ و ژیانی خومانتان وەدەر ناین و ئاوارەتان کردین. هیچمان پێوە نەما، مسکێن نەما ئیدی بەس نییە. ئەوە تا تۆ بۆ خۆشت منت بە هێڕە بردووە؟ تەمەنت درێژبوو، ئەگەر دەمزانی بکوژی سوغرا تۆی، تا ئێستا حەوت کفنت دڕاندبوو؟

کێ لامەزەبە؟ ئێوە کە هەزارجارتان دەست بە قورئانی قەدیم داداوە و پەشیمان بوونەتەوە؟ ئەدی نەهاتن سوێندتان خوارد کە ئیدی هەموو ئەمان دراون و کەس دەستتان بۆ ناهێنێ؟ بۆ هەروا لەخۆوە خەڵکی دەگرن؟ بۆ لە خۆڕا دەکوژن و دەبرن؟ کێ دزیەدەکا؟ حەوت پشتی من لە باپیرانەوە لەسەر ئەو ئاو و خاکەی



ژیاون و بڕاونەوە، ئەی کام یەک لەو خان و بەگلەرانە پەنجا ساڵ پێش ئێستا لە گیلان بوون؟

زمانی تێکدالا. هێندە بە توندی دەدوا کە هەندێ وشەی هەر نەدەزانرا چییە. وەکیل باشی لەسەر ئەژنۆیان نێوچەوانی بە تەختەی عەردی ژوورەکەوە نوساندبوو و بە هەردوو دەستەکانیشی پشتەملی خۆی دەپاراست. کڵاوەکەی سەری کەوتبووە سەرعەردی ژوورەکە: "مەترسە، ئاوات ناکوژم. هەستەوە. دەمەوێ خوێنەکەت بخۆمەوە. حەیفە گوللەیەکت لێ خەسارکەم. هەی بەدبەخت، تۆکەی شایانی ئەوەی گوللەیەکی خۆمت لێ خەسارکەم. هەستەپێ!"

بەلام وەکیل باشی نەدەجوولا. تەنانەت بەو پێلەقەیەش کە گیلانی بەلاقی راستێی دادا. تەنیا دەموچاوی دە عەردی چەقی، دەناماسوولکە و ئێسک و دەمارەکانی توانای فەرمانبەرداریەیان لەبەر بڕابوو. گیلانی دەستی برد یەخەی پاڵتۆیەکەی گرت و سەرنجێکی بڕیە سەروچاوی. دە رووناکییە کزە بێ شەوقە باراناویەکەی بەیانیدا روخساری محەممەد وەلی دەرکەوت. ئارەقەی پێدادەهاتە خوارێ.

هەردوو چاوەکانی سپی هەڵگەڕابوون. لە پەل و پۆ ببوو. دەمی کەفی زەردی هەڵدەدا و لرخەلرخی بوو.

هەرکە چاوی بە چاوی زیت و سوور هەڵگەڕاوەکانی گیلانی کەوت وە تەتە پەتە هات وزمانی تێک ئالا. زمانی کرایەوە: "مەمکوژە، ئامانم دەیە! پێنج دانە مندالم هەن. بەزەییت بە مندالەکانمدا بێتەوە. هەرچی بڵێی دەیکەم. بەجوانییە خۆتم ببەخشە.

درۆم کرد من نەمکوشتووە. من سوغرام نەکوشتووە. بۆ خۆی تەقەی کرد. شەستتیرەکە بەدەست منەوە نەبوو..."

❊

دەگریا. پاڕانەوە و پەڕپوتی و داڕمانی پاسەوانی و ناتەوانییەی، وەک ئاوێک بێ و بە ئاگری داکەی، هەڵچوون و کەف و کوڵی گیلانی دامرکاندەوە. بیری هاتەوە کە پێنج منداڵی هەیە. ئەگەر ڕاست بکا! منداڵەکەی خۆی وەبیرهاتەوە کە لەلایەکی زنجەکەوە گەمەی دەکرد. باران وەستا بۆوە و دەبێدەنگی و پاک و بێگەردی بەیانی و لاوازی و بێ غیرەتی محەممەد وەلیەوە نەفرەتی وی سەری هەڵدایەوە. ڕووناکییە ڕۆژێ خستییە سەر پەلە کردنێ.

گیلانی تفێکی کردەوە و دەچەند دەقیقێکاندا پاڵتۆیەکەی لەبەر وەکیل باشی کردەوە و فیشەکدانەکەی لە کەمەری ترازاند و پەتووەکەی خۆی دەسەروملی وییەوە ئالاند و کڵاوەکەی وی لەسەر نا، و پاڵتۆیەکەشی دەبەر خۆ کرد و لە ژوورێ وەدەر کەوت. هێشتاش شیوەنی ئەو ژنەی ئازاریان دەدا لە جەنگە لێوە هەردەهات و دەگەییە بەرگوێ.

دە هەمان ئەو دەمەیدا دەنگی تەقەی گوللەیەک هات و گوللە هات وەقۆڵی ڕاستی گیلانی کەوت هێشتا ئاوڕی نەدابۆوە، گوللەیەکی دیکەی وەدەفەی سینگی کەوت و لەسەر هەیوانێوەیڕا هەڵداشت.

ئاخری پاسەوانی بلوچی کاری خۆی هەر کرد*.

---

* لە کتێبی/ گیلە مرد. بزرگ علوی. چاپ دووەم ١٣٨١ مؤسسە انتشارات نگاە- ەوە کراوەبەکوردی.

**((سەمای مەرگ))**

**نووسینی/ بزورگی عەلەوی**

دوێنێ بەیانی بردیان ئەوڕۆ دوو رۆژە بردوویانە، لە دوێنێ سبەینێوە تا ئێستاش ئاوازەکانی Dance macabre م لە گوێدا هەر دەز رنگێتەوە.

مورتەزا دەستی ڕەجەب عەلی ڕەجەبۆفی گرتووە. لە نیوە شەوێرا لە گۆڕی دێتە دەرێ. مردوویێکی دیکەش قۆڵی لە ئێسکی باسکی کچێکی دی هەڵکێشاوە و لە سەر کاسە سەری مردوویێکی دی ئەوا ئاهەنگە ترسناکەکانی "سەمای مەرگ"ی تێهەڵکردووە، گۆڕەکان دەمیان دەکەنەوە، پەیکەرە ئێسکەکان بەکۆمەڵ لەگۆڕەکانیان دێنە دەرێ و هەموو پێکەوە سروودی مەرگ دەڵێنەوە و هەڵدەپەڕن. مارگریتاش بەسەر و چاوە درێژکۆلەکەیەوە، بەڵام زیتەڵانە راوەستاوە و دەڕوانێ. ئەو تەنیا دەیەوێ مورتەزای لە ناو ئەو سەما و سوڕدانە بە کۆمەڵەیە بێنێتەدەرێ وبەس.

دوێنێیان برد، ئەویان لە نێومەڕا برد. ئەوەی سێ مانگی رەبەق بوو پێکەوە بووین. لە قاپێکماندا دەخوارد، ئەو کەسەی لەگەڵمان بەشەڕهات و سووکایەتیمان پێکرد و دوایی داوای لێبوردنمان لێکرد. کەسێکی کە لەگەڵماندا بۆ خۆی دەگریا و ئێمەی وەپێکەنین



دێنا، ئەو کەسەی کە لەکاتی لیقەومان و بەدبەختی و چارە رەشیدا هاوبەشی غەممان بوو و لە نا ئومێدیەدا تین و تاوی وەبەر دەناین و ئومێدی وەبەر دەخستینەوە. ئەو زیندانییەیان لەبەر دەمی ئێمەی زیندانیرا راپێچەک دا و بردیان و نەشیانگوت بۆ کوێیان برد.

بەڵام من باش دەزانم بۆ کوێیان بردووە. بردیان بیکوژن. فەرمانی مەرگی بەسەردا درابوو. ئیدی مورتەزا نەما. مورتەزا هەموو شەوێ تا نیوە شەو و دەمە دەمی کەڵەباب خوێندنان خەریکی هەل هەلە لێدانییە و لە بەزمی سەمای مردوواندا هەڵدەپەڕێ. دوا کاتژمێر کە ئازاد و سەربەست بوو، کە ئێستا ئەوە لەبەر چاوم بەرجەستەیەو زۆر چاکی دەبینم، گوێم لێیەتی هاوار دەکا: "مارگریتا، مارگریتا، بەهیچ کەس نەڵێی! بە هیچ کەس."

من لەو چەند ساڵانەی ژیانی بەندیخانەمدا- ژیان نا، زیندە بە چاڵی. من لەو چەند ساڵانەی زیندە بە چاڵیەمدا دەزگیرانانی مەرگم زۆر دیون. دیومە کە لەکاتی راگەیاندنی فەرمانی دادگادا چۆنیان رەنگ پەڕیوە و زەرد هەڵگەڕاون، ئەژنۆیان سست بووە و زۆری نەماوە هەر لەوێ بەلادابێن و گیانیان دەرچێ. بەڵام هەموو ئەو بار و دۆخانە لە چەند ساتێک بەولاوە تریان نەخایاندووە و دەستبەجێ هیوا و ئومێدیان جێی نائومێدی گرتوونەوە و ئاهێکیان هاتۆتەوە بەرێ، بەڵکە ئێ ئەوە خوایە، فەرمانەکە هەڵوەشێتەوە یا لێبوردنێک دەرچێ، یا بەڵکە ئێ دنیا ژێرە و ژوور بێت و ئەوان رزگاریان بێت، یا هەر نەبێ شتێکی وەک موجیزە بقەومێ، هەر هیوایان بە تەواوی ئەو شتانە بوو، بەڵکە بۆ رزگار بوونێیان پشتیان بەشتی زۆر پڕ و پوچیش دەبەست، وەک ئەوەی کە لەوانەیە شا دڵی نەرم بێ و

ئەوانە هەموو ببەخشێ. من خۆم فەرمان بەسەر دادراوێکی بە مەرگم دیت کە شەوێک پێش لە سێدارەدانی بۆ خۆی مرد. یەکێکی دیش لەوانە دەناسم کە پێش گوللە باران کردنێ ریشی خۆی تاشی و جوانترین جل و بەرگی لەبەرکرد و ماڵئاوایی لە تێکڕای ئاواڵەکانی کرد و زۆر پیاوانە و ئازا و دلێرانە بەرە و پیری مەرگەوە چوو.

من فەرمان بەسەر دادراوێکی بەمەرگی دیکەش دەناسم کە لە دەمە دەمی مردنیدا "بژی، بژی ئێران"ی هەر لە سەردەم بوو.

یەکێکی دیکەش هەر لەوانە دەناسم کە ئاوازی سروودی "هەستن ئەی داغی نەفرەت خۆرەکانی دنیای رووت و برسییەکان هەستن." ماوەیەکیش دوای تەقەی تفەنگەکان ئەو سروودە هەر دەنگی دەدایەوە.

بەڵام هەرگیز هیچیانم لەوان بەو نزیکییە نەدەناسی. زۆرم لەوانە دیبوون بەڵام کەسیان لەنێو ئێمەڕا ئاوا وەک شەکی ناو مێگەلی بۆ قەسابخانەی نەبرابوو.

دوێنێ بەیانی سەعات حەوت و نیو ئەویان بانگکرد. هەمان ئەو پیرەمێردەی کە بە دەنگێکی بەرز و بێ گرێ و گۆڵ بانگی خەڵکی دەکرد. لووتی دە هەوا دەکرد و هاواری دەکرد: "مورتەزای کوڕی جەواد. وەرە کاکە، کاف ئەلف کای کاکەکەی تاوێک درێژ دەکردەوە. خۆ بەلای ئەویشەوە کە داخوا ئەو مورتەزایەی کوڕی جەوادی شەیدا و شبری مارگریتای کیژۆڵەی نۆزدە ساڵانە، بۆ بەندیخانەی ئینفرادی دەبەن تا دەقی مەرگ بکات، یا دەیبەن بەرەڵدای دەکەن. یائازار و ئەشکەنجەی دەدەن یا جنێو و



سەرزەنشت و سووکایەتی پێدەکەن. یا لێیدەدەن، یا بۆ دوور خستنەوێی دەبەن. لە داری دەدەن گوللەبارانی دەکەن، بۆ وی هیچ جیاوازییەکی نەبوو. ئەو تەنیا هاواری دەکرد: "مورتەزای کوڕی جەواد! وەرە کاکە" و دەستوبرد لە دوای ویشەوە چەند کەسێکی دیکە لەوانە پاسەوانی ژووری شەش و بەردەستی هەمان ژوور و مۆرەکانی دیکەیان هاوار دەکەن: "مورتەزای، کوڕی جەواد" بەڵام بەندی دڵ و جگەری مەپسا. هەندێک دەستیانکرد بەکۆکردنەوەی شڕو شاڵاتەکانی.

دوای چەند ساتێک یەکێک لە ئێمەی پرسی: "بە شڕ و شاڵاتەکانییەوە؟"

ئەودەم لەوەڵامدا گوترا: "نا، بۆ دادگایەیە."

بۆمردنێ دەچوو، حەتمەن لە داری دەدەن. ئەوە خوایە مارگریتا دەودەمیدا لەبەر دەرکی زیندانێ بێ و پێش مردنێی جارێکی دیش یەکتر ببیننەوە. دڵنیاشم لەبەردەرکی زیندانێش پێی دەڵێتەوە: "مارگریتا، مارگریتا بە هیچ کەس نەڵێی بە هیچ کەس"

درۆ دەکەن، مورتەزای بۆدادگای نابەن پێش وەختی لە داردانێ بە هیچ کەسێکی نالێن بۆ لەدار دانێت دەبەین. بەڵکە هەر بە درۆیان رایدەگرن.

کاتێ مورتەزا دەیویست لە دەرکی ژوورەکەی ئێمە بچتە دەرێ گەڕایەوە و گوتی: "باران دەبارێ یەکێکتان کڵاوەکەتانم دەنێ." چەند کەسێک کڵاوەکانی خۆیانیان بۆ راداشت. ئەوەی منی وەرگرت. چ مرۆڤێکی سادە و ساکار! هەموو فەرمان بەمەرگ دراوەکان سادەو ساکار دەبن. هێنانە بەرچاوی ئەوهەی زۆر سەختە کە ئەو لەش و

لارە بەو هەموو پێکهاتە و دروستبوونەیەوە، بەو هەموو بیر و بۆچوونە و ئەو هەمووئومێدە و حەز و ئارەزووەوە و ئەو هەموو خۆشەویستییەی مارگریتاوە، تا چەند کاتژمێرێکی دیکە هەمووی تێکدەشکێ و هیچی لێ نامێنێتەوە. بەڕاستی سەخت و قورس و گرانە.

بۆ مردنێ دەچوو، کەچی دەترسا باران سەری تەڕکا. دەتگوت خۆی لە دەستداوە و رووخاوە. یا ئەوەتا گوێی لە مردنێ نییە. وا باوە کە یەکێکیان بۆ لە داردانێ دەبرد. دەیانگوت: "بە شڕ و شالاّتەوە." ئەو دەم جێ و بان و تەخت و جل و بەرگەکانی لێوەردەگرنەوە. لە دەفتەری زیندانیی دادەنێن. ئەگەر کەسوکاری هەبێ ئەوا دەیدەنەوە کەسوکاری و ئەگەر کەسیشی نەبێ. نازانم چی بەسەر دێ. کە ئەویشیان بەبێ شڕ و شالاّتەکانی بانگ کردبوو تروسکە هیوایەکی دە دڵی مەدا پەیدا کردبوو؛ بڵێی وابێ و ئەویان بۆ لە داردانێ نەبردبێ؟ ئێستاش دەنگەکەیم لە گوێدا هەر دەزرنگێتەوە: "مارگریتا. بەکەس نەڵێی، بەهیچ کەس."

تۆ بڵێی ماگریتا هیچی بەکەس گوتبێ؟ ئا، دەبێ؟ ئەگەر وابێ خۆزیا مورتەزا دەمرد.

بەڵام نا. ئەم جۆرە بیر و بۆ چوونانە راست نین.

مورتەزا دوێنێ شەوێ لە سەمای مەرگی مردووەکاندا هاوبەش بووە. لەوێ دەستیی رەجەب عەلی رەجە بۆفی گرتووە و هەردووکیان سەر بەست و ئازادانە پێکەوە هەڵپەڕیون.، دەنگ و سەدای سامناک "سەمای مەرگ" هەموو لەشم وەلەرزە دێخێ. من هەڵپەڕکێی پەیکەرە ئێسکان بە بەرچاوی خۆمەوە دەبینم...



بۆ خۆم فەرمانەکەی ویم خوێندەوە: "مورتەزا- کوڕی حاجی جەواد بە تاوانی بە ئانقەست کوشتنی رەجەب عەلی رەجەبزادە کوڕی حاجی رەجەب باکوبەیی، دانیشتووی تارانێ کەوتۆتە ژێر فەرمانی دادگای شارستانی." هەروەها چەند رستەیەکی دیش کە لە بیرم نەماون، فەرمانەکە بەم شێوەیە درێژەی هەبوو. "بەگوێرەی راپۆرتی شارەبانی و لێپرسینەوەی هەموو بەڵگە و ئاگادارییەکان لە پەروەندەی کار و بڕیارە ئاشکرایەکانی تاوانبار لەبەر دەمی دادگادا و هەمووکارە دزێوەکانی لەبەردەمی دادگادا سەلمێنراوە و گوناهەکانی راستن." دیسانەوە چەند رستەیەکی دیکەش دێن و ئینجا بەم جۆرە کۆتایی دێت: "لەبەر ئەوە بەپێی ماددەی فلاّن لە یاسای سزای گشتی فەرمانی لە داردانی بەخنکان دەدرێ."

فەرمانەکەی بە خوێن ساردییەکی تەواو ساردەوە خوێندەوە. وەک ئەوەی کە یەکجارەکی دڵنیابێت. هیچ ئیستینافێکی ئەو فەرمانەشی نەکرد.

باشە ئێستا دەکرێ دووبارە زیندوو بێتەوە؟ دەکرێ نەیان خنکاندبێ؟ دوێنێ بەیانی بوو بردیان. لەوانەیە تەرمەکەشیان دابێتەوە مارگریتا. دەبێ چی لە تەرمی خۆشەویستەکەی کردبێ؟ کەسی دیکەی نەبوو لە تارانێ. بۆ فەرمانبەرەکان کارێکی ئاسانە. تەلەفۆنێک بۆ مارگریتا دەکەن "ئێمە تەرمی خۆشەویستەکەتمان بردۆتە گۆڕستانی ئیمامزادە عەبدوڵلاّ، ئەگەر پێتان خۆشە بچن بۆخۆتان بیشارنەوە و بە خاکی بسپێرن."

ئیدی ئێستا بۆ هێندێک هەن گومانان دەکەن؟ کە ئەویان بۆ لە داردانێ بردبێ. لەگەڵ ئەوەش کە بۆ چوونی جیاواز لەسەر ئەو

باسە لە ژوورەکەی ئێمەدا لە جۆشە. بەلای منەوە بچووکترین گومانێک نەماوە کە مورتەزا مابێ، مەگەر ئەوەی کە... مەگەر ئەوەی کە ژیانێکی ناخۆشتر لە مەرگی لەچارە نووسرابێ.

ئەو دەمە من حەز دەکەم بمرێ و ببڕێتەوە چاکترە.

کاتێ کە رای دادگایان لە زیندانێدا پێ راگەیاند و هیچ گوێی نەدایە وئیستینافی نەکرد. ئەودەم یەکەمین گفتوگۆی قووڵمان لە نێوانێدا دەستی پێکرد.

- "بۆ ئیستیناف ناکەی؟"

- "ئیستیناف لەچی بکەم"

- لەو فەرمانانەی کە دادگا بەسەریدا داوی، دەڵێی ئاگات لێ نییە کە فەرمانی لەدار دانیان بەسەردا داوی.

وەک چاک تێنەگەیشتبێ کە ئەو فەرمانە یانی چی.

لە ژووری سێهەمی بەندی شەش ئێمەبیست و یەک کەسین پێکەوە. تەنیا من بەهەڵە لە نێو ئەواندا زیندانییەکی سیاسیم. راستییەکەشی ئەوەیە من لە بەندیخانەی قەسرێدا لەگەڵ یەکێک لە ئێشکگرە گەورە و خاوەن پلەو پایەکان هەرام بوو، بۆیە بۆ ماوەیەکی کاتی منیان دوور خستۆتەوە و بۆ ئێرەیان راگواستووم. نزیکەی شەش مانگان لە ژوورە تەنیاکانی بەندی دوودا بەتەنێ بووم و لەو دوا دواییانەدا ژمارەیەکی زۆر گیراوی دیکەیان هێنان و لەوێ جێ نەدە بۆوە، ئەوەیە کەمنیان هێناوەتە ئەم بەندیخانە گشتییە. یانی ئەو بەندی شەشە، کە هەموو هاو ژوورەکانم بریتین لە دزی دەوڵەتی،

بەرتیل خۆر، دەستبڕ، جاری وایە پیاو کوژیش.



شەوانە دوای کاتژمێر نۆ کە هەموو ناچارین بنووین، من بە دزی کتێبەکەم دەردێنم. چایەکی دەدەمە کابرای پاسەوان تا چاویم لێ بپۆشێ و ئەو دەمی بە دڵێکی ئاسوودەوە دەستدەکەم بە کتێب خوێندنەوێ. خۆ ئەگەر پیاوێکی گەورە، بەڕێوەبەرێک، سەرۆک و فەرماندە و بەرپرسێک بێن ئەوە پاسەوانەکە زوو ئاگادارم دەکاتەوە و پێم دەڵێ.

ئەو شەوەی فەرمانی خکاندنەکەیان بە مورتەزای راگەیاند، خەوی نەچوو دە چاوان، لەبەر ئەوەی کە دەشمزانی، کتێبەکەم کردە دوو لەت و بەشی سەرەتاکەیم دایە وی، ئەویش یەکجار زۆر بەتاسەوە کتێبەکەی لێوەرگرتم و هەر ئەوەش بووە هۆی دۆستایەتی نێوانمان. کاتێ کەفەرمانی دادگاکەیان پێڕاگەیاند لە داوێنی فەرمانەکەی نووسی: "دیترا."

ئێمە هەموو ماتبووین، لەگەڵ ئەوەشدا کەئێمە زووتر لەو پاسەوانەمان زانیبوو کە بردبوویە دادگا، لەوێش بە هیچ بەڵگە و بەهیچ شێوەیەک دادگا هیچی لەسەر ساغ نەکردبۆوە و لە قسە راشکاوەکانی بەولاوە کە گوتبووی: "من کوشتوومە" دەنا هیچی دیکەی لەسەر نەدیبۆوە. گوتبووی کە رەجەب عەلی رەجەبۆف باکوبەیی من کوشتوومە. جاری دووەم و سێیەمیش کە من هەر پێم داگرت و لێم پرسی: "باشە بۆ بەرپەرچێکی ئەم فەرمانە نادەیتەوە، بۆ ئیستینافی ناکەی؟"

لە وەڵامی مندا گوتی: "جا سوودی چییە؟"

- چۆن سوودی چییە؟ سوودی ئەوەیە کە لەوانەیە دەسبەردارت بن و نەتکوژن.

– من گوناهم کردووە و دەبێ سزایەکەشی بچێژم.

– گوناهی چت کردووە؟

– پیاوم کوشتووە.

– تۆ؟

من هێندە پەرێشان و بێ دەسەڵات و دەستە پاچە بووم خوێن ساردی و گوێ نەدانەکەی وی هیچ کارێکیان تێنەکردم. تا لە دواییدا ئەوەی بیرم لێدەکردەوە و لەم لاو لاو لە پەناوپەسیوانەوە دەمبیستن و لە دڵمدابوو، نەمتوانی لە دڵ و ناخ و دەروونی خۆمیدابێڵمەوە وگوتم: "ئەوەی راستی بێ من هەرگیز باوەڕ ناکەم تۆ پیاو کوژبی ئەوکارانە لە دەست تۆ نایەن. راستە تۆ پیاوێکی کەتە و بەهێز و بە خۆوەی بەڵام هیچ بەڵگەیەکیشت لە دادگا لەسەر نییە و ئەگەر بۆخۆشت بە دەمی خۆت ددانت بەوە دانەنابایە، دادگا هەرگیز تاوانباری نەدە کردی.

– من پیاوم کوشتووە.

هێندەی نەمابوو کەللەیی بم، ئەو گومان و دوو دڵیەی وی تا دەهات ئاڵۆزتریان دەکردم.

– هاوڕێ گیان سەیری، من زیندانییەکی سیاسیم. ئێستا ئەوە چوار ساڵ و هێندێکە بەڵکە چوار ساڵ و نیوە دە زنیدانێدام. دەتوانی زۆرم لێ دڵنیا بی. لەوانەیە یەکێک هەبێ فشاری بۆ هێنابی. من زۆر گیراوم دیون کە گوناهی کەسانی دیکە یان بە ملی خۆیاندا هێناوە و هاتوونە زیندانێ. جاری وایە هێما و تارماییەکان مرۆڤ بەلای خۆیاندا رادەکێشن و دەیانکەنە دەستەچیلەی ئامانجەکانی خۆیان. ئەو دەم دەبێ ئەو هێما و تارماییانە هەموو بدۆزرینەوە،



ئەگەر هەر دەشتەوێ بمری و رزگاریی و رەهایی خۆت دەمردنێدا دەبینییەوە، دیسانەوە دەتوانی لەسەرە خۆو هێدی هێدی بمری. ئەگەر ئەو شتەشم پێ بڵێی کە ئازارت دەدا و بەدستیەوە ناحەجمی، لەوانەیە بارت سوکترکا وئێ ئەوە خواشە سەرەپەتی گڵۆڵەی چارەسەریەکی لێ وەدەست بێت.

لەو رۆوە کە فەرمانی دادگایان پێڕاگەیاندووی تا دە رۆژی دیکەت ماوە هەیە بەڵکە کارێک بکرێ. تۆ تازە دەگەیەی، چ وەختی مردنێتە. ئەگەر ژنێک، یا کەسێکت خۆشدەوێ، هەرنەبێ لە بیری ئەویشدا بە، کە تۆ بمری ژیانی ویش نرخێکی نامێنێ، ئەڵبەتە خۆ تۆ بێکەسەیەکیش نیت، کەس نایەتە سەردانت؟ ئەدی خۆ دەنا زۆر جاران خواردن و جل و بەرگ و شتومەکیشت بۆ دەنێرن کە تێگەییم تیری کەوانەکەم روو لە باسی ئافرەتە، زیاترم لە کەوانی کێشا. من دە زیندانێدا زۆر شتان لە بارەی پیاو کوژانەوە فێر ببووم و ئاگاییەکی زۆرم لەسەر هەبوون. زۆربەی زۆری ئەوانە لادێییەکان بوون کە لەسەر نۆرە ئاوێ، یان لەسەر زەوی و زارێ بەد نە دانی ئەموئەو لەگەڵ یەک بەشەڕ دەهاتن و یەکتریان دەکوشت. یا ئەوانە بوون کە لە سەر ناموسێ پیاویان دەکوشت. دەستەی سێهەمی پیاو کوژانیش ئەوانە بوون کە هەر لە تەمەنی پێنج شەش ساڵیەوە دەهێنرانە زیندانێوە و لەوێ گیرفان بڕی و دزیان لە دزە لەخۆ گەورەترەکانەوە فێر دەبوون و لە دوایە کە دەگەینە تەمەنی هەرزەکاری، دەور و بەری پازدە شاز دە ساڵی بە یەکجاری بەرهەڵدا دەبوون و ئەودەم بە چەکەوە دەچوونە دزیە و پیاویشیان دەکوشت.

ئەو دەستەیەش کە کۆمەڵەی "داکە دزانە" یان پێدەگوتن، هەر خودی کۆمەڵ بۆخۆی دەبووە هۆی ئامادە و پەروەردە کردنیان بۆ تاوان و دزیە تییە.

من وای بۆ چووم کە ئافرەتێک هەیە یاری بە چارەنووسی مورتەزای دەکات و ناوی ئەو ژنەشم لەو پاسەوانانەوە بیستبوو کە هەموو جارێ دەیانبردە دادگا و هەروەها لە لیستەی ئەو خۆراک و جل و بەرگانەی کە لەکەس و کارمانەوە بۆمان دەهاتن و پسوولەیەکی بە ناوی نێرەرەکەیەوە لەگەڵ دەهات و ئێمەش شتەکانمان وەردەگرت و پسوولەکەشمان واژۆ (ئیمزا) دەکرد و دەماندانەوە، لەوەشەوە هەر زانیم ئەو ئافرەتە مارگریتایە... بەڵێ، دوایین چەکم خستەکار.

– با وایدانێین کە پیاوت کوشتووە. ئەوەش لەبەر خاتری ئافرەتێک. وانییە؟

– جا دوان دەربارەی ئەمە چ سوودێکی هەیە.

– سوودەکەی ئەوەیە کە تۆ نامری و دەتوانی خۆشبەختیش بی.

دەیویست خۆی گێل کا و وەڵامم نەداتەوە. بەڵام من وازم هەر نەهێنا.

باشە ئیدی ئەگەر ئەو ژنەش تۆی ناوێ، کەواتە بۆ دەتەوێ بمری؟ بە تایبەتی بۆ ئافرەتێک کە تۆی نەوێ، چۆن دەتەوێ بۆی بمری؟

– ئای هەی، برالە وانییە. دەزانی تۆ بەو قسانە چۆنم گرتێبەر دەدەی.



– باشە ئەوە گوتمان تۆی خۆشدەوێ؟ ئەی کەواتە بۆ بمریت؟ خوا دەرکێکی دادەخاو هەزاری دەکاتەوە.

–تازە بۆ من چ دەرکێک نییە.

– کورە چۆن نییە؟ بەڵکە ئەو فەرمانە هەڵوەشایەوە، بەڵکە دادگاییەکی دیکەیان کردیەوە. تۆزێک بیربکەرەوە، بەڵکە کەست نەکوشتبێ. بیسەلمێنە کە تۆ کەست نەکوشتووە. لەوانەشە کابرای بکوژ بناسی؟ و نەتەوێ ئاشکرای کەی بەڵکە ئێ زیندانییەکەت بۆ زیندانی تا مردنێ بۆ بگۆڕن. کێ دەزانێ تاسبەینێ چ دەقەومێ؟ ئەوە بەرهەڵدایان کردی... کورە هەزار بەڵگە و ئەگەری دیش هەن...

قسەکەی پێ بڕیم: ئەوانە هیچیان نین، من لەو ژیانە وشک و برینگە بێزارم . ئەو ژیانەی هەشمبوو هەرمەرگیکی هێواش و لە سەرەخۆ بوو. فەرمانی خنکاندنێم رزگار بوونمە لەو هەموو دەرد و ئازار و ئەشکەنجانەی کە بێجگە لە من هیچ کەسێک دە دنیایەدا خۆی لەبەر ناگرێ. ئیدی ژیان بۆ من ناچێتە سەرێ. تازە بۆمن پێشکەوتن و چاکبوونی نییە.

– ئەو قسانە چ نین. دنیا هەر دێ و پێشدەکەوێ و بەرە و چاکتر دەچێ. تۆ تەماشا ئەو ترس و لەرز و زۆردارییەی ئەورۆ مەکە دنیای تەنیوە، باشە تۆ چ کارەی، ئەم دنیایە بۆ هەر بۆتۆ بەرەو ناخۆشی و خراپتر دەڕوات.

– مامۆستا بووم.

هەر بەم شێوەیە وام لێکرد تا وە قسەم هێنا.

باڵا بەرزێکی کە تەی بەهێز و تێکسمڕاوبوو، تەندروستی لێدەباری. باوکی لەسەر دەمی مەشروتییەدا کوژرابوو. داکێ خۆی

نەدیبوو. خوشکەکەی لە شارێکی دیکەی مێرد کردبوو و سەرقاڵی خاو و خێزانی خۆی بوو. ئەو بەتەنێ لەسەر ماڵی بابی مابۆوە و ئەو میراتەی بۆی بەجێمابوو، کەم و زۆر بای ئەوەندەی دەکرد خوێندنی پێ تەواوکا. ئێستاش لە قوتابخانە ناوەندییەکانی تارانێدا مامۆستایە. زۆر ترینی کاتی خۆی بە خوێندنەوەی بەسەر دەبرد. کتێبی زۆر خۆشدەویست، لەبەر ئەوەش کە تۆزێک شەرمێون و دەست و پێ سپی و کەم دووبوو زۆری رووی مەجلیسان نەبوو، بۆیە زۆری تام و چێژ لە کتێبان دەکرد و لەو دوا دواییانەش زیاتر ئۆگری فیلم و رادیۆ بوو بوو و زۆری لەزەت لێدەکردن. شەیدای نووسەری گەورەی رووسی دیستوفیسکی ببوو و هەر بۆ ئەوەی بشتوانێ کتێبەکانی ئەو نووسەرە وەخوێنێ هەوڵی دەدا خۆی فێری زمانی رووسی کا. فەرەنسی چاک دەزانی و کەمێکیشی سەر لە زمانی رووسی دەردەچوو. لەوەش بەولاوە تر جارجارەش لە قاوەخانەکانی تارانێدا دەدیترا خەریکی یاریکردنی شەترەنجێیە.

لەسینەماپڕا ئۆگری مۆسیقای هەندەران ببوو. لە ماڵێش رادێوی هەبوو و ئەو رادیۆیەش جێی تێکەڵاویەی لەگەڵ خەڵکانی دی بۆ گرتبۆوە و سەری خۆی پێ قاڵ دەکرد. مانگانە نزیکەی سەد و پەنجا تومانی لە قوتابخانەکان وەردەگرت سەرەڕای ئەوەش ساڵانە سێسەد تا پێنجسەد تومانیشی لە پارەی ئەو مولکانە پێدەگەیی کە لە نێوان ئامۆزاکانی و خوشکەکەیدا بەش دەکرا. ژیانێکی ئارام و یەک شێوە و بێ دەردە سەری بەسەر دەبرد. بەرزە فڕ نەبوو. خەیاڵی بوونە وەزیریەی بە مێشکیدا نەدەهات. بە پێچەوانەوە بە



چاوێکی قێزەوونییەوە (ئەویش بێگومان تا سنوورێک) سەیری ئەو جۆرە بیر و بۆ چوونانەی دەکرد.

خوشکەکەی کە چەند ساڵێک لەوی گەورەتر بوو دەیویست ژنێکی بۆ بێنێ و لەو ژیانە سارد و سڕە و تەنیاییەی رزگارکات و دایمەزرێنێ چونکە ژن و ماڵ و منداڵ و بەخێوکردنیان و دابینکردنی خواردن و جێ و رێ و بیر لە مووچە زیاد بوون کردنەوە و دابینکردنی هێمنی و ئاسوودەیی چەن کەسێک مرۆڤ وا سەرقاڵ دەکەن هەر تەنیا بەوانە رابگات و دووری خاتەوە لە کەندوکۆسپ و تەلەزگە و هەڵدێر و خەرەندەکانی ژیان. چونکە رێبواری کەنار دەریایە دەبێ ئەوە چاک بزانێ تا تێدەپەڕێ دەبێ زۆری ئاگا لە خۆی بێ نەکەوێتە ناو دەریایە دەنا گێژەکانی قووتی دەدەن.

بۆ خۆی نەیدەزای جەمسەری رێی ژیانی کامەیە. حەزی بە دەریا و هەڵچوون و شەپۆلەکانی دەریا دەکرد. بەڵام لە کەنارەکانی ئەو دەریای ژیانەشدا ئاسوودەیی و ئارامییەک هەبوو، تەنیا ئەو کاتانەی... ئەویش زیاتر ئەو دەمانەی کە تەنیا بوو، لەوانە بوو کتێبێک یا پەردەی سینەما، یا پارچە مۆسیقایەک، یائێش و ئازار و بەدبەختی کەسانی دیکە، هەڵچوون و تاسەیەک لەو تەوەرەی هێنابایە دەرێ و وای لێکردبایە لەو جەنجاڵی و گێژەنانەی دەراویشتبایە، دەنا هەمیشە هەر سەری لە گۆنگەڵان دەخورا. وەختێکی دەهاتەوە سەرەخۆ و هێور دەبۆوە، دەهاتەوە نێو دنیای خامۆشی و ساردی و سڕی ژیانەکەیەوە لە جیاتی ئەوەی سێسەد و پەنجا تومان بدا بە قالییەکی واچاترە بە قەرزی بکڕێ: هەر تمەنێکی ئەو قەرزەی عەبباسییەکی قازانج دەچێتە سەرێ، مانگانە

دەکاتە حەوت تومان، ساڵێ دەکاتە هەشتا و چوار تومان. باشە هەرچۆنێک بێت هەر باشە. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: سواری کەژاوێکی بوویمە ساڵدانە ساڵدانە لێرە و لەوێم دەگێڕێ وا لەو کاروانسەرایە بۆ ئەو کاروانسەرا، تا سەرەنجام دەمگەیەنێتە هەواری، بەڵام ئەو ئێسترەی کەژاوەکەی لێ بارکراوە چەمووشە جارجارە هەڵداوێ و دەیەوێ لە رێیەم لادات و لاڕێم کات. دەشزانم سەرەنجام دەمهاوێتە خەرەندی لاڕێیەکی."

بەڵێ ئەو ژیانە کتوپڕ شێوەیەکی دیکەی بە خۆوە گرت بە جۆرێکی دی گۆڕا.

مارگریتا!

لەگەڵ مارگریتا بەشێکی دیکە لە ژیانی ویدا دەستپێدەکا.

LIfaut chercger La femme

کلیلی هێمای ژیانی هەموو کەسێک بە دەست ژنانەوەیە.

ئەو ژنەش ناوی مارگریتا بوو.

من بۆ خۆم ئەو ناوەم لە "دەفتەری کەل و پەل و شتومەکە هێنراوەکانی زیندانییان"دا خوێندەوە. هەر یەکێک لە ئێمە بۆی هەیە لە بەندیخانەدا هەفتەی پازدە ریالی بدرێتێ. کەسوکارەکانیشمان چەندی بیانەوێ دەتوانن بە ناوی ئێمەوە پارە بدەنە دەفتەر (نوسینگە)ی زیندانێ و بەرامبەر بەوەش پسولەیەک بە ناوی ئێمە دەردەچێ و ناوی هەر یەکێک لەو زیندانییانەی پارە وەردەگرن لەسەری نوسراوە و ئێمەی زیندانییش بە گوێرەی ئەو پارەیەی کە وەریدەگرین و پێمان دەگات ئەو پسوولانە ئیمزا دەکەین. لەسەر پسوولەکەی مورتەزاش ئەم وشانە چاپ کرابوون "ناو و ناوی



خانەوادە (بنەماڵە) و ناو و نیشانی هێنەری پارە و شتەکان" : خاتوو مارگریتا.

لە سەرەتادا هەموو دەمێ لێم دەپرسی: "مارگریتا کێیە؟"

دەیگوت: "نایناسم."

بەڵام زۆر جاران مارگریتا بۆ خۆی دەهاتە بەردەرکی زیندانێ و خواردنی بۆ دێنا. جل و بەرگی نوێی بۆ دەکڕی، پارەی دەدایە. ئەو خواردنانەی بۆی دەهات ئەوەی پێوە دیار بوو کە ژنێکی زۆر کارامە و دەسترەنگین و بە سەلیقە دەینێرێ. جارێکی بیجامەیەکیان بۆ هێنا، بە پیتی لاتینی لێی نوسرابوو Mf. مورتەزا- ف. دەیتوانی چەند وەختێکی زۆر دەستەسڕە ئوتوکراوەکانی تاو توو و قەد بکات و چێژیان لێوەرگرێت. ئەگەر یەکێک بە وردی سەرنجی لە چاوەکانی مورتەزا دابایە، دەیزانی کەمێک تەڕن لە خۆشیان. گوڵیان بۆ بەجلەکانیەوە وەردەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا کە پاسەوانەکانی زیندانێ ئەو شیرینیانەیان هەموو لە پاکەتەکانی خۆیان دەردێنان و بەشەپڕێوی لە دەستەسڕە چڵکنەکانی خۆیان دەکردن و بەدەستی مورتەزای دەگەیشتن ئەوەیان هەر پێوە دیار بوو کە ژنێکی زۆر بە ئە مەک لە دەرێ چاوەڕێیەتی...

"مارگریتا. بەهیچ کەس نەڵێی، بە هیچ کەس..."

هێشتاش ئەو دەنگەم لە گوێدا هەر دەزرینگێتەوە. لەوانەیە لەبەر دەرکی زیندانێ یەکتریان دیبێ. رەنگە ئەورۆ دوای نیوەڕۆش لە شارەدارییەوە تەلەفۆنیان بۆ مارگریتا کردبێت کە: "وەرە و تەرمی خۆشەویستەکەتان ببەنەوە."

هەر ئەو ڕەجەبۆفەش بوو کە هەمان ڕەجەب عەلی ڕەجەبزادەیە، مورتەزای بەو کچە ئاشناکرد. لەگەڵ ئەو هەموو شەرمێونی و لەسەر خۆیی و ددان بە خۆداگرتنانەش کە لە مورتەزاوەم دەدیتن سەیرەکەی ئەوە بوو کە هەرکاتێ چەندی لەبارەی ئەو ڕەجەبۆفەوە دوابایە، زۆریشی لێوە دەدوا، کەچی هەر نەینا سیبوو و شارەزای هەرنەبوو چاوەکانی زەق و گەورە دەردەپەڕین و ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕا. لێوەکانی دەلەرزین. هەردوو دەستی دەهەوایدا دێنان و دەبردن. وشەکانی تێکەڵ وپێکەڵ و خێراخێرا و لەرزەکانە لە دەمی دەهاتنە دەرێ و ئاوای ڕەجەبۆف دەناساند:

"ڕەجەبۆف لەو کەسانە بوو کە لە قاوەخانەکاندا ئارەقی دەخواردەوە و ئارەقەکەشی دەجامی ئاو خواردنەوێ دەکرد و داوای یەک دووشیش کەباب و سەوزە و توورو چڵەی دی دەکرد و بە لرفەلرف دەزاری دەپەستاوتن. هەر بۆیەشی ئارەق دەجامی دەکرد، چونکە موسوڵمان بوو و پێی ناخۆش بوو و نەیدەویست لە نێوخەڵکی پلەو پایەی کەمبێتەوە و ئابڕووی بچێ." یانەکە دەیگوت: "ڕەجەبۆف لەگەڵ تاقمە خەڵکێکی هەمیشە پێچەوانە لەگەڵ تاقمێکی دیکەدا هەمیشە هاودەنگ و هاوڕابوو. ئەو تاقمەی بێکار بوون و ڕەجەبۆف هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سوودێکیان لێدەبینێ ئەوە هەمیشە بیر و ڕای لەگەڵیاندا جیاواز و پێچەوانە بوو و لەگەڵ تاقمەکەی دیشدا ئەوە لەکاتی قسە و گفتو گۆو بگرە و بەرداندا ئەوەی نەشیاویش بایە لەگەڵ بیر و



بۆچوونەکانی خۆی پێک دەگرتن و قبووڵی بوو. ئیدی ڕەجەبۆفیش هەروەک زۆربەی زۆری ئەو خەڵکانە وابوو."

"لەگەڵ بابی مارگریتا کە یەکێک بوو لە دۆستە هەرە نزیکەکانی خۆی، ئەوە هەمیشە هاوبیر و هاودید و هاوڕا بوو. جارێکیان لە داوەتێکی شەڕابی بەکراسە گوڵدارەکەی مارگریتادا ڕشت.

کراسێکی زۆر جوان بوو. زۆرم لەلا جوان و خۆشەویست بوو. مارگریتا بۆ خۆشی زۆری حەز لەو کراسەی بوو زۆر جاران ئەوکراسەی کە لەکەکەشی هەرپێوە دیار بوو لەبەر دەکرد. جارێکیان ڕەجەبۆف سەرنجی پەڕیە سەر ئەو لەکەیە و پرسی: "ئەوە ئەو کراسەتان بۆ وا لەکەدار کردووە؟"

مارگریتا ڕووی لە بابی کرد و گوتی: "ئەها بابە، تۆ فەرمووت لەکەکە چۆتەوە دیار نییە، ئەدی ئەوە نییە هەر ماوە، بابی ڕووی لە ڕەجەبۆف کرد" "چۆن لەکەکانیش دەبینی؟."

لە وەڵامدا ڕەجەبۆف ئاوای گوت: "لەکە، لەکەی چی، دادەی باسەیرێکی بکەم، نەخێر، هیچی وای پێوە دیارنییە، کوا هەر هیچی پێوە نییە" ئیدی لەو ڕۆژەوە تێگەییم کە چ جۆرە مرۆڤێکە."

ئاشنایەتی مورتەزا و مارگریتاش بەم جۆرە دەستپێکرد، مورتەزا دەیویست ڕووسی فێرببێ و بە دوای مامۆستایەکی ڕووسی زاندا دەگەڕا. یەکێک لە دۆستەکانی خۆی ڕەجەبۆفی بەو ناساند کە ڕووسییەکی چاکی دەزانی. دوای ماوەیەک ڕەجەبۆف ئاوای بە مورتەزای گوت:

"زۆر چاکە من ئێستا لە تۆ شارەزا بووم، دەزانم لاوێکی نەجیبزادە وخانەدانی. دەمەوێ خزمەتێک هەیە پێت بکەم.دۆستێکی

خۆمم هەیە کە پیاوێکی یەکجار زۆر چاکە، کچێکی هەیە رووسییەکی چاک دەزانێ. ئەگەر ئارەزوو دەکەی ئەویش حەزی لێیە فیری فەرەنسی بێ. تۆلای ئەو رووسی بخوێنە و تۆش ئەو فێری فەرەنسی کە."

چونکە مورتەزا مرۆڤێکی شەرمێون بوو نەیویست ئەو پێشنیارە قبووڵکات و گوتی: "زۆر سوپاس بەڵام من پێم خۆشە مامۆستایەکی پیاو هەبێ بەپارە دەرسم پێ بڵێ. دەترسم ئەوەی تۆ دەیڵێیت نەتوانم وەک پێویست ئەنجامی بدەم."

– ئارەزووی خۆشتانە، بەڵام ئەوەش باش بزانە کە ئاواچاتر فێر دەبێت و لە منیشی ببیە، کە ئەو پێشنیارەی من قبووڵکەی. ئەگەر زانیت سەرکەوتوو نابیت، ئەودەم من هەوڵدەدەم یەکێکی دیکەت بۆ پەیداکەم. گوێش مەدەیە. خێزانی ئەو ئاشنایەی من مرۆڤی یەکجار زۆر باش و بەرێزن دڵنیابە کە پەشیمان نابیتەوە. مادموازیل مارگریتا کچێکی یەکجار زۆر زیت و زرنگ و زیرەکە و رووسیش زۆر چاک دەزانێ، ئەوە سەرەرای ئەوەش کە بۆ خۆی هەرخەریکە و زۆریشی حەز لێیە فێری فەرەنسی ببێ. بەراستیش خێزانێکی یەکجار زۆر چاکن.

دیسانەوە مورتەزا ملی هەر نەدەدا و نەیدەویست وەڵامێکی بنەرەتی بداتەوە. رەجەبۆف ئەوەی بە رازیبوونی مورتەزای زانی و وەدوو پەیسەری ئەوکارەی کەوت.

– سبەی نیوەرۆیە من لەوێم. تکادەکەم کە ئێوەش قوتابخانەتان تەواو بوو، هەر یەکسەرە وەرن بۆوێ و دوای چەند دەقیقەیەکی، پاش نیوەرۆیە ئیدی مورتەزا بەرەو وێندەرێ ملی لێنا.



– ٢ –

ئاواڵە زیندانییەکەی ژوورێم، گرینگییەکی یەکجار زۆری بەو یەکەمین دیدارەی مارگریتا دەدا.

بەو یەکەم دیدارەی کە ژیانی وی لە سستی و پەستی و بێ بزاوتی راکێشایە نێو دنیای جموجۆڵ و هەلسورِی ژیانێکی دی و مانا و مەبە ستێکی دیکەی بەخشیە ئەو دوایین دیدارەی کە بۆ دواجار هاواری لێکرد: "مارگریتا، مارگریتا، بە هیچ کەس نەلێی، بەهیچ کەس..." لە وانەشە ئەوجارە دوایین دیداریشیان نەبووبێ، لە وانەیە دوێنێ بەیانیش کە لە زیندانێ چۆتە دەرێ، لەبەر دەرکێ، لەو جێیەی ئۆتومبێلی لێ رادەوەستن و پاسەوانەکان کەس و کاری زیندانییەکانی لێ وەدوور دێخن تا زیندانییەکان نە دوێنن، لەوێ دیبێتی، یا لەوانەیە مارگریتا جارێکی دیشی تەرمەکەی دیبێ. کە بێگومان مورتەزا جارێکی دی ناتوانێ ئەم دوایین دیدارەیان بگێرێتەوە، وەک ئەوەی کە یەکەم دیداری بە خودی خۆی بۆ گێرامەوە کە هەرچی هەست و نەست و چێژ و شلەژان و دڵەکوتەی تووشی ببوو هەمووی بۆ باسکردم. ئای خۆزگە بە خۆزگەی خوزیە داران دەمتوانی تەواوی ئەو وشانە وەک خۆیان بگێرمەوە، تا ئاشکرابێت کە، ژیان، و بەسەرهات و بەڵا و کارەساتەکانی ژیان و ئێش و ئازار و ئەشکەنجەکانی، چۆن مرۆڤ قاڵ دەکەنەوە و دەیانکەنە شاعیر و هونەرمەندانیان لێ دەرەخسێنن. ئێستاش نە ئەو دز و جەردە و رێگر و بۆگەنیوانەی کە لەبەردەممدا راکشاون و پرخەیان دێ و نە مورتەزای تاوانبار کراو بە مەرگ و نەناڵەی مارگریتای لە بن باری غەم و ئێش و

ئازار و کوێرەوەرییەکانی ژیاندا و نەمنێکی کە بەو نیوەشەوە بە دزیەوە خەریکی نوسینەوەی ئەم یادداشتانەی سەر ئەو چەند تیلمە پەڕەکاغەزانەم و هەمیشە گوێ لەسەرپێی خشپە و تەپەی پێ و چەکمەی ژاندارم ێکم بەرەو بەندی شەش و ژوورەکەی ئێمەوە بێ و یاچکەچکی دەنگی کلیلەی گاردێکی بەندیخانەبێت دەرگایەک بکاتەوە، هەموو وەک یەکین و هیچ جیاوازییەکمان لە نێوانێدا نییە. ئێمە و مانان هەموو کە کەوتینە ژێر نیر و ئامور و باری ئەشکەنجەکانی ژیانەوە، ناچارین پەلەقاژەی خۆ رزگارکردن بکەین و پەلان باوێین و هات و هاوارمان لێ هەستێ کە ئەمەش دوا هۆیەکانی دەربڕینی هەست و نەستەکانە کە ئەوانەش هەمووی خوێنی پارچەی جەرگی خۆمانن دەتکێن، ئەو پارچانەی کە لە کرۆکی گیانمانەوە بەو جۆرە خۆ دەنوێنن. کە تێکڕای مەبەستەکەش تەنیا هەر ئەوەیە کە ئێش و ئازار و خۆشی و شادییەکانمان بەهەر ڕێگا و بەهەر شێوەیەکە دەربڕین کە بێگومان ئازار و غەم چێشتوو هەمیشە زیاتر و باشتر پەی بە ئازار و ناخۆشییەکانی کەسانی دی دەبا. منێک کاتێ بیر دەکەمەوە کە ئەوە چوار ساڵە، ماهتبابم تەنیا لەو دیوی تەلی پەنجەرەوە دیوەو لە نێوان میلە ئاسنەکانی دەرگای بە ندیخانەوەم سەیرکردووە، یا کاتێ دەبینم، ئەو دزەی کە لەگەڵ هەر هەناسە یەکیدا پرخە پرخێک و چنگێک بۆ گەنیو بە هەوای وەردەکا و لەگەڵ ئەو دە هەزار یا پەنجا هەزار یاسەد هەزار تومانە دزیەی کە لە رەنجبەر و زەحمەتکێشانەی ئێرانێی کردووە، چەند رۆژێکی دی لێی دەبوورن و بەرهەڵدادەکرێ، کەچی بۆ من هێشتا چەندین ساڵی دیکەی هەر هەمان پرخە پرخ و هەمان



بۆگەنیو و هەمان چکەچکی کلیلی گاردیان و هەمان خشپە و تەپەی چەکمە و جارجارەش جنێوو سەر زەنشت و دوور خرانەوەیە. خۆ شتێکی سروشتییە کە کارتێکردنی شرۆڤەی Dance macabre مورتەزای هەرچەندە وشەکانیشی کرج و کاڵ و نا شاعێرانەشن، لەسەر من زۆرە و بەلانی کەمەوە مورتەزا ئەو هەست و نەستە توند و تیژانەی دنیای من بە شێوەی سەمای پەیکەرە ئێسکی مردووەکان دەبینێ. بەڵێ، من مردووەکان دەپەرستم و خۆشمدەوێن. بەڕاستی من بە خۆڕایی هاتمە سەر ئەم باسە و ئاماژەم پێکرد. خۆ مورتەزا گەلێک لە من چاکتر ئەمە بەیان دەکات:

"چارەکە سەعاتێکی خایاند تا لە قوتابخانەوە سواری گالیسکە بووم و خۆم گەیاندە ماڵێ وان. ماڵەکەیان لە سەر شەقامی نادری بوو- کە دەچوویە نێو حەسارێ بە دەستی چەپدا پلیکانەکان دەچوونە سەر دالانێکی و لەوێرا دەچوویە ژوورێکی کە پەنجەرەکانی بەسەر هەیوانییدا دەڕوانی.

کارەکەرەکەیان بەبێ ئەوەی هاتنی من ئاشکرا بکات منی بردە ژوورێکی بچکۆلانە. لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا مێزێکی خڕی گەورەی لێبوو و کاغەزیان لەسەر هەڵچنیبوو . پیاوێکی ئاقڵ و شۆخە کچێک و رەجەبۆفی ئاشنایەکەی منی لە دەور دانیشتبوون. هەرکە چوومە ژوورێ رەجەبۆف گوتی: "ئەها، ئەوە کاک مورتەزا-ف- یە. فەرموون فەرموون وەرنە ژوورێ." ئەو بەخێرهێنانەییم زۆر بەلاوە گران و ناخۆش بوو. من وامدەزانی دەچمە ماڵە ئێرانییەک دەمبەنە ژووری میوانان و دوایە یەکێک دێ لەگەڵم

دادەنیشێ و دەست بەقسان دەکا، یان ئەوەتا لە دەرکێ چاوەڕێ دەکەم. ئیدی هەر چۆنێک بێ ئەوەم بەخەیاڵدا نەدەهات کە یەکسەر بانگهێشتنی سەر مێزی نانخواردنێم دەکەن. لە ڕەنگ و ڕواڵای بابی مارگریتاڕا دیار بوو کە دەو دەمەیدا چاوەڕێی ئەو هاتنەی من نەبووە. یا لەوانەیە بیری چووبێتەوە کە بڕیارە کەسێکی وا بێت و دەرس بە کچەکەی بڵێ. لێکی دەداوە داخوا کێم. دەیویست بمدوێنێ و نەیدەزانی بڵێ چی. دەنگە ناسکەکەی مارگریتا وەک زرنگەی پارچە زیوێکی وەبەردی کەوێ زرینگەی هات.

– بابەگیان، ئەوە ئەو بەڕێزەیە کە دەیەوێ ڕووسیم لەلافێربێ.

"مارگریتا چەند ساتێکانم لێ ورد بۆوە. لە جێی خۆی هەستاو پێکەنی. پێکەنینەکەی دەتگوت تیشکی زێڕینی خۆرەو لە بن هەوری سارد و تاریکەوە سەری وەدەر ناوە و دنیای شاد و شەنگوڵ کردووە.

چەند تاڵە موویەکی قژی وەک تاڵە دەزووی زێرکفت دەهەوایدا گەمەیان بوو. لەشو لارە باریکەلانە مام ناوەندییەکەی دەو پشتێندە پانەی کە بەستبووی، لوتکەی گونجاوی و ڕێکوپێکی بوو. چەند زەردەخەنەیەکی نەرمونیانی هاتنێ. بۆ گاڵتە پێکردنی من نەبوون، نا گاڵتەی بە من نەدەهات. لەسەرتاپای دەڕوانیم. من جانتا و دەستکێشە چەرمییەکانم هەر بە دەستەوە بوون، کڵاو و پاڵتۆیەکەمم لە دەرێ لەسەر لاتەختێکی لەوێ بەجێهێشتبوون. دەستی ڕاستم بۆ تەوقە کردنێ بەرهەلدابوو، لەوانەشە ئەو پێکەنینە شادی بەخشەی مارگریتا زیاتر بۆ ئەو جانتا زەردە گەورەیە بوووبێ کە ئەو چاوەڕێی هێنانی دەکرد.



"دەترسام زۆر تەماشاکەم، دەترسام ئاگری وی بمسووتێنێ. چاوم دەو تابلۆیە گەورەیەی سەر دیوارییەوە بڕیبوو. لەبەر ئەوەی شەرمم دەکرد و بیرم دەکردەوە چۆن خۆم لەو گێژەنەی ڕزگارکەم کەتێی کەو تبووم. تەنیا ئەو ڕستەیەم بە خەیاڵدا هات:

– ببوورن، من لە ناوەختدا هاتم. ئێستا دەڕۆم و کاتێکی دی سەردەدەمەوە. ببوورن "کۆتایی وەرزی زستانێ بوو پرتەقاڵیان لەسەر مێزەکەی دانابوون.

ئەوەم گوت و ڕانەوەستام. تەنیا کاتێ کە لەپلیکانەکان دەهاتمە خوارێ، گوێم لێبوو بابی مارگریتای دەیگوت:

– کوڕە دەفەرموون قەیدی چییە. دانیشن هەر نەبێ پرتەقاڵێکی بخۆن.

"من گەیمە حەسارێ. کارەکەرەکە لەبەر دەرکێ ڕاوەستابوو، دەرگای کردەوە تابچمە دەرێ. مارگریتا وەک برووسکە بە پلیکاناندا هاتە خوارێ و لەبەر دەرکێ خۆی گەیاندمێ و گوتی:

– کەنگێ دێیەوە قسان بکەین؟

"ئاوازی دەنگی وەک زرینگەی پارچە زیوێ بوو، قژە درێژ و پڕەکانی تا نێوشانی شۆڕببوونەوە و لەهەر دوولا گوێیەکانییەوە وەک دوو توڕڕە بەدرێژایی باسکەکانی لول و پێچ ڕاکشا بوون. چاوە شینەکانی وەک چاوی پشیلەی دەدرەوشانەوە. لەتەواوی ژیانی خۆمدا کچی هێندە جوانم نەدیبوو. دەمی دەتگوت خونچە گوڵی نە پشکوتووە کە هێشتا بۆنی تێنەزاوە لێوەکانی ئاڵ. گۆناکانی خڕ و خڕپن، پێستی لەشی دەتگوت مەخمەری خەواڵووە، ئەو بۆنە

خۆشەی لێوەی دەهات گێژ و وێژی کردبووم. شەلاڵی ئارەقەی بووم. زمانم گیرا دەمم تێک ئالا:

– بۆ دەرسی رووسی هاتبووم.

– دەزانم، باشە، کەی دێنەوە دانیشین دوو قسان بکەین.

– هاتبووم بڕیارێک بدەین.

– ئەدی باشە بۆ دەڕۆی. دەفەرموو وەرەوە سەرێ با بڕیاری خۆمان بدەین "من سوور هەڵگەڕام، تێگەیی کە شەرمێ دەکەم دووبارە بگەڕێمەوە سەرێ.

– ئەدی کەنگێت پێدەکرێ؟

– من هەمیشە ئامادەم.

دەنگە پاک و بێگەردەکەی وەک ساز و ئاوازی مۆسیقا دنیایەکی ئەفسانەیی لە ناخی مندا وەدیهێنا.

– ئەمشەو کاتژمێری حەوت تەشریف بێرن.

"دوایی دەستی گرتم قاقا پێکەنی و من چوومە دەرێ، دەستە پاچە، کەگەیمە کۆلانێ، دەستوپەنجەکانی خۆمم پێکتر دادێنان داخوا هێشتاش هەستی دەستوپەنجە ناسکەکانی وی دەکەم یانە نا. من هەرگیز ئەو دیمەنەی بەر دەرگام لە بیر ناچێتەوە. لەوانەیە چەند رۆژێکی دی..."

کاتێ کە مورتەزا لە بارەی مارگریتاوە دەدوا هەرگیز وا ینە دەزانی کە لە زیندانێیە و لە بەندی شەشدایە. هیچ ئاگایەکی لە من نەدەما و وەک ئەو بیرەوەریانە هەر تەنیا بۆ خۆی دووبارە کاتەوە، دڵنیام لەوەی کە دەربارەی مارگریتا دەدوا تاڵە تاڵەی مووە زەردە زێڕینییەکانی ئەوی هەست دەکرد. جاری وابوو ماوەیەک بێدەنگ



دەبوو ئەودەمی خۆی لە دنیای خەیاڵدا دەدیت و دەیگوت: "سوودی چییە؟ ژیان چەند شیرینە هێندەش تفت و تاڵە. تفت و تاڵییەکەیشتان جارێکی دی بۆ باس دەکەم."

ئەودەمی من چاوەڕێی هەلێکم دەکرد.

زستانان کاتژمێر چوار و نیو دەیانبردینەوە ژوورێ. بەلای کەمەوە رۆژێ پێنج کاتژمێرمان هاتنە دەر هەبوو. لە دەرێ هەریەکە سەرقاڵی شتێک بوو یەکێک ئەسپێی دەکوشتن و یەک دەرپێیەکەی بە پەنجەرەی دادەدا و هەڵیدەخست. یەکێ باوێشکی دەدا و ئەویدی خەریکی ئەبو عەتا گوتنێ بوو، یەکی دیکە گۆرەوییەکانی پینە دەکردن، ئەو دەمی نە دەوێرام داوای ئەوەی لێبکەم کە خۆشترین هەستەکانی خۆیم بۆ باس بکات و هەر چاوەڕێی ئەوە بووم کە ئەگەر پشکنین نەبێ و تەپوتۆزی قاڵی و رایەخی زیندانییەکان لێبگەڕێ، یا پاسەوانێکی تازە بۆ تەنیا چایەکی لێمان نەبێتە مووی لووت و هەلێکم دەسکەوێ ئەوەیش تاقەتی ئەوەی هەبێ بتوانێ سەرگوزەشتەی تەواوی بەدبەختی و چارە رەشییەکانی ژیانی خۆیم بۆ باس بکات.

"ئەو شەوە کاتژمێر حەوت چوومەوە. نازانم بۆ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو رۆژە کارێکی زۆریشم هەبوو کاتژمێر پێنج گەڕامەوە ماڵێ و وەک منداڵان کە خەریکی چوونە ماڵانن، خۆم ئامادەکرد. هەر چەندە سەر لە بەیانی ئەو رۆژە ریشیشم تاشیبوو دووبارە دوای نیوەڕۆ مووسێکی دیکەشم هەر پێداهێنایەوە. جلێکی خۆڵەمێشیشم کە زۆر جوان دروابوو لەبەرکرد و کراواتێکی خۆڵە مێشی گوڵ

گوڵیشم لەسەر بەست. پاڵتۆیەکی کەمەر تەنگی مۆدی ئەوسەردەمیم لەبەرکرد و سواری گالیسکەبووم.

بە درێژایی ڕێیە دڵم تەپە تەپی بوو. هەزار جۆرە بیری خۆش و شیرینی جۆرا و جۆرم دەکردنەوە. ئایندەیەکی درەوشاوەم بە بەرچاوی خۆمەوە دەدیت. بەڵام بۆ خۆم باوەڕم نەدەکرد. کاتێ کە جوانی و شل و ملی قەد و باڵاو ناسکی پێستی مارگریتام وەبیر دەهاتنەوە لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "نا، هەرگیز نابێ کە زەردە خەنەکەیشیم دەهاتەوە یاد و ئاوازی دەنگەکەیم دەگوێدا دەزرنگایەوە، ئەودەم دەمگوت: " ڕەگ و ڕیشەم دەردێنێ. بۆ هێندە لەسەر ئەوە سوور بوو کە دەبێ ئەوڕۆ هەر بچمەوە. بۆ؟ بۆ ئەوەی لەلای من فێری فەرەنسی بێ.

بۆ خۆم نەمدەزانی، چیم دەوێ. بەڵام هەرچی بێ ئەو بیر و خەیاڵانە هەموویان شیرین بوون.

چەند دەقیقەیەک پێش کاتژمێر حەوت من لەبەر دەرکی ماڵییان دابەزیم، ئیدی یەکسەر دڵم وە پەلەپەل و هەلە هەل کەوت. وام بە دڵداهات کە ئەوان یەکسەر دەزانن بۆ چوونە وێم ئاواخۆ تیف تیفە داوە. دەستە سرێکی تۆزاویشم بە سەر و ڕووی خۆمداهێنا و تۆزێکیشم قژی سەرم بە دەستی ئاڵۆز کرد تا نەزانن تازەم وا داهێناوە چونکە چاک نییە ئەوان ئەوەی بزانن وتێبگەن کە من بە تایبەتی بۆ وێم وا لە خۆ کردووە. دەمەویست پێڵاوەکانیشم نەختێک قوڕاوی کەم دەودەمەیدا و لە پڕ دەرگا کرایەوە. هەر بەو خەیاڵەی کە ئەوە دەرگای ماڵی وانە، زەرد هەڵگەڕام بەڵام چاک



بوو دەرکی ماڵە دراو سێیەکەیان بوو. زەنگی دەرکێ وانم لێدا. کارەکەرەکەیان دەرگاکەی کردەوە.

هەرکە گەیمە حەساری، بابی لەبەر هەیوانێ ڕاوەستابوو، لە پلیکانەکان هاتە خوارێ و پێی گەتم:

"فەرموون، فەرموون، بۆ سەرێ. تاوێک لەگەڵ کیژەکەماندا بدوێن. ئێستاش نانی ئێوارێ دەگاتێ."

شێوە زمانەکەی تورکییەکی خەست و خۆڵ بوو. من گوتم:

– سوپاس، بەڵام من نانی شێوانم خواردووە.

– فەرموون بۆ سەرێ، ئەوەی بێتە ماڵێ مە دەبێ شتێکی هەر بخوا. ناکا نەتەوێ نمەکمان بکەی."

ئەوەی گوت و منی ڕەوانەی ژوورێ کرد. کە چوومە ژوورێ مێزێکی گەورە لە ناوەڕاستی ژوورەکە داندرابوو و گڵۆپێکی گەورەشی لە بن میچەوە بە سەردا شۆڕببۆوە کە هەرچوار دەورەی بە چلچرا و سورەییای بە وردە شووشە و پلپلەی بریقەدار ڕازا بۆوە. ژوورەکە مەیلەو ڕووناک بوو. پەردەی ئەستوور و سەنگین بەری ئەو پەنجەرانەی گرتبوو کە بە سەر حەسارێیاندا دەڕوانی. لە گۆشەی لای چەپەوە دوور لە هەیوانەکە پیانۆیەکی گەورەی لێبوو کە لایەکی گرامافۆن و لایەکەی دیکەشی رادیۆیەک بوو. مارگریتا کراسێکی شینی کاڵی یەخە چین چینی گەورەی لەبەر کردبوو و بە قەیتانێکی لە شێوەی پەپوولێکی لەسەر سینگی گرێدابوو. نازانم هۆی ڕووناکی گڵۆپەکە بوو یاگڕی سۆپا نەوتییەکە یا پەردە ئەستوور و سەنگینەکان، یا ڕەنگە ڕەشەکەی پیانۆیەکە، یا هەر کامێکیان بووبێ، ڕەنگی مارگریتا بە پەشۆکاوی

دەهاتە بەرچاوان. مەبەستیش ئەوە نییە بڵێم گۆناکانی سوور و ئاڵ نەبوون نا... بەڵکە بەلای منەوە هەر ئەو مارگریتایە بە هەزاران جار لە نێوەڕۆیە جوانتر بوو کە دیبووم.

مارفینکا لەلای پیانۆیەکەوە راوەستابوو. مارفینکا دەستە خۆشکی مارگریتا بوو. ئەوان پێکەوە هەر بە رووسی دەدوان- ئەو کچی کابرایەکی رووسی بوو و هەر لە ئێرانیش لە دایک ببوو. بابی نەمابوو. لەگەڵ دایکیدا کە مێردی بە کابرایەکی ئێرانی کردبۆوە دەژیا.

کە من چوومە ژووریَ مارگریتا یەک دەستە نۆتەی پیانۆی لەسەر کورسییەکە تاودایە و بردنی لەسەر تەپڵەکێکی چکۆڵەی تەنیشت پیانۆکەی دانان: "باش بوو، لە کاتێکی چاکدا هاتیت، دەستە خوشکەکەم ناناسی؟ مادموازیل مارفینکا..." لە پێشدا بۆ خۆی تەوقەی دەگەڵ کردم. ئینجا منیش دەستم بۆ تەوقەی مارفینکا درێژکرد. ئەو دەم مارفینکا ماڵاوایی کرد رۆیی و من و مارگریتا لە ژووریَ بە تەنیَ ماینەوە.

- جاریَ نانی دەخۆین. ئەوجا دەربارەی کارەکانمان دەدوێین.

- من نانم خواردووە.

- قەیدی چییە. هەروا یارمەتی ، یەک دوو پاروانمان بدە. ئەوە چاوەڕێی رەجەبۆفین بێتەوە.

ئاواچەند وشەیەکی گوتن و زۆر بە سادە و ساکارییەوە سەیری دەکردم و چاوەڕێی وەڵامی دەمی من بوو.

- هەمیشە هەروا درەنگ دێتەوە، باشتر.



هەر دەیگوت و پێدەکەنی و تەنانەت لەرەی دەنگەکەی هەر خۆی لە خۆیدا پێکەنین بوو، وەک دەنگی لەرەی تەلی تارێک دەهەوایدا دەلەرییەوە. هەر گیز لەسەر ئەوەی رانەدەوەستا من وەڵام بدەمەوە یان ئەو هەر دەیگوت: "ئەوە بۆ واشەرمنی؟ بابە پیاوێکی چاکە دەتوانی ببیە ئاواڵی. تەمەنی لە پەنجای بەولاوە تر هەڵنەبواردووە، بەڵام گیانێکی ناسکی هەیە و ئێسکی سووکە. بەدبەختە هەمیشە هەر نە خۆش و تووڕەیە. پێم ناخۆشە کە با ستۆنە ئەستوورەکەی بە دەستەوە دەگریَ. ئەدی تۆ چەند ساڵیت؟"

چاوەڕێی وەڵامی من بوو بەڵام نەمدەزانی چۆنی بانگ کەم، ئەگەر ناوەکەی فارسی بایە ئەوە زۆر ئاسان بوو بڵێی: ئەختەرخان یا پەروانە خان. بەڵام مارگریتا خان زۆر قورسە لە سەر گویَ و دەموزاران. چونکە زمانەکەی ئێمەش فارسییە مادموازیلیشی لەگەڵ رێک نەدەهاتەوە، بەڵام هەر ئەوەش چاتر بوو "من بیست و پێنج ساڵم ماد... مادموازیل."

- بە مادموزیلم بانگ مەکە، چونکە بەوەی زۆر دەبێتەوە رەسمیات. هەر کاتیَ فێری فەرەنسی بووم ئەودەمی بە فەرنسیت لەگەڵ دەدوێم. و ئینجا تۆش دەتوانی پێم بڵێی mademoiselle. ئەریَ چاکم گوت؟ من بۆ خۆم کەمێکم فەرەنسی خوێندووە. ئێستاش لای تۆ چاکتر فێر دەبم. من رووسی باش دەزانم. دایکم رووسییە و ئێستاش هەرماوە.

هەستا بەرە و لای گۆشەیەکی ژوورەکەوە چوو و لە بن مێزەکە ئەلبومێکی دەرێنا. گوتی:

"بفەرموون ئەمە وێنەکەیەتی سەیرکەن چەند جوانە. نازانم ئێستا لە کوێیە. چونکە لە ئێرانێ نییە و زۆریشم خۆشدەوێ. وێنەیەکی گەورەی لە ژوورەکەمدا هەڵواسراوە، هەزار ئەفسوس کە لای وی نیم ولێم دوورە."

وێنەکەم لێوەرگرت و کەوتمە تەماشا کردنی. راستی دەکرد تابلێی زۆر جوان بوو. ترسی ئەوەم لێنیشت نەکا ژووری نوستنەکەیم پیشاندات. گوتم: "لەوێنەکەیەوە دیارە کەژنێکی یەکجار زۆر جوانە."

– ئێستاش کە نامەم بۆ دەنێرێ رامدەسپێرێ زۆرم ئاگا لە بابم بێت چونکە ئێستاش زۆری خۆشدەوێ. حەزم دەکرد لێی بپرسم داخوا هۆی لێک ترازان و دەست لێک بەردانیان چ بووە بەڵام نەموێرا. مارگریتا لەسەر قسەکانی هەر بەردەوام بوو:

مارگریتا لەسەر قسەکانی هەر بەردەوام بوو:

– بەڵام پێتوانەبێ رووسیم لەبیر چۆتەوە. ئێستاش رۆژێ یەک دوو سەعاتان بە رووسی دەدوێم.

پرسیم: "لەگەڵ کێ؟."

– لەگەڵ مارفینکا. زۆرمان یەکتر خۆشدەوێ و ئاواڵی چاکین. پێکەوە مۆسیقا لێدەدەین پێکەوە چوار دەستەکی پیانۆ دەژەنین. کچێکی زۆر چاکە.

هەر دەدوا و پێدەکەنی. جارجارەش رووی تێدەکردمەوە و شتێکی دەربارەی من دەگوت و لێی دەپرسیمەوە: "تۆ حەزت لە کتێب خوێندنەوییە؟؟" یانەکینێ "کام نووسەری رووسیت لەهەمووان



خۆشتر دەوێ؟" یاخود دەیگوت: "من شەیدای پۆشکینم، چونکە ئەو لە هەموو کەسێک زیاتر پەی بە ئازارەکانی مرۆڤ دەبات."

من سەرم سوڕمابوو کچێکی وا بەو هەموو ناسکی و نازدارییەوە، ناوی ئێش و ئازار و دار و نەداری و ناخۆشییەکان دەبا. دیسانەوە هەر دەدوا و پێدەکەنی. وەک بە بیریدا نەیە کە قسان دەکا.

– گەرماتان نییە؟ ئەگەر حەزت لێیە با سۆپایەکە کەمێ کزتر کەم. من گەرمام نەبوو.

ئەرێ خۆ نەتگوت داخوا مۆسیقات پێخۆشە یان نا؟ بێگومان حەزم لە مۆسیقابوو.

– ئەگەر ویستت ئەوا مۆسیقات بۆ لێدەدەم بەڵام تۆزێک راوەستە، دوای نانخواردنێ. رەجەبۆف حەزی لە مۆسیقانییە، ئەگەر نەخواتەوە لەگەڵ بابم یاری شەترەنج دەکا. ئەودەم من پیانۆت بۆ لێدەدەم. چ جۆرە ئاوازێکت حەز لێیە؟ خۆ ئەگەر جاری وا دەبوو چاوەڕێی وەڵامی منی نەکردبایەوە پێدەکەنی و درێژەی بە قسەکانی دەدایەوە.

کەوتبوومە گێژەنی ئەو ئەفسوونەی لەوی هەڵدەستا. لە بزاوتی دەمولێوە باریکەڵە ناسکۆڵەکانی رادەمام. خەریک دەبوو دە فراوانی و بەرینی و قووڵی دەریای ئەو شادی و خۆشی و شەنگوڵیەیدا نقووم دەبووم و دەخنکام. ئاوازی وشە ناسکەکانیم دەمژی. بۆن و بەرامەی ئەوتیشک و گەرمیەم دەکرد کە لە لەشی وی هەڵدەستا. تامی جوانیم دەچێشت. مەستییەکی خەست و خۆڵ، ناکامی، دابڕان و حەسرەتێکی زۆرم لە خۆمدا هەست دەکرد. چووبوومە نێو

دنیایەکی نوێوە، جیا لە دنیای هەمووان، لە دنیای خۆم، دوور لە دنیای ژیانی ڕۆژانەی یەک ڕەنگە، ئەم دنیایەی ئێستا پڕیبوو لە هیواو حەز و ئارەزوو. لەم دنیایەدا کەس نەیدەزانی بەیانی چ دەقەومێ، لەم دنیایەدا مرۆڤ بۆیە حەسرەتان هەڵدەکێشێ، ئێش و ئازار و ئەشکەنجە دەچێژێ چونکە بە هیواو ئومێدی هێندێیە لە دواییدا ئاسوودە بێ و وەحەسێ و تامی ڕاستەقینەی ژیان بکا. مارگریتا بۆ هەر پێدەکەنی؟ گاڵتەی بە من دێ، کێ دەڵێ گاڵتەی بە من دێ. لەوانەیە خۆشیشی بوویم. ڕەنگە دواتر ببینە دۆست و ئاشنا و خۆشەویستی یەکدیش. دەگونجێ ڕۆژێک کەمێک، یا هەرنەبێ تۆزقاڵێکی خۆشبوویم ئەو دەم هەرچیم هەیە تەنانەت بوونی خۆشم هەمووی هەر قوربانی وی دەکەم. چەند خۆش دەدوا، من نەمدەوێرا هیچی لێ بپرسم. بەڵام لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "مارگریتا، تۆ چۆن بیر لە من دەکەیتەوە؟." خۆ جوانی و خۆشی ژیانیش هەر لەو نەزانینە دایە، کە مرۆڤ هەر بە هیوای سبەینێوە، کە چاکتر و ئارامتر و جوانتر دەبێ ژیان بەسەربەرێ.

دەو دەمەیدا بابی هات: "خۆ بەڕێز- ف- هەر قسێکی ناکا. هەر من دواوم."

- باشە ماری، بۆ هێندەت گوتووە؟ تۆزێک ڕاوەستابای تاکاک- ف- ش دوو قسەی کردبان.

- بەڵێ.

- چەند ساڵە دەرس دەڵێنەوە؟

وئێمە وەک دوو پیاو، چۆن لەگەڵ یەک دەدوێن، کەوتینە قسان، ئینجا ڕەجەبۆف هات و هەموو چووینە سەرمێز و دوای



نانخواردنیش کەوتینەوە قسان. لە زۆر لایەنانەوە دواین ، دەربارەی کار و پیشە و ئایندەی من و بار و دۆخی دنیایە.

تازە بڕیارگەلی میۆنیخ درابوو. دەربارەی جەنگیش کە گوایە ئەڵمانیا شتێکی وای داهێناوە ئەگەر هەموو دنیا پێکەوە ببنە لایەک ئەوا ئەو بە تەنێ دەرروەستیان دێت و هەمووان دەشکێنێ و سەر دەکەوێت. دیسانەوە هاتینە سەر ئەوەی کە لەوانەشە جەنگ هەر نەقەومێ. ڕەجەبۆف زیاتر گرینگی بەوە دەدا کە ڕژێمی رووسیا هەر دەبێ لێک هەڵوەشێ. چونکە دەیگوت چۆن دەبێ ئەو هەموو کارخانە و فابریقانە لە دەست خاوەنەکانیان بێننە دەرێ؟ بۆ دەبێ ئەو پێنج خانوو و بەرەی کە لە بادکوبە هەیبوو نەیدەنەوە. لە جێی وان خانووەکانی قوتابخانەیان دروستکردووە. ئەو باغچەی بابی کە ئێستا کراوەتە جێ پەروەردەی منداڵان، هەتا دنیا دنیایە گەورە و چووکایەتی و ئاغا و نۆکەریی و دەوڵەمەندی و هەژاری هەر هەبووە و هەر دەشبێ. جگە لەوە لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە کە بازرگانی نەما هەی! وڵات بێ بازرگانی بوون و نەبوونی چییە. پێشکەوتنی هەر وڵات و مەملەکەتێک بەندە بە سەرمایە دارانی ئەو وڵاتەوە.

دەفەرموون بازرگانێکی رووسیم پێشاندەن. و زۆر شتی دیکەی تریش.

ئەو دەمی مارگریتا هاتە ناو قسانەوە:

- بابە، چەند لەسەر سیاسەت دەڕۆن؟ من دەمویست کەمێ پیانۆ بۆ بەرێز مامۆستا- ف- لێدەم، ئێوەش ئەگەر ناتانەوێ گوێ لە مۆسیقا بگرن. شەترەنجەکەی خۆتان بکەن.

هەردووکمان چووینە ژوورەکەی دی. چونکە پیانۆیە کە لەوێبوو. ئەو ژوورەی نانمان لێخوارد هەرهەمان ئەو ژوورە بوو کە بۆ یەکەمجار مارگریتام تێدادیت. بەڵام دەرکی هەر دوو ژوورەکە لەسەر پشت بوون، بە جۆرێکی وا هەرکەسێک لەسەر مێزەکە دانیشتبایە بە ئاسانی دەیتوانی لەگەڵ کەسانی نێو ئەو ژووری نانخوارنەدا بدوێ.

مارگریتا لێی پرسیم: "حەزت لە چییە؟ مۆسیقای سادە و ساکار یا ئاڵۆز و چڕوپڕ؟"

شەرمم کرد بڵێم کە جیاوازی نێوان ئەو دوو جۆرە شێوە ئاوازانە نازانم و پێموابوو ئەمجارەش چاوەڕێی وەڵامی من ناکات. بەڵام کە خەریکی هەڵگێڕ و وەرگێڕی پەڕەی نۆتەکانی بوو، هەڵوێستەیەکی کرد و گوتی: "دەی ئاخر شتێکی هەر بڵێ."

– ئەوەی تۆ حەزت لێیەتی.

– بۆ، تۆ حەز لە مۆسیقا ناکەیت؟

– بۆ نا، زۆریش.

بابی گوتی: "شتێکی خۆش، شادی هێن لێدە. با غەمۆکی نەبێ."

رەجەبۆف گوتی: "ئەگەر بیەوێ Dance macabre لێدا،ئەوە من هەڵدێم." مارگرێتا پرسی: "ئەرێ بەڕاستی مامۆستا – ف-macabre یانی چی؟"

دەستەوەستان مام. بەزەردەخەنەکەیڕا دیار بوو دەیویست تاقیم کاتەوە macabre یانی شووم macabre یانی ترسناک، یانی ئەو بارو دۆخانەی لە مردووشۆرەکان و لە گۆڕستانەکاندا هەست



پێدەکرێن و فەرمانڕەوان. ئەوەی راستیش بێ ناتوانم وشەیەکی بەرامبەری خۆی دەقاودەق پڕ بە پێستی خۆی بۆ بدۆزمەوە.

مارگریتا گوتی: "ئمم، ترسێ لە مرۆڤی بەردەدا، مۆسیقاکەشی هەروایە."

رەجەبۆف گوتی: "منیش هەروامگوت."

مارگریتا بە سەختی وەڵامی دایەوە: "نا، ئێوە واتان نەفەرموو. ئێوە فەرمووتان جۆرێک و دواییەکەشیتان بە دەستهێنان و بردن پێشاندا و من هیچی لێ تێنەگەیشتم."

مشتێک خوێن پەڕیە سەرە رووتاوەکەی رەجەبۆفەوە. دیار بوو کە بە لەوێ بوونی من هەرگیز چاوەڕێی ئەو هێرشە نەبوو. ئەوەم بۆ روون بۆوە کە مارگریتا خۆشی ناوێ. لە راستیشدا ئەوەم لە خوای دەویست و یەکجار زۆریشم پێخۆش بوو.

جا مارگریتا چووە بەردەمی پیانۆیەکە و ماوەیەک ژەنی. کەوتمە نێو بارودۆخێکی تا بڵێی خۆش و میهرەبانەوە حەزم دەکرد تەواوی دنیا وەک من خۆشبەخت بن و تاموچێژی خۆشییان لەو ساز و ئاوازە خۆشانە بکردایە کە بەو پەنجە ناسک و میهرەبانانە و بەو هەموو گرانی و سەنگینیەوە لەو دەزگا ئەفسوناویەوەی هەڵدەستاند.

پێم خۆشبوو هەرچی نهێنییەکانی مارگریتایە هەمووی لە چاوەکانیدا بخوێنمەوە. نەمدەزانی چ لێدەدا. بەڵام ئاوازەکانی گریان تێبەردابووم، وزمانەی ئاگریم دە دلیڕا زمانەی دەکێشا و دەهاتە دەرێ. خوێنم دەکوڵی و قوڵپی دەدا و خۆم بە خۆشبەختترین بوونەوەری ئەم دنیایە دەزانی.

ئەو شەوە تاکەی مامەوە نازانم، وەبیرم نایە. هەرچی بێ کات وەد رەنگ کەوتبوو. رەجەبۆف و بابی مارگریتای پێکەوە لەژوورەکەی تەنیشتێوە دانیشتبوون. دوایی رەجەبۆف هات و ویستی ماڵاوایی لە من بکات و منیش تێگەیشتم کە دەبێ هەستم. بڕیارماندا کە دەبێ هەفتەی شەش شەوان بچمە وێ. هەر شەوێکی من رووسییە بخوێنم و شەوێکیش فەرەنسی بەوی بڵێم.

ئەوە یەکەمین چاو پێکەوتن و دانیشتنم بوو لەگەڵ مارگریتا و لەو دەمی بەدواوە هەمیشە نزیکەی، یانی هەموو شەوێک تا کاتژمێر دە و یازدە، مەگەر هەندێ شەوانی هەینی، دەنا هەر لەگەڵ وی بووم.

ئەوە پێویست بەگوتنێ ناکات کە ژیانی من شێوەیەکی تازە تری بە خۆوە گرت. بیر کردنەوەی من تەنیا ئەوبوو: چبکەم کە بەدڵی مارگریتابێ. جارێکیان پێیگوتم کە ئەو حەزی لە رەنگی شینی کاڵە. ئیدی لەوە و پاش لە کراسی شینی کاڵ بەولاوە هیچی دیم لەبەر نەدەکرد. هەموو بیجامەکانم بوونە شینی کاڵ. تا جارێکی دی پێیگوتم:

"بە بۆچوونی من ئەو قژە رەشە و ئەوپێستە گەنم رەنگییەی تۆ هەر رەنگی قاوەییان لێدێ." ئیدی لەو دەمیەوە هەر جل و بەرگی قاوەیی بەلای سوورمدا لەبەر دەکرد، لەو جارەیرا کە گرێی بۆ ینباغەکەی بۆ رێک خستمەوە، من هەمیشە وریای ئەوە بووم کە جارێکی دی بۆینباغی نارێک نەبەستمەوە. ئەو حەزی لە مۆسیقای بەرز بوو. من وا رانەهاتبووم. بەڵام هەوڵم دەدا خۆم رابێنم. قەوانە گرامافۆنم دەکڕین.



چەندین کتێبی دەربارەی مۆسیقاشم کڕین و خوێندنمەوە. تەنانەت باکی ئەوەشم نەما کە جار جارە دەربارەی روونکردنەوەی هەندێ شت لە خودی مارگریتا خۆی بپرسم.

ئەو رەجەبۆفی خۆش نەدەویست منیش هەر بە پێودانگی وی دەمدزا. چەندی هاتبا شێت و شەیدا و ئاشیفتەی مارگریتای بامایە هێندە و زیاتریش نەفرەتم لە رەجەبۆفی زیاتر دەبوو

شەوێکی کە لە دەرسێ بووینەوە، داوای لە مارگریتا کرد کەمێ پیانۆ لێدا. مارگریتا تەماشایەکی منی کرد.

پێویست ناکا بڵێم کە ئەو شەوە خۆشترین شەوی تەواوی ژیانم بوو کە بە تەواوی سەربەستیم بەسەربردبێ. ئەو سەیرکردنەی لەوە زیاتر چ مانایەکی دیکەی نەبوو کە زۆرم خۆشدەوێ ئەوا ئامادەم بیژەنم و ئەگەر نا ئامادەم داواکەی رەجەبۆفی ئارەقخۆر رەتکەمەوە." نا. وانەبوو، من سەیرکرنەکەی ویم والێکدایەوە. نا. نەخێر. ئەوە ئەو خولیایە بوو کە لە ناخی مندا دەبزووت. بۆ خۆم ئەوم خۆشدەویست من ئەو سەیرکردنانەم بە ئارەزووی حەزی خۆم لێک دەدانەوە. چەند شەو و چەند رۆژان بیر و هۆشی من بە دەور و بەری ئەو سەنجانەدا دەخولانەوە، منیش سەیری ئەوم کردەوە بەڵام زۆرم خۆڕانەگرت، دەمارەکانی نێوچاوانم هەموو تێکڕا کتوپڕ راستبوونەوە و خوێنیان تێزا. وەک هەرچی دنیایە هێنابێتمە بەرچاوی خۆم وابوو. مارگریتا یا ماندوو بوو یا هەر نەیدەویست داواکەی ئەو بە جێ بێنێ.

مارگریتا لە وەڵامی مندا گوتی: "ئێستا زۆر ماندووم، بە چاوان بۆتان دەژەنم."

دیسانەوە هەرپێی داگرت، بەشێوەیەک هێندەی نەمابوو دنیای روونی لێ تاریک بێ.

ئەودەم بابی مارگریتای ناچار بوو تێوەگلێ. مارگریتای ناچارکرد کە بچێتە سەر پیانۆیەکە.

بەرچاوم تاریک بوو. بەڵام سەیرم بەوە دەهات کە رەجەبۆف چۆن وا بەو گوێز و گومبەتە هێندەی پەیوەندی دەگەڵ مۆسیقادا پەیدا کردووە و تەنانەت وای بۆ دەچووم کە نەک هەر پەیوەندی بەڵکە هەر پێویستیشی پێیەتی.

هێندەی دیش بەوە لە پێستی خۆم هاتمە دەرێ کە دیتم مارگریتا بەو هەموو توورەیی و ماندوویەتییەیەوەی خەریکی تەپە تەپی لێدانی پیانۆی بوو کەچی ئەو سی و دووجارانی باوێشک دا، نۆ جارانی لە بیرچوو دەست بە دەمیەوە بگرێ و نزیکەی یازدە جارانیشی ئاو بە چاواندا هاتەخوارێ.

مارگریتا لێبۆوە گوتی: "ببورن چاکیشم لێنەدا."

دوایە لە ژوورێ چووە دەرێ. رەنگە نیوکاتژمێری خایاندبێ، ئەودەم پاڵتۆکەی لەبەر کرد و هات ماڵاوایی لە من بکات.

رۆژی هەینی بوو و دەیویست لەگەڵ مارفینکای پێکەوە بچنە سینەما. منیش هەستام و هەموومان پێکەوە لە ماڵێ هاتینە دەرێ. مارفینکا لە حەسارێ راوەستا بوو. هەتا بەردەمی سینەمایان دەگەڵ چووم.

لە رێیەپێی گوتم: "ئەو شۆ زۆر خراپم ژەنی. من کە زۆریان لێکردم هەرگیز ناتوانم چاکی لێدەم."

– ئاگادار بووم دەمزانی زۆر توورەی.



– هەرکاتێ زۆریم لێبکەن ناتوانم بژەنم. بۆیە لە جیاتیان رۆژی هەینی داهاتوو، مارفینکا دوای نیوەڕیە دێتە ماڵێ مە، ئەوەشم بە باوکم راگەیاندووە. ئەو قسەیەکی نییە. ئەودەم لەگەڵ مارفینکا دوو بە دوو چوار دەستەکی Dance macabre یت لەسەر پیانۆ بۆ لێدەدەین.

هەر زوو ئەوەم بەبیردا هات کە رەجەبۆفیش لەوێ دەبێ و دەست بە باوێشکدانێ دەکات و منیش لە پێستی خۆم دەردەوێ، بۆیە بڕیارمدا کارێکی وابکەم کە تائێستا نەمکردووە.

– ببوورن من ئەو هەینییە تێگیراوییەکم هەیە و ناتوانم بێم.

– چۆن، تێگیراوی چی؟

مارگریتا واقی ورما، ئەوە یەکەم جار بوو کە من داوای وی رەتکەمەوە.

– زۆر باشە هەینییەکی دی.

– ئێستا تا هەینییەکی دی خوا دەمێنێ و مولکێ.

مارگریتا وای بۆ چوو کە من مەبەستێکم هەیە. ئەو رۆژەشمان هەر بە بێدەنگییەوە بەسەر برد. چەند رۆژێکی تری دوای ئەمە دیسانەوە تەک بووینەوە، لێی پرسیم: "ئەوشەوە بۆ داواکەمت رەتکردەوە؟."

– ئێوە نازانن بۆ؟ ئەو شەوە کە ئێوە سەرقاڵی پیانۆ لێدانێ بوون سەر و سەکوتی رەجەبۆفتان نەدیت. ئێوە بەو ئاوازانەتان شێوەیەکی ژیانی تازە بە من دەبەخشنەوە. من نامەوێ هەروا بەختو خۆڕایی هەلێکی خۆشبەختی وا لە دەستبدەم. ماوەیەکی زۆر

بوو دەمەویست ئەو داوایەتان لێبکەم کە ئەو سەمای مەرگە Dance macabre یەم بۆ بژەنن.

– ئەدی بۆ داوایەکەی منتان ڕەتکردەوە؟.

– چونکە ڕەجەبۆف لەوێ دەبوو.

– پێموابێ ئیرە بیتان پێی دێ.

سوور هەڵگەڕام و هێندەی نەمابوو چاوەکانم پڕببن لە ئاو. بەڵام خۆم ڕاگرت. ئەو گفتوگۆیە هەمووی بەدەم دەرس خوێندنێوە لە نێوانماندا هاتوچوو. لەبەرئەوەی من بە فەرەنسی دەدوام، ڕاشکاوتربووم لە قسان، مارگریتاش ئەوەی بە فەرەنسی بۆی هاتبا دەنا بە فارسی تەواوی دەکرد. ئەوە یەکەمجار بوو، هەرچەندە شێوەی گاڵتەشی پێوە دیار بوو، کە ئاماژە بە هەست و نەستی من بکات.

– نا ئیرەییم پێی نایە. بەڵام کە تۆ پیانۆ لێدەدەی، من بەرگەی باوێشکەکانی وی ناگرم.

– دڵنیا بن کەمنیش هەر لەو پیاوەی بێزارم. بەڵام ئەو مەرجەم زۆر لەلا دژوارە. هەوڵدەدەم بە گوێرەی ئارە زووی ئێوە بکەم. ئێوە هەموو ئەو شتانە نازانن کە لە نێوان ئێمەدایە. تۆ ئاگات لێی نییە. پێویست ناکا. من چاوەڕێی هەلێکم.

بەڵام ئەو هەلە ماوەیەکی زۆر هەر هەڵ نەکەوت. تا شەوێک لەگەڵ مارگریتا و بابیدا پێکەوە لە سینەما بووین، تووشی مارفینکا و داکی بووین و تێکڕا هەموو لە هەموو چووینە گازینۆی "ئەستریا". ئەو شەوەش دیسانەوە ئاماژە بە داوایەکەی من کرایەوە، من دووبارە مەرجەکەی خۆمم دووپات کردەوە.



راستییەکەشی ئەوە بوو من دەمویست هەرنەبێ جارێک مارگریتای بە ئازادی و سەربەستی خۆیەوە ببینم، دەمویست لەکارتێکردن و فشاری ڕەجەبۆفی بەدەربێ. دەمویست بزانم کاتێ مارگریتا کۆیلەی هەستەکانی خۆیەتی چۆنە. هەر بۆیەم بوو چونکە دەمزانی کە (سەمای مەرگ) Dance macabre لە هەموو شتێک زیاتری کار لێکردووە حەزم لێبوو کە ئەو لە ژێر کاریگەری ئەو پارچە مۆسیقایەدا بێت، تا بۆم دەرکەوێ و بزانم مارگریتای ڕاستەقینە چۆناوچۆن هەست دەکات."

لێرەدا ناچار بووم بە پێچەوانەی ڕەوشت و خووی خۆم قسەکانی مورتەزای ببڕم ولێی بپرسم:

"من تەنیا شتێکی بە چاکی تێناگەم. لەگەڵ ئەو هەموو گەرموگوڕی و بزاوتەی لە تۆدا بوو، مارگریتا چ جاران بەرگریەک، ئاماژەیەک، شتێک، یان نیشانەیەکی کەمتەرخەمی، یا بێزاریەکی بەرامبەر ئەوانە پێشان نەدەدایەوە کە تۆ خۆشتدەوێ و هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەشت کە قسەیان لە سەرنییە نیشانەی ئەو خۆشەویستییەت بوون."

"من خۆشمدەویست و ئێستاش هەر خۆشمدەوێ. هەر بۆیەشە کە هێندەم مردن پێخۆشە.

مەبەستی تۆ ئەوەیە بزانی نیازی من چ بوو. چم دەویست. داخوا ئەویش منی خۆشدەویست، نا، هەرگیز ئەوەی نەدرکاند. هیچ نیشانە و ئاماژە یەکیشی لەو بابەتانە بە من نەکردووە: ئێمە وەک دوو ئاواڵی یەکتر بووین. بەڵام پەیوەندیەکانمان لەو پەیوەندییە سەرەڕۆییە بەولاوەتر نەچوو.

پەلەت نەبێ، وەڵامی ئەم پرسیارەشت دەدەمەوە. ئەویش لە پێناو هزرێک، ئارەزوویەک، بیرو باوەڕێک، لە پێناو هەرچییەکی شایستەی بەختکردن بێت.

ئەو ژیانە پڕگێرمە و کێشە و ناخۆشە یەکسەرەی من چ نرخ و بایەخێکی هەبوو. ئامادەیی بۆ خۆ بەختکردنێ، ژیان شیرین و خۆشە ویستر دەکات... بەڵام مارگریتا چ هەڵویستێکی هەبوو چۆنی خۆپێشاندەدا؟ ئێستا دەیڵێم، ئێمە لەگەڵ دەرس خوێندنێدا وردە وردە هاتبووینە سەرکتێبە ئەدەبییە رووسییەکان. من داوام لێکرد کە هەندێ لە پارچە نوسینەکانی "ئوگینا ئەنگین"ی پۆشکین لەبەر چاوی مارگریتا وەخوێنم و ئەویش رازی بوو. هەرچەندە تێنگەیشتنی ئەوانەش بۆ من نەختێک گران بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی بە فەرەنسی خوێندبوومنەوە، بە ئاسانی دەمتوانی پەی بە مەبەست و ماناکانی ببەم. کاتێ گەیمە نامەکاریەکانی تاتیانا، هێندەی کار تێکردم دەتوانم بڵێم خۆمم لە بیر چوو بۆوە. مارگریتا تێگەیی کە ئەو نامەکاریانە زۆریان کار تێکردووم و گوتی: "من تاتیانام خۆشدەوێ و حەزم دەکرد وەک وی بامایە."

من گوتم: "ئێوە هەرگیز ناتوانن ببنە تاتیانا. کێ وەک تاتیانای فیداکاری و خۆ بەختکردن بەرامبەر ئەو پیاوەی پێدەکرێ کە خۆشیدەوێ، و زۆر بە ئاشکرا و بێ پەردە ددان بەوەدا بنێ و پێی بڵێ خۆشمدەوێی. هەرچەندە تاتیانا پێشیوایە کە رەنگە ئەو پیاوە نەتوانێ وەڵامدەرەوەی هەموو هەست و نەستە ناسکەکانیشی بێ، لەگەڵ ئەوەشدا دیسانەوە هەر بۆی دەنوسێ و پێی دەڵێ کە



هەرچی هەمە و نیمە تەواوی ئەوڕاز و نیازانەی کە ژیانی منیشیان پێوە بەندە، هەمووان تێکڕا داوێمە ژێر پێی تۆ چونکە گراوی منی."

من بە دوای و شاندا دەگەڕام و وەگیرم نەدەکەوتن.

– من ئەو قوربانی و فیداکاریانە لە تۆدا نابینم.

مارگریتا پێکەنی، جا دەیویست گاڵتەم پێبکا، یا هەروەک جاران دەیویست شادی بپژێنێ و خۆشی بڵاوبکاتەوە و غەمی من برەوێنێتەوە و یا بۆیە پێدەکەنی تا هیچم پێنەڵێ.

– نا، من ئەم تاتیانایە ناڵێم، من مەبەستم ئەوکاتەیە کە تاتیانا ژنی ژەنەراڵە، کە تۆ هێشتا نەتخوێندۆتەوە و نازانی.

– خۆ نا، بە هەڵەدا چوو ویت، خوێندوومەتەوە. تۆ ناتوانی تەنانەت ئەو تاتیانەش بیت، کە ئێستا ژنی ژەنەراڵە، ئەو ژەنەراڵەی کە خۆشیشی ناوێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ئامادە نییە کە لەگەڵ کۆنە یارە دێرینەکەی پێشووی کە زۆر جارانی سەر لێدەدات و زۆر دەمێکە پشتی تێکردووە و ئێستاش پەشیمانە و هەر خۆشیشی دەوێ، ئەو ژنە ژەنەراڵەی کە بە رووالەت زۆر خۆ بەزل زان و لە خۆبایی دادەنێ و لە ناوە وەشدا دڵشکاو و راڕا و ناڕاحەتە، ئامادە نییە بچێتەوە لەگەڵ ئەو کۆنە یارەیدا ژیان بەسەربەرێت و مێردەکەی خۆی بەجێ بێڵێ. ئێوە ئەو جۆرە فیداکاریانەتان لە دەست نایە. دیسانەوە پێکەنییەوە لەگەڵ پێکەنینەکەیدا قسێکی کرد کە منی دەبیر و خەیاڵانەوە برد. ئەو رۆژە پەیم بەگرینگی قسە و وشەکانی نەبرد. ئەو رۆژە وامزانی کە چونکە من هەڵچوو بووم و لە حەژمەتان خوێنم قولپی دەدا. ئەو تەنیا بۆ هێور کردنەوەی من ئەو قسەی کردووە، کە پێی گوتم: "لە کوێڕا دیارە، بەڵکە من بمەوێ

فیداکارییەکی لەوەش گەورەتر ئەنجامدەم. خۆ ناکرێ هەموو شتێکیش بڵێی.

راوەستە با ئەو لاپەڕەیەش تەواوکەین..." ئاخری و ئۆخری ئەو هەلە رەخسا. رۆژێکی هەینی دوای نیوەڕۆیە بوومە میوانی مارگریتا و بابی . مارفینکاش لە وێبوو.

تەواوی سەر لە بەیانییەکەی ئەو رۆژە من لە ماڵێ مامەوە. هەوا سارد و بە ستەڵەک بوو. تەنیا چەند دقیقەیەک ئەو باسانە پەیوەندییان بەجەنگەوە بوو دە رۆژنامانمدا خوێندنەوە.

دوایە تەواوی ماوەکەی دیم بەلێدانی قەوانی Dance macabre کە ماوەیەکی زۆر بوو کڕیبووم بردە سەر.

لە کتێبە هونەرییە وێنەییەکانی "هۆڵباین" یشم کە وێنەکانی سەردمی سەدەکانی ناوەندیی تێدا بەرجەستە کردبوون، هێندێک خوێندنەوە. بەرەبەری کاتژمێر دوو و نیو لە ماڵێ هاتمە دەرێ، بە پێیان بەرە و ماڵی مارگریتای چووم. بایەکی ساردی دەهات، هەوا وشک و سەهۆڵبەندانێکی تەواو بوو.

کات سێی دوای نیوەڕۆ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا تاو و ساو بوو، بەڵام بەستەڵەک و سەهۆڵ لە بن پێیان هەروا قرچەیان بوو.

خەڵکی هەموو لە سەرمان رایاندەکرد. من هێندە لەگەڵ خۆمدا سەرقاڵ و جەنجاڵ بووم. من ئەوەی ئاگابێ لەسەرمایەم نەما بوو.

تەنیا لە بیری مارگریتادا بووم و لە بەر خۆمەوە دەمگوت دەبێ بۆ Dance macabre هێندەی کار لێکردبێ. خۆ ئەو لە هەر شوێنێک بێ ئەو جێیە هەموو هەر خۆشی و شادی و ئاسوودەیی و دڵنیایی و پێکەنین و لە خۆ بوردەییە، باشە ئەو چی لە مەرگ و



مردن داوە Dance macabre سەمای مردووان، سەمای مەرگ دەتوانێ چ کارگەریەکی لەسەر وی هەبێ مرۆڤ دەبێ چەند لە ژیانی بێزار و کەلەلابێت تا لە سەمای مەرگ، بەڵێ سەمای پەیکەرەئێسکی مردووەکان چێژ وەرگرێ و ئارەزووی بکات. بۆوا پەرێشان بووم؟ من تەواوی رۆژ و هەفتە و مانگەکان دڵی خۆم بەوە خۆش دەکرد دوای نیوەرۆیەک بچمە لای مارگریتا و رەجەبۆف لەوێ نەبێ درۆیان لەگەڵ رەجەبۆفی کردبێ و پێیان گوتبێ ئەوڕۆ لە ماڵ نابین و ئەویان هەڵداوە. ئەی ئەگەر لەگەڵ ئەوەشدا رەجەبۆف پەیدا بێتەوە چی؟ هۆی ئەو پەرێشانییەم چ بوو؟ هێشتا هیچ نەبووە دڵی من تەپەی دێ. هەرکە وەژووری کەوتم هەستم کرد مارگریتا غەمبارە ئەوەش بۆیە ناڵێم مارگریتا پێنەدەکەنی. نا، تابلێی بە بڵندی ئاوازی دەنگە ناسکەکەی دەلەراندەوە کە دیگوت: "ئای کە خۆشە. بەڵام ئێستا چاترە. لەوانەیە تا کاتژمێرێکی دی ئەویش بێت. سەرماتانە، فەرموونە بەر ئاگری..."

– ئەگەر بابتان نەخۆشە، ئەوە رێم بدەن با وەگەڕێم.

هەرگیز، فەرموون، یەک دنیا خۆشحاڵم بە هاتنتان.

بەردەوام دەدوا، لەگەڵ خۆشی دەگوت، لە منیشی دەپرسی. هەردووکمان تەنیا بووین. هەلێکی چاکە وەختیەتی، پێی بڵێم تۆ بۆ من چیت چ شوێنێکت لە ژیانی مندا داگیر کردووە، پێی بڵێم کە ژیانی من تا ئێستا ژیانێکی یەک شێوە و یەک رەنگ و رێچکە و سادە و ساکار بووە. بەڵام پڕ دەردی سەری. پێی بڵێم کە هەموو ژیانی من بە تاڵ و لانەواز و بێ ناز و تفت و تاڵ و لە هەمووشی خراپتر بێ بزاوت و هەڵسوڕو داسووڕ و بێ گۆڕان بووە.

پێی بڵێم من تا ئێستا تەنانەت هەر بەڵا و بەسەرهاتەکانی ژیان. برسییەتی خەڵکی، ئازاری بێنەوایان، کوشت و کوشتار و زۆریی و ستەمم دیون و هیچی دی. پێی بڵێم کە هەموو رۆژێ دووبارە لە خەوڕابوون، بێ هیواو مەبەست و ئامانجێک لە ژیان. دەستە و ئەژنۆو دەست لەسەردەست دانان، هەر رۆن و برنج کڕین و لێنان کە بەڕاستی ئەمانە هەر هەموویان بۆ من کوشندە بوون. لەو کاتەوەش تۆم ناسیوە،

دنیایەکی دیکەم لەبەر چاوان خۆ دەنوێنێ. پێی بڵێم کە ئیدی ئێستا ژیان هەر هەمووی مۆسیقا و هونەرە. پێی بڵێم کە تا ئێستا ژیانی من هەر بێ هونەر بووە و ئەگەر بووبێتیشی هونەرێکی مردووی بێ گیان و ژیان بووە، پێی بڵێم کە تۆ دنیای راستەقینەی ژیانت بە من نیشاندا. پێی بڵێم کە تۆ ژیانی منت وا لێکرد قابیلی ژیان بێ.پێی بڵێم خۆشەویستی تۆ ئومێد و حەز و ئارەزووەکانم پێ دەبەخشێتەوە، ئای، چەندەها شتی دیکەش هەبوون دەمویست پێی بڵێم حەزمدەکرد پێی بڵێم خۆشمدەوێی کەچی زمانم گیراوە تەنیا بە چاو تێبڕینەوە ویستم هەموو ئەو شتانەی دیکەشی تێبگەیەنم.

مارگریتا هەمیشە لە سەرنجە قووڵەکانی من تۆقیبوو، بەڵام بە سەرخۆی نەدەهێنا. کەچی ئەوڕۆ لە هەموو رۆژێکی خراپتربوو، ساتەوەختێکیش رانەدەوەستا، هەردەیگوت. یا لە بێدەنگییە دەترسا، یا دەیویست  شتێکی لە دڵدایە و بەو چەنە چەنەی لێم بشارێتەوە.

دەو دەمەیدا مارفینکا پەیدابوو. بە رووسی کەوتنە قسان. وردە شتێکیان لێ حاڵی دەبووم. چا و شیرینییان هێنا. ئەوجا



هەردووکیان بەرامبەر پیانۆیەکە دانیشتن و Dance macabre سەمای مردووان، کە لەسەر نۆتەکانی پیانۆیەکە نوسراوبوو سەمای مەرگ تەنیامانایەکی ئەو وشانە بوون. ژوورەکە زۆر هێدی ومات و خامۆش بوو خشەخشی نۆتەکان نەبێ بە ئەسپایی، دەهاتنە بەرگوێ.

چەند ساتەوەختێک بێدەنگییەکی کش و مات بوو.

ئانیشکم لەسەر سوچێکی مێزەکە دادا، هۆش و بیرم هەموو لای ئەوان بوو. سەرەتای ئاوازەکان کە ترسیان وەبەرنام. Macabre بوو، هیچ وشەیەکی کوردی نییە جێی ئەم وشەیە بگرێتەوە. شووم بوون، من بۆ خۆم زۆر چاکم گیانی وشەکان دەنێو ئاوازەکاندا دەبیستن.

کاتژمێر، دوازدە جاران لێدەدا، لە دەمی شەوێوە تا بەرە بەیانی مردووەکان ئازادن ئازاد ئازاد، نیوە شەوە!

چ شەوێکی سامناک.

هەموو شەوەکان وا ترسناکن. چونکە هەر ژیانەکەی ئێمە خۆی لە خۆیدا وایە، گیان سۆزە. ئیدی خۆ ئەوان گیانیان نییە تا بسووتێ، مردووەکان بێ گیانن. هەر بۆیەش کە ئێمە لەگەڵ ئەواندا وەک یەک نین، بەڵام مردووەکان هەموویان وەک یەکن.

لە نیوە شەوێوە تا کەڵەبابی بەیانی ئەوە مردووەکان جەژنیانە و ئاهەنگ دەگێڕن. جەژن و ئاهەنگی ئازادی، جەژنی رەها بوون لە ئازار و دەردە سەرییەکانی ژیان هەموو یەکسانن. نە شا هەیە و نەگەدا، نەپیر و نە جوان، نەکچ و نەکوڕ، نەژن و نەپیاو، هەموویان مردوون. هەموویان پەیکەرە ئێسکن. یەکێک جوققەی شاهانەی

لەسەر نییە و یەکێک پاتاڵ لەبەر، دەست دەناو دەستی یەک دەنێن و هەموو تێکڕا هەڵدەپەڕن. چونکە مەرگ لە نێو هەمووواندا هاوبەشە، کەم و زۆری خودی ئەو پەیکەرە ئێسکانە، مەرگ هەڵیاندەپەڕێنێ و سەمایان پێدەکا. مەرگ بە لوولاکە ئێسکێکی کە تا دوێنێ پا و پووزی کچێکی بالابەرزی شۆخ بووە ئەوە ئێستا بۆتە دار دە هۆڵی دیواری ئەو کاسە سەرە هەڵچنراوانە و دەیانکوتێ.

کە بووە سەعات دوازدەی شەوێ، ئیدی پەیکەرە ئێسکەکان هەموو لە گۆڕەکانیان دێنە دەرێ و سەما دەکەن و هەڵدەپەڕن. مەرگ بۆ خۆی خودی هەموو ئەوانە، چونکە ئیدی نەفەرمانڕەواو نەفەرمانبەر نەماوە، ئاوازێکی لەسەر خۆ لێدەدا.

مردووەکان لێک خڕ دەبنەوە و دەست هەڵدەتەکێنن و پێ لە زەوی دەکوتن.

ئەوەی کە تا هێشتاش خەتێکی بە لا روومەتێوە دیارە، ئەوە لە ژیاندا قازی بووە و بە ئازار و ئەشکەنجە و نەهامەتی تاوانبارەکاندا هاتووە و پێیان پێکەنیوە. شوێنەواری ئەو خەتەش بە زوویی دەسڕێتەوە و نامێنێ، ئەو شوێنەوارەی لە نێوان چەناگە و روومەتی رەش دەبێتەوە. هەر لەبەر ئەوەی کە مردووە و ئیدی ئازادە.

ئەوەی کە ئێسکی پشتی کووڕە، ئەوە زۆری پشت داهێناوەتەوە و زۆری سەر شۆڕ کردۆتەوە ئەوەی ئەوی پێ لە خەڵکی دی جودا دەکراوە، بەڵام تازە لێرە ئیدی پێویستی بە پەیدا کردنی نانی رۆژانەی نەماوە، نەگریان هەیە و نەپێکەنین، نە شادی و نەغەم، نە دڵتەنگی و نەهیوا و ئومێد و نە خۆبادان و نەسەرکۆنە، نە زۆر و



ستەم و نە بێدەسەڵاتی. نەبرسیەتی و نە تێری لە مەرگ و ئازادی بەولاوە هیچی دیکە نییە.

ئایا ئەو مەرگ و ئازادییە زۆر لە ژیانی کۆیلایەتی چاتر نییە.

ئایا ئەو مردنە زۆر لەوە چاترنییە قازی گاڵتەی بە ملکەچی تاوانبارەکەیدا بێ و پێی پێبکەنێ؟

ئایا ئەو مردنە زۆر لەوە چاتر نییە نە دارێک پشت دانەوێنێ!

ئایا ئەو مردنە زۆر لەوە چاتر نییە مرۆڤ لە زینداندابێ؟

هەر بۆیە کە ئەوانە وا جەژن و ئاهەنگ دەگێڕن. هەڵدەپەڕن، چونکە ئازادن.

مەرگ بە لوولاکە پێی کچێک کەللە سەرێکی زل دەکوتێ و ئاوازی سروودی مردووانیان بۆ لێدەدا.

ئای هەی، ئەو ئازادییەش هەر سنوور بەندە. کەڵەباب بانگی هاتنی سپێدە رادێڵێ. هەموو مردووەکان، پەیکەرە ئێسکەکان لێک دەترازێن... چرک... چرک بۆ ناو گۆڕەکانیان. من ئەم دیمەنەم لەو پارچە مۆسیقایەدا دەدیت کە مارگریتا و مارفینکا پێکەوە دەیانژەنی. کە لێبوونەوە هەردووکیان رەنگیان تێکچوو بوو. سەیری منیان دەکرد. منیش تاس بردبوومیەوە. مورتەزا هەناسەیەکی درێژ و قووڵی هەڵکێشا. دوا بەشەکانی دیکەی هەروا لە خۆوە دەگوتن. ئیدی ئاگای لەوە نەمابوو کەسێک گوێی لێیەتی یان نا. هیچ گومانێک لەوەدا نەبوو کە هێشتاش هەر لە ژێر فشار و کارلێکرانی ئەو رۆژەدا بوو.

"ئیدی وەبیرم نایە ئەو رۆژە چ قەوما. ئەوەندەی دەزانم کە ئەو شەوە وەک مردووان تابەیانی لێیکەوتم. هەر ئەوەش بوو کە بۆ

دوو بە یانیش هەر تووڕە و ناراحەت بووم. تەنیا ڕەنگە پەرپیوەکەی مارگریتام دوای لێبوونەوەی Dance macabre بە بەرچاوانەوە دەهات و دەچوو. دڵنیابووم لەوەی کە مارگریتا ئەو کچە لێو بەخەندە و دڵخۆش و شاد و شەنگوڵە نییە و لە ژێر ئەو لێوە ناسکە پڕ زەردەخەنانە دا ڕازێکی ون و نادیار و شاراوە هەیە بەوە زۆر پەرێشان بووم کە چۆن تا ئێستا وام نەناسیوە. ڕۆژی دوایی دەوروبەری سەعات شەشی ئێوارێ. لە ژوورەکەم دانیشتبووم و گوێم دابووە قەوانی Dance macabre کە لەپڕ دەستێکی بچکۆلانەی دەستکێش لە دەستم دیت پەردەی دەرگاکەی بۆ سەرمایەم پێوە گرتبوو لادا. دەستەکە چەند جارێکانی تک تک لە شووشەی دەرگایەکەوە هێنا و مارفینکا وە ژوورکەوت.

لە سەر ڕوویرا دیاربوو شتێکی تازە قەوماوە. ئەو فارسی وا فێر نەببوو بتوانم بە فارسی بیدوێنم. بەڵام ئەوەندەی لێ تێگەیشتم کە بە هەر زمانێک بووە دەیویست تێمبگەیەنێ کە هەرچی زووترە بگەمە مارگریتا. بەڵام چ قەوماوە، چ بووە، چیم لە دەست دێ ئۆتۆمبێل و گالیسکەیەکم وەچەنگ نەکەوتن. سەرما و سۆڵە و بە ستەڵەک بوو گالیسکەکان خۆیان پەنا دابوو- مارفینکا بە خۆو پێڵاوێکی پاژنە باریکەوە نەیدە توانی بەسەر بەستەڵەکێدا غاردا، بەویم گوت: "ئەوە من دەڕۆم و تۆش بۆ خۆت بەتەنیا وەرە." نیوەی زیاتری ڕێیەکەم بڕیبوو و ئینجا گەیمە ئۆتۆبۆسێک، دواییش گالیسکەیەکم وەگیر کەوت، لە ناو گالیسکەکەدا ئەو وشە رووسیەی کە مارفینکا لێکدا لێکدا دووبارەی دەکردەوە و فارسییەکەی "خۆ کوشتن" بوو.



مارگریتا دەیویست خۆ بکوژێ. من دەتوانم نەیەڵم. هەر دوو چاوم تاریک بوون، خۆم ڕاگرت. بە عەربانچییەکەم گوت خێراتر لێخوڕێ، لەوەڵامدا گوتی: "لەوەی زیاتر ناتوانم لێخوڕم ئەسپەکانم لەسەر ئەو سەهۆڵبەندان و بەستەڵەکەی دەخزن."

– هەروا تۆزێک خێراتر بەڵکە زوو دەگەمێ.

لە جەمسەری شەقامی نادری هاتمە خوارێ. نەمویست کەسم تێبگا.

دەوروبەری سەعات حەوت گەیمە بەر دەرکێ. هەوا تاریک بوو، دەرگا لەسەر گازی پشتێ بوو، ڕاست چوومە ژوورێ. کە لە پلیکانان هاتمە خوارێ زۆر ترسام.

وامزانی شێت بوویمە.

ڕەجەبۆف لە ناوەڕاستی حەسارێ پان ڕاببوو و خوێنی لەسەری دەهات. لەگەڵ تاریکییەشدا زانیم خوێنە. مارگریتا بە واقی وڕ و دووچاوی ئەبلەق و سەر و ڕوویەکی درێژکۆڵە، دەست بەرەو دواوە دەیزریکاند. بابی مارگریتاش دەست بە لێوی نەردەی پلیکانەکانی هەیوانێوە دەی‌ویست بەرە و خوار بێت.

مارگریتا لەوەی زیاتر: "من... من" دەنا زمانی گیرا بوو.

لە ئامێزێم کرد و بردمەوە ژوورێ، دەتگوت بی ناو ئاوێیە دەلەرزێ.

پرسیم: "تۆ ئەوەت کرد؟ تۆ کوشتت؟"

– من...من.

بابی مارگریتاشم هێنایەوە ژوورێ.

– گوێ مەدەنێ، لەسەرە خۆبن ئارامتان بێ. من هەر ئێستا دەیگەیەنمە نەخۆشخانە.

ئینجا رووم لە مارگریتا کرد.

– مارگریتا ئیدی ئەوە بەکەس نەڵێی، هیچ کاتێ، بەڵێنم دەیە کە ئەو قسەیەت بەسەر زاریدا نەیەتەوە و لە دەمت دەرنەچێ. مارگریتا ئەگەر تۆزقاڵێک منت خۆشدەوێ بەڵێنم دەیە، کە بە هیچ کەس نەڵێی. بە هیچ کەس. ئەگەر بابیشت نەیزانیوە، ئەوە مەهێڵە بزانێ، تۆ برۆ پشوویەک بدە.

من مارگریتام دەئامێز نا، دەست و دەموچاویم ماچکردن، دیسانەوە لێم دووبارە کردەوە:

"مارگریتا، ئێستا دەیگەیەنمە نەخۆشخانە، هیچی وانییە. چاک دەبێتەوە، رامکردە دەرێ، بە دوای گالیسکەیەکدا دەگەڕام دیتم مارفینکا تازە وا خەریکە دێت.

– تۆش بیگەیە، حاڵی باش نییە، چووە بنوێ.

گالیسکەم وەگیر نەکەوت. گەڕامەوە حەسارێ و هاوارم کردەوە.

– مارگریتا، مارگریتا بە هیچ کەس نەڵێی، بە هیچ کەس. لاشە نیوە گیانەکەی رەجەبۆفم بە شانی دادا و لە ماڵ وەدەر کەوتم. دەمویست چبکەم نازانم تەنیا ئەوەندەم ئاگا لێبوو خەڵکی دەورەیان لێدام و پاسەوانێکیش پەلی گرتم و بردمیە جێیەکی. هەرچییەکیان لێدەپرسیم، من هەر دەمگوت: "من ئەوەم کردووە، من کوشتوومە."

و ئێستاش هەر دەڵێم: "من کردوومە."

بە مل خۆ داهێنانی گوناهی یەکێکی دیکە چەند خۆشە و بوونی ئامانج و مەبەستێکیش لە ژیاندا چەند شیرینە."



ئیدی مورتەزا – ف– بێدەنگ بوو لە دنیای خەودا بوو. وەک هەموو ئەو شتانەی خەون بووبن. من دەمزانی بۆ وا بە تاسە و خۆشحاڵییەوە بەرەوپیری مەرگ دەچێ . هیواو ئامانجێکی بۆ ئەو ژیانە پڕ و پووچەی خۆی دۆزیبۆوە.

-٣-

دوێنێ سبەینێ مورتەزایان لە نێومەڕا بردە دەرێ. هەروەک چۆن شەکە نێرێکی لە نێو پەزیڕا رادەکێشنە دەرێ بۆ سەربڕینێ. من تەنیا کەسێک بووم کە بەمە زۆر خۆشحاڵبووم، هەر بۆیەش لەبەر خۆمەوە دەمگوت: "بۆ خۆی حەسایەوە و ئەم شەویش کاتژمێر دوازدەی شەوێ هاوبەشی سەمای مردووان دەکات. دەستی رەجەبۆفی دەگرن و بێ رق و کینە پێکەوە، بێ ئازار و چاوچنۆکی، بەڵام ئازاد ئازاد جەژن و ئاهەنگی ئازادی دەگێڕن.

نا، کێ دەڵێ وایە.

ئەمرۆ بەیانی هاتن و کەل و پەل و شتومەکەکانیان کۆکردنەوە. ئێمە بە تەواوی لێبڕاین کە لە سێدارەیان داوە. دەو دەمەیدا کە شتومەکەکانیم کۆ دەکردنەوە چەند پەڕە کاغەزێکم لە بن نوێنەکانی دیتنەوە. بەدزی خوێندنمەوە تا ئەگەر پێویست بێ رەگەڵ شتەکانیان خەم و بۆی بنێرمەوە، یا ئەگەر شتێکیان تێدا بێت ئەوە بەهەر شێوەیەک بێ بۆ مارگریتا، یان بۆ خوشکەکەیان بنێرمەوە.

بەڵام نوسینی سەرکاغەزەکان دەستوخەتی مورتەزای نەبوو. دیار بوو لە دەرێڕا هاتبوو. ئەمەش دەقی ئەو نامەیەیە:

"دۆستی خۆم، تاکە خۆشەویستەکەم، من بەلای تۆوە هەمیشە کچێکی سەرە ڕۆ و بێ جڵەو بووم، هەر چەنەم دەدا و پێدەکەنیم زۆر کەمت بە غەمبارییەوە دیتووم، وەنا؟ جارێکیان دە قساندا پێت گوتم کە خۆبەختکرن و قوربانی لە دەست من نایە. جاری وا دەبوو رەنگە پەڕیوەکەی دەمووچاوی من سەرنجی تۆیان بۆ رازە شاراوو نهێنییەکانی ناخی دڵ و دەروونم رادەکێشا. بەڵام دەستوبرد قاقای پێکەنینەکانی من لەو بیرو بۆ چوونانەی خۆتی سەبارەت بە من دوور دەخستیتەوە، وەنا؟

لەوانەیە زۆر جارانیشت لە دڵی خۆتدا گوتبێ ئەوە دیارە یاری بە چارە نووسم دەکات و گوایە گاڵتەم بە تۆو هەست و نەستە ناسکەکانت کردووە، وەنا؟

بەڵام دەزانی بە هەڵەیان تێگەیبووی؟ پەی بردن بە ئێش و ئازاری خەڵکی دی کارێکی هێندە ئاسان نییە، چ جای ئەو هەموو بەڵا و بەسەرهات و ناخۆشیانەی بەسەر من هاتوون و خۆم تێدا راگرتوون و هێشتاش زۆر ئازایانە هەر ئامادەم خۆم راگرم و بەرامبەریان بووەستم. ژیانی من سەرتاپای فیداکاری و قووربانی بووە.

دۆستەکەی خۆم، داکم لە دوایین نامەیدا نوسیویەتی زۆرم ئاگا لە بابم بێت.

داک و بابم یەکتریان زۆر خۆشدەویست، ئێستاش هەروان، سووڕی گەردوون ناچاری دەست لێک بەردانی کردن. زۆر جارانم ئاگا لێبووە، بابم چەند سەعاتان بەرامبەر وێنەی دایکم دانیشێ و تێیرابمێنێ و دەبیر و خەیاڵانەوە بچێ. لەو کاتەوە کە من گەورە بووم هەمیشە داکم رایسپاردووم کە چاوم لە بابمەوەبێت و ببم بە



بەڵاوەگێڕی ناخۆشییەکانی. بابم هەمیشە منی زۆر خۆشویستووە و هەر لەبەر خاتری منیش بوو خۆی لە ژێر باری ئەو هەموو کارەساتانەی ژیاندا راگرت. کەس هێندەی بابمی رەجەبۆف نەدەدزا، کەسیش هێندەی وی لێ بێزار نەبوو بەڵام چونکە زۆری من خۆشدەویست تەواوی بە سەرهاتەکانی ژیانی و تەنانەت پێکەوە ژیانی رەجەبۆفیشی لەگەڵ خۆماندا بە روویەکی خۆشەوە قبووڵ دەکرد. رەجەبۆف بۆ سوودی خۆی بابمی لە ئاڵو وێرێکی زۆر ترسناکدا کردبووە هاوبەشی خۆی. هەر لەو رێگایەشەوە ژیانی ئێمەی تاڵ و کوێر کردەوە. لە رووسیاپڕا دەناسی و ئەو لەوێ دەلاڵ بوو، بەڵام چونکە لەو دوا دواییانەدا چاوی تەماحی لەمن بڕیبوو ئیدی ژیانمان بەبێ کۆمەک و یارمەتییەکانی وی نەدەسورا. لەو ناوەشدا رەجەبۆف سوودی خۆشی هەر وەگیر دەکەوت.

چ رۆژانێکی سەختی ژیانی بابم بوون ئەو رۆژانەی لەبەر خاتری ژیان و گوزەران و ئاسوودەیی من بە دەست رەجەبۆفەوە لە بابم رادەبردن. لەلایەکی دیشەوە نەیدەتوانی من بەو بسپێرێ. لەسەر دەمی ئەو بگرە و بەردانەدا بوو ئەتۆ پەیدا بووی.

ئازیزەکەم خۆزیا بە خۆزیای خودای هەرگیز نەدەهاتی. تروسکەی هیواو ئومێدێکی رووناک لە ژیانی مندا پەیدا بوو، ئەو خۆشەویستییە شاراوەیە، کە هیچ کەسێک تەنانەت مارفینکاش نەیزانی. ئەو خۆشەویستییەی کە لەتینی هەموو ئاگرێکی هەڵایساو بە تین ترە، ئەو خۆشەویستییە ئومێدی گەشی وەبەر من نایەوە، من ئامادە بووم وەک تاتیانا هەموو ژیانی خۆم قوربانی تۆکەم، بەڵام داخوا دەمزانی کە تۆ ئەو خۆشەویستییەی من رەت

ناکەیتەوە، وەنا؟ تا لە دواییدا رێیەکی دیکەم بۆ دڵنیا بوونەوە و ئاسوودەیی دڵ و مێشکی بابم دۆزیەوە. رۆژێکی پێمگوت کە من بە هەموو حەز و ئارەزووی خۆمەوە ئامادەم شوو بە رەجەبۆف بکەم. لەگەڵ ئەو هەموو پەلەپەل و هەلە هەلەی رەجەبۆفیشدا بابم ئەوکارەی هەر وەدوا دەخست. چونکە هەر دڵنیا نەبوو.

ئەو رۆژە هەینییەی کە ئێمە بە رەجەبۆفمان گوت لە ماڵەوە نابین و بانگهێشتی ئاشنایەکی خۆمانین، کاتێ کە تۆ لە ماڵێ مە وەدەر کەوتبووی، تۆی دیبوو و هەر ئەو شەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە، بابم نەخۆش بوو لەبارەی منەوەی لەگەڵ دووا بوو زۆریشی پێداگرتبوو کە دەبێ لە ماوەی ئەو چەند هەفتەیەدا کارەکە یەکسەرە بێتەوە و هەر نەبێ شیرینی بخورێتەوە و ئەوکارە ئاشکرا بکرێت و ئاهەنگی بۆ بگێڕدرێ. هەر ئەو شەوە بابم لە حەژمەتان تووشی دڵەکوتە و سەکتە بوو و ئیدی هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە تازە لەو نەخۆشییەی قوتار نابێت یا ئەوەتا ماوەیەکی زۆر دەکەوێتە سەرجێ. بیرم لەوەی دەکردەوە بابم لەو دڵە راوکێ و ئازار و بە خۆ داشکانەوانە رزگارکەم و خۆم و بابم پێکەوە بکوژم. هەموو شتێکی ئەنجامدانی ئەو کارەم بۆ ئەو رۆژی شەمووەی ئامادەکردبوو دەمویست قەوانی Dance macabre یەکە بخەمە سەر و هەر دووکمان پێکەوە بمرین. من سەر قاڵی ئامادەکردنی ئەو پێشەکیانە بووم کە رەجەبۆف هاتەوە. لەو جۆرە سات و شوێنانەدا ئیدی دیتنی رەجەبۆفی لە توانادا نەبوو. ئینجا زۆر بە راشکاوییەوە داوام لێکرد و پێم راگەیاند کە لەو ماڵەی بچتە دەرێ. کەچی ئەو ئاماژەی بەو پەویوەندییە گەرموگوڕەی نێوان من و تۆ



کرد. سەرزەنشتی کردم، پەلاماری دام. تەنانەت خەریک بوو بێ ڕێزی بنوێنێ. سەرخۆش بوو. لێم تاودایە داردەستە ئەستوورەکەی بابم و لە ژوورێم وەدەرنا. کە گەییە هەیوانێ لەسەر پلیکانەکانڕا پاڵێکم پێوەنا. پێی ترازاو تەپڵی سەری وەگۆشەی یەک لە پلیکانەکان کەوت ئازیزەکەم، ئیدی پاشماوەی ئەو رووداوانەی دوای ئەمەش بۆ خۆت هەمووی دەزانی. کارێکی خراپم کرد. وا چاتربوو تۆم ئاگادار بکردبایە، وەنا؟ بابیشم مرد، ئێستاش ئەوە دەبینم کە نۆرەی قوربانی و فیداکاری و خۆبەختکردنی من هێشتا تێنە پەڕیوەو هەرماوە. تا هێشتاش نەموێراوە هەواڵی مەرگی بابم بە داکم راگەیەنم. ئەو کارەی بۆ تۆ بە جێدێڵم. هەرچی لە بارەی منیەوە دەزانی بۆ داکمی بنووسە، بۆی بنووسە کە من بەراستی کچی شایستەی ئەوم و دەشزانم چۆن خۆم بەختکەم. مەبەستیشم لە نوسینی ئەم نامەیە تەنیا ئەوەیە کە من ناتوانم بەرامبەر ئەوە خۆ ڕاگرم کە تۆ لەبەندیخانەدا برزیت و یابمری و منیش لە دەرەوە ژیانێکی بێ مەبەست و بێ هیواو ئومێد بژیم و بەسەر بەرم.

لەوانەیە ئەگەر دادوەرەکان هەموو ئەو بەسەر هاتانەی من بە تەواوی تەواوەتییەوە بزانن، فەرمانی خنکاندنم نەدەن، ئەو دەمی دوای دە ساڵ یان یازدە ساڵی دی بەردەبم و دێمە دەرێ. ئەودەمی دەبمە ئافرەتێکی زۆر خۆشبەخت و تۆشم زۆر خۆشدەوێ و بە خۆشەویستی تۆوە ئەوەندەی ماومە ژیان بەسەر دەبەم، خۆ ئەگەر مردیشم ئەوە هەر بە ئاسوودەییەوە سەر دەنێمەوە. ئێستاش وام بڕیار داوە، هەر ئەورۆ خۆم تەسلیمی دادگا کەم. مارگریتا"

دوای چەند رۆژێک هەر ئەو کەسەی کە بە دەنگێکی بڵند هاوار دەکا و ناوان دەخوێنێتەوە و بانگی مورتەزای کوڕی جەوادی کرد و بردی، ناوی منی بانگ کرد و هەندێ خواردن و کڵاوەکەمی دامەوە.

لەو دەفتەرەی کە ئەو شتانەم پێ وەرگرتن، نوسرابوو:

"هێنەر... مورتەزا —ف–"

چەند رۆژێکی دی دوو بارە پارەیان هێنا. کاتێ کە یەک لە هاو ژوورەکانی من پسوولەی وەرگرتنی پارەکانی ئەو دیو ئەو دیو دەکردن تا پسوولەکەی خۆی وەبینێ و ئیمزای کات چاوی بە پسوولەیەکی کەوت کە پسوولەی بەندیخانەی ژنان بوو لەسەری نووسرابوو:

"ناوی وەرگری شتوومەک. مارگریتا."

٢٠٠٠/١/١ دارەتوو.

---

سەرچاوە/ چمدان- بزرگ علوی- چاپ اول، نگاه: ١٣٧٧ (چاپ مکرر) مؤسسه انتشارات نگاه.

## "قوربانی"

### نووسینی/ بزورگی عەلەوی

درەختەکان تازە وردە چرۆیان دەردا بوو، پێشتر نەرمە بارانێک بارییبوو، بەڵام ئەورۆ هەوا پاک و بێگەرد بوو. خەسرەو لەسەر تەختێکی راکشابوو. دوای سێ مانگ نەخۆشی ئەوە یەکەمجاری بوو دەرکێ بکاتەوە. رەنگ و روویەکی سفت و سۆڵ و چاوەکانی کز و مەستانەیان دەنواند. سێ مریشک لە حەوشێ لەبەر پەنجەرەکە خەریکی پێپرکە بوون و چینەیان دەکرد.

کە لەباب و مریشکێکیش بەرە و لای حەوزەکە دەچوون، دەستیان بە ئاو خواردنەوێ کرد و لەگەڵ قووتدانی هەر دڵۆپە ئاوێکیش سەرێکیان بەلای یەکتریدا خوار دەکردەوە و سەیرێکی یەکتریان دەکرد. من لەسەر لێواری تەختەکەی خەسرەو دانیشتبووم. زۆر دەمێک بوو خەسرەو نەیدەهێشت کەسی بچێتەلا. بەڵام من هەفتەی یەک دوو جارانم بۆ ئەحوالپرسیە سەر لە ماڵێ وان هەر دەدا. لەگەڵ داکیدا دەدوام. نازانم ئەورۆ چۆن بوو رێی سەردانی خۆی پێدام. من گوتم "چاکە. ئێستا زۆر باشی هەریەک دوو رۆژی دیکەیە هەڵدەستیتەوە." کە وەڵامی نەدایەوە، من سەرم لە دوو قسەکانی خۆم نا: تا ئێستا چەند جارێکانت بۆ هەواڵپرسییە هاتووم. هەمیشە هەواڵی ساغی تەندروستیتم لەداکت پرسیوە، ئەو



گوتی: "بەڵێ دەزانم. وەک قسەکانم ماندووی کردبێ، بەلای دیواریدا وەرسووڕا. نێرە کتکێکی رەشیش هاتبووە لێوی حەوزەکە و بە پەنجەکانی ئاوەکەی لادەدا و دەیویست ماسییەکان بێنە پێشێ تا پڕیانداتێ و بیانفڕێنێ. خەسرەو دووبارە بەلای مندا وەرسووڕایەوە و گوتی: "بۆ کتێبی تازەم بۆ ناهێنی؟ دکتۆر کتێب خوێندنەوەی لێ قەدەغە کردووم، هەر دەڵێی شێتە."

– تۆش پەلە مەکە ددان بە خۆتدا بگرە بەڵکە تا ئەو چەند رۆژانەی دی چاکتریش دەبی.

خەسرەو کۆکەی هاتێ و دەستشۆرەکەی بۆلای دەمی برد، گوتی: "تۆ بەڕاستیتە و بێگومانی؟"

– بەڵێ زۆریش، چونکە من باوەڕ و متانەم زۆر بەو دکتۆرەیە، ئەوە بێجگە لەوەش کە رەنگ و رووی تۆش سوور هەڵگەڕاونەوە و لوس و لێک و گەش دیارن."

خەسرەو برۆیەکانی تێکنان. وەک ئەوەی بیرکردنەوە بۆ وی کارێکی یەکجار سەخت و دژوار بێت.

– بڵێی تا ئێستا چارە سەری نەخۆشی سیلیان دۆزیبێتەوە؟"

من گوتم: "لە بارەی تووە سیل و میل لە گۆڕێ نییە. تۆ تەنیا سەرمات بووە و پارێزیشت نەکردووە و لێت بۆتە رەقێتە و سینگ ئێشەیەکی سەخت و درێژ خایەن."

– باسکردنی بێسوودە؟ بەرگەی ناگرم."

دیسانەوە رووی لێوەرگێڕامەوە.

لە ئێسکە دەرپەڕیوەکانی روومەتیڕا دیاربوو مەرگ قوربانییەکی دیکەی تازەی هەڵناوە. بەڵام هەرگیز ئەوەم نە دەچووە مێشکی؛

چۆن دەبێ خەسرەو بمرێ؟ چۆن باوەڕبکەم؟ ئەو بەو هەموو ئومێد و حەز و ئارەزووەوە. لەپڕ بیری مەرگم لە مێشکیدا بە شێوەیەکی یەکجار زۆر ترسناک لەبەر دەمدا بەرجەستە بوو. هەرچی بێ سیلیش هەر هۆیەکە. لەوانەیە ئەگەر سیلیش نەبێ خەسرەو بە کۆڵانێدا بڕوات و پارچە خشتێکی بەسەردا بەربێتەوە و بیکوژێ. بیرێکی ناخۆش بوو، هەموو لەشم لەرزی، خەسرەوێک بەو هەموو هەست و نەستە ناسک و پاک و خاوێنەیەوە دەبێ بمرێ. باشە خۆ دوای مردنی هیچ شوێنەوارێکی نامێنێ و تەواوی بوونی وی وەنەبوون دەگەڕێ. تەنیا گیانەکەی دەمێنێتەوە؟! بەڵێ. لە ڕاستیدا لەو دەمەیرا کە خەسرەو کەوتبووە ناوجێ، یەکجار زۆر گۆڕابوو.

جاران لە نێو ئاوالاندا چەند روو خۆش و رووگەش بوو، دەگەڵ هەمووانی دەستبازی و جەفەنگ دەکردن. هەموو کەس پێیوابوو خەسرە و مرۆڤێکی سەرە ڕۆیە، بەڵام دوای شەو درەنگانێکی درەنگ کە پێکەوە دەماینەوە و دواپێکمان پێکەوە هەڵدەدا بێ ئەوەی ورتەمان لێیێ تێک رادەماین و ئەویش یان پارچە کاغەزێک یا پاکەتی جگەرەکانی خۆی دەردێنا و ورد وردی دەکردن، یان ئەو دەمانەی دوای خواردنەوێ قەوانێکی گراما فۆنی داویشتە سەرێ و گوێمان بۆ رادەداشت، ئا لەو دەم و ساتانەدا دەکرا خەسرەوی راستی بناسی. من دەمزانی ئەو چییە. بەڵێ ئەوکاتانە روون دەبۆوە کە ئەو مرۆڤە سەرەڕۆیە، لە راستیدا چەند شەیدا و ئارەزوومەندە. ئەو هەرگیز پێی وانە بوو کە دەبێ بەڕاشکاوی لەگەڵ کەسانی دیکەدا بدوێ. هەمیشە حەزی لەجەفەنگان بوو، بۆیە هەرکاتێ یەکێک لە ئاواڵەکانمان ژنی هێنابایە، ئەو دەیگوت: "ئەوە فلانیش



ژنی هێنا، تازە ئەویش سەنگین و رەنگین بوو. بۆ ویش واچاترە هێندێک وردە بەردان لەبەرکێ کا، تا قورستربێت."

شەو دەرنگان کە کەسمان بە دەورەوە نەدەما، ئەوقسانەی پێشووی بە جۆرێکی دی دەکردن: "تۆ وەرە بیر بکەرەوە مرۆڤ بیەوێ ژن بێنێ. باشەکێ بێنێ، بۆ نموونە کچی فلانە بازرگان، یافلانە سەرفەمانبەر، یافلانە پارێزەر، تۆ پێتوایە هیچ کامێکیان لەو فاتیلە شل و شەپرێو و تەمبەڵانەی خۆمان چاتربن؟ دە تۆ بیربکەرەوە کە ئەوانە لەدوای هەر نانخواردنێکی دەستبکەن بە قرپدانێ، یان نیوە شەوێ گورانییەکانی زینەتولملوک لێدەن و خۆێ بۆ راژێنن. تۆش ئەوەندەت بەسە بۆتا هەتایە و تاکۆتایی تەمەنت لە ژیان بێزار بی و بێزت لێی بیبێتەوە."

لەگەڵ ئەو هەموو گاڵتە پێکردن و نەفرەت لە ئافرەت کردنەشیدا، هەرمن دەمزانی چەند شەیدا و چەندی حەز لەژنە...

جارێکیان لە فەرەنگێی حەز لە ژنێکی کردووە. ئەو خۆشەویستیەی بە هەزاران جۆر و شێوە بۆ من باسکرد بێتەوە کەمە... ئێستاش ئەوە ئەو خەسرەوەیە کە دەبێ بمرێ! دەو دەمەیدا کە من لە ئاوە سەوزەکەی نێو حەوزەکە رامابووم، دیتم وەرگێڕ دراوێکی شوپنهاوەری لە بن سەرینەکەی دەرێنا و هێندێکی لە پەڕەکانی هەڵدانەوە.

کاتێ ویستم ماڵئاوایی لە خەسرەو بکەم و لە ژوورەکەی وەدەرکەوم، لە ژوورەکەی تەنیشتییەوە دایکیم دیت لەسەر عەردی بەماتی دانیشتووە و سەرپۆشەکەی لەسەریەوە پێچاوە و گوێی بۆ قسەکانی ئێمە رادا شتووە.

هەرکە منی دیت لە جێی خۆی ڕاستبۆوە، سڵاوم لێکرد، دوایی منی بردە ژوورێکی بەولاوە ترەوە و لەوێ دەستی بەداخ هەڵڕشتنی دڵی خۆی کرد.

– کاک خەسرەو تەنیا گوێ لە تۆ دەگرێ. دەبێ کارێکی وابکەی ئامۆژگارییەکانی دکتۆری پەیڕەو بکات، چونکە بەقسەی ئێمەنا کات و هیچ گوێ ناداتێ.

من گوتم: "خانم، دەبێ ئێوەش زۆری لەگەڵ لە سەرەخۆبن. ئەو زۆر هەست ناسکە. هەوڵدەن زیاتر بەگوێرەی حەز و ئارەزووەکانی وی ڕەفتار و هەڵس و کەوت بکەن."

– کاکە! ئەگەر دەزانی! ڕاستیت دەوێ لێرە هیچ کەسێک بەبێ مەیل و حەز و ئارەزووکانی وی نەبێ ناجووڵێتەوە. لەو ماڵەیدا کەس لام وجیمێ لە قسەکانی ئەودا ناکات. تەنانەت ڕێ بەکەسیشمان نادات بچینە ژوورەکەشیەوە. شتێکی دیش هەیە دەمەویست پێتان بڵێم. یەک مانگی ڕەبەقە کچێکە ناشیناسم هەموو ڕۆژێ خوا دایناوە سەرێک لێرە دەدات. خوشکەکانی خەسرە و دەڵێن، کچی خێزانێکی ماڵە گەورە و چاکن. کەچی خەسرەو بە ئێمەی گوتووە هەروەختێک هات نەهێڵن بێتە ئێرە و دەریکەن کە ئەوەش کارێکی نەکردەنییە و ناکرێ دەریکەین. ئەو ڕۆژێ بەیانیان دەودەمەیدا بۆ هەواڵپرسیە دەگاتە ئێرە. ئێوە کارێکی وابکەن کە بۆ خۆی پێی بڵێ چیدی نەیە. من پرسیم: "ئەرێ ناوی فەرۆغ نییە؟"

– بۆ... نا، بەڵام ڕاستیت دەوێ ئێمە شەرمێ دەکەین پێی بڵێین."

من دەبیرەوە چووم و کەمترم ئاگا لە قسەکانی داکێ خەسرەوی و ئەو دەردە دڵ و سکاڵایانەی لە دەست کوڕەکەی دەیکردن هەبوو



و ئێرەییشی بەوە دەهات کە بۆ تا ئێستا هیچی دەربارەی ئەو کچە لەلای وی نە درکاندووە. لە قسەکانیشی وادەردەکەوت کە ئەگەر بە دەست من بوایە، تا ئێستا دەمێک بوو دەرگای ئەو ماڵەم لە ڕوویدا دادەخست بەڵام بەداخەوە کە خوشکەکانی ناهێڵن. کاتێ کە خۆشەویستی و میهرەبانی و دڵسۆزی لە دنیایەدا ببنە هۆی دەردی سەری مرۆڤ؟"

دوایە گوتی: "دوێنێ دکتۆر دەیگوت کە سوپاس بۆ خوا خەسرە و چاتربووە. ئەگەر زۆریشی ئاگا لە خۆی نەبێ و پارێزیە نەکا لەوانەیە ئەو نەخۆشیە ساڵێ دووجاران لەو کاتەدا هەڵداتەوە، کە ئەویش بۆ وی زۆر جێی مەترسییە. وەرە مەردی چابە وابکە هێندە نەخوێنێتەوە."

لەو دیوی پەنجەرەکەوە خەسرەوم دیت کە لە ژوورەکەی خۆی هاتۆتە دەرێ و لەسەر پلیکانەکانی ناو حەوشێ دانیشتووە. داکی کورسییەکی دانیشتنێ بۆ برد. منیش هەر چوومە حەوشێ و تەنیشتە وی. پێی گوتم: "هەتاوێکی چەند خۆشە!" داکی گوتی: "خەسرەوخان، دەبایە خۆت چاک بپێچیەوە."

خەسرەو ڕووی لە من کرد و گوتی: "بەڕاستی بەهار، گیان وەبەر هەموو شتێکدا دەکاتەوە. ئەو دارشمشادانەی ماڵێ مە تا دوێنێ هەموو ڕەش و برش و ناشیرین بوون، کەچی ئەوڕۆ تێکڕای گەڵاکانیان سەوز و جوان و ڕازاوەن. تەنانەت ئەوانەی لە پایزێشدا مردبون. ئەوا ئێستا دووبارە زیندوو بوونەتەوە." لە ڕاستیدا ئەمە بار و دۆخی سروشتیی خەسرەو بوو.هەمیشە دەیویست و ئارەزووی بوو کە بیر و بۆ چوونەکانی خۆی زۆر سادە و

ساکارانە دەربڕێ و بیانگەیەنێتە خەڵکانی سادە. بەڵام زۆر جاران ئەو بیر و بۆ چوونانەی خۆی بە شێوەی گاڵتە جاڕی و گەنجەفەوە دەگوتن. ئێستاش شێوە حاڵەتێکی سەنگینانەی دیکەی بە خۆوە گرتووە. تۆ بڵێی لەو دیوی دەرکێوە گوێی لە قسەکانی ئێمە نە بووبێ؟. وامدێتە بەرچاوان کە هەر ئەو خەسرەوەش زۆر لە مردنێ بترسێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە تائێستا دووجارانی هەوڵی خۆکوشتنێ داوە و سەرنەکەوتووە و نەمردووە.

پاڵتۆیەکی تووکنی بەسەر شانەکانیدا دابوو. سەریشی دەناو یەخە بڵندەکانی پاڵتۆکەیدا شار دبۆوە و لەسەر کورسییەکی لەبەر هە تاوێ دانیشتبوو. کە داکی هەستی ئەوەیکرد پێمان خۆشە بە تەنێ بین. ڕۆیشت. بەڵام خەسرەو هیچ قسێکی نەکرد. حەوت هەشت چوێڵەکە لەبەردەمی مە، لە ناو باغچەکەدا خەریکی گەمان بوون. تەنیا جیکەجیکی ئەوان و دەنگی دەسکی ئەو هاوەنەی گۆشتی کاڵیان تێدا دەکوتا دەنا گوێمان لە چ دەنگێکی دی نەبوو.

خەسرەو گوتی: "لەگەڵ داکمدا لەچی دەدوان؟ بێگومان لە بارەی فەرۆغەوە.

ئەو کچە تا ئێستا ڕەنگە هەزار جاری زیاتر بە من گوتبێ بە قوربانت بم و لە دەوری سەرت گەڕێم خوایە مەرگم پێش مەرگت کەوێ. هەر تەنیا بۆ ئەوەی من ئاوڕێکی لێبدەمەوە. ئێستا چۆنە تاقیبکەینەوە. بابزانین دەتوانێ قوربانی بدا."

چاوە درێژکۆلەکانی خەسرەو دەو دەمەیدا کەمێک خڕتریان دەنواند، وەک ئەوەی کە مێک گرژیان لێوە بتکێ.

– بەراستی لە مەبەستەکانت ناگەم.



خەسرەو پێکەنی و گوتی: "مەبەست لەوەیە، جەژنی قوربانێ لە جیاتی شەکە قوربانییە، فەرۆغی بکەینە قوربانی."

دیارە هەر بۆیەیە خەڵکی دەڵێن خەسرەو شێت بووە و بۆ ئەوەش زیاتر لەو بارەیەوە نەدوێ هەستام و ماڵئاواییم لێکرد و ڕۆیشتم.

کاتژمێر و نیوێکی مابوو بۆ نیوەڕۆیە، کە لە ماڵێ خەسرەوی هاتمە دەرێ، زۆر نەچوو بوو، چاوم بە ژنێکی کەوت بەرەو لای ماڵێ وان دەچوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرپۆشی لەسەر و چاوی خۆیەوە پێچابوو، هەر ناسیم کە فەرۆغە.لەو سەری شەقامەکەوە هەڵوێستەیەکم کرد، بەڵام نەگەڕایەوە. پێدەچوو خەسرەو پێشوازی لێکردبێ. لە ڕاستیدا ئەوچەند قسانەی دواییەی خەسرەو دەبیرەوەیان بردم.

من و خەسرە و لە بانگهێشتنێکی ماڵە ناسراوێکی شاریدا پێکەوە فەرڕوغمان ناسی. ئەو ڕۆژە فەرڕوغ جل و بەرگی پوولەکەداری لەبەر بوو، پرچەکانی زۆر جوان داهێنا بوون و گودلەی بەسەر نێو چەوانیدا کردبووە چەتر. کاتێ خاوەن ماڵ من و خەسرەوی بە وی و داکی ناساند، فەرۆغ زۆر سوور هەڵگەڕا. چونکە ئەوە یەکەمجاری بوو کە لە بانگهێشتنێکی ئاوا لەگەڵ داکیدا بەبێ پەچەو سەرپۆش بێت. هەروەها فەرۆغ هەر لەو ڕۆژانەشدا بوو کە لەپۆلی یازدە دەرچوو بوو بڕوانامەی "خوێندن تەواو کردنێ"ی وەرگرتبوو. لەسەر نانخواردنێ فەرڕوغ لە نێوان من و خەسرەویدا دانیشت. لە ڕواڵەتدا چاودێری ئێمەیان بەو ئەسپاردبوو، بەڵام من لە ژێرەوە فەرڕوغم دەدیت کە لەبەکار هێنانی کەوچک و چەقۆ و چەنگاڵی

گەورە و بچووک و دەستەسڕی کاغەزی، کە وەک کەڵلە قەندان لە دەوروبەر و سەر دەورییەکانیان ریز کردبوون، زۆر دەستوپێ سپی و دەستەپاچەبوو. خەسرە و ئەو رۆژە بە پێچەوانەوە زۆر دڵخۆش و شاد و رووگەش دەهاتە بەرچاو، بە بۆچوونی من وەک بای مانگێکی دیکەشی گەنجەفە و جەفەنگ وەدەست کەوتبێ. لە کاتێکا کە فەرڕوغ بەشەرمەوە دانیشتبوو، خەسرەو لێرە و لەوێ دەگەڵ هەمووان دەدوا و پرسیار و وەڵامی لێدەکردن، جارێکیشی روو لە من کرد و لێی پرسیم: "من و تۆ دەبێ لە هەمووان شاد و شەنگوڵ و دڵخۆشتربین کە فەرڕوغیان لەگەڵ ئێمە داناوە."

لە وەڵامی ئەو قسانەدا فەرڕوغ هەستایەوە و گوتی: "بە پێچەوانەوە من بەوە سەر بەرزم کە لەکەسانی گەورە و رێزداری وەک ئێوەوە نزیکم."

دوای نانخواردنێ نیوەڕۆیە من و خەسرەو دانیشتبووین و شەترەنجمان دەکرد، هەندێ لە میوانەکانیش لە ژوورەکانی تردا خەریکی چاخواردنەوە و قسان بوون. پێموابێ زۆربەی قسەکانیشیان لەسەر خەسرەوی بوون. چونکە بەو دوا دواییە خەسرەو کتێبە بە ناوبانگەکەی تەواو کردبوو کە بە دوایین نووسینی ئەو دەژمێردرا. داکێ فەرڕوغی لەولاوەتر دانیشتبوو و خانە خۆێش کچەکەی خۆی کە کتێبەکەی خەسرەوی بەدەستەوە بوو و دەیخوێندەوە هێنایە لای ئێمە. هەر بۆ خۆ دەرخستنێش پرسیارێکی کە لە قوتابییەکی دەرچووی پۆلی یازدە بووەشێتەوە لێکردین و پرسی: "بەڕێزان ببوورن لێرەدا فەرمووتانە: ئەوچرایەی



لە ژێرچەترە سوورەکەدا داییسا، مانایەکی شاراوەی هێماداری دەبەخشی. مەبەستتان لەمە چییە؟"

خەسرەو ئەسپەکەی راگرتبوو و خەریکی رۆینێ بوو؛ بەڵام بۆ ماوەیەک پێی گرتەوە و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

"مەبەست ئەوەیە کە فەرڕوغ خاتوون ئاورێکمان لێبداتەوە و چایە کمان بداتێ."

فەرڕوغی بێچارە لەو وەڵامە بێ جێییە سوور هەڵگەڕا و رۆیی. دوایە خەسرەو پێی گوتم: دیتت؟ نیوەی تۆیە."

لەوە بە دواوە فەرڕوغ و دایکیمان لە "قاوەخانەی لالەزار" بێ سەرپۆش و هەندێ جاریش بەسەرپۆشەوە دەدیت. داکێ فەرڕوغی دەیزانی کوێ نیسکان دێنێ. خەسرەو جوانکیلە و لە خێزانێکی رێزدار و بنەماڵە بوو. ئەوێستا هیچ کارێک و پارە و پوولێکی نەبوو. بەڵام بۆ ئەو ئەمانە گرینگ نەبوون. چونکە ئەوان پێویستیان بە پارە و پوول نەبوو. تەنیا شتێک کە داکێ فەرڕوغی دڵ نیگەران دەکرد ئەوەبوو کە لە ماڵێدا زۆر قیڕ سیچمەبوو. ئەوەشی لە نێو ژناندا بیستبوو. ئەوەش شتێکی وانەبوو، لەوانەیە لەگەڵ ژنەکەی رێک و پێک و خوو ورەوشتێکی چاکی بێ.

دوایە کە فەرڕوغ بە جێیەکەی ئێمەی زانی، ئەوجا بەتەنێ دەهاتە وێ، لە دەوروبەری کاتژمێر حەوت تا هەشت خەسرەو تا دەرکی ماڵێی دەبردەوە، هەندێ جارانیش خەسرەو کە پێیوابوو لەوانەیە فەرڕوغ بێت، ئەو زووتر دەرۆیشت و منیشی رەگەڵە خۆی دەدا. پەیوەندی ئێمەو فەرڕوغی ئابەوجۆرە بوو تا دووچاری ئەو نەخۆشییە هات. لەو کاتەوە ئەوە یەکەمین جارە فەرڕوغی دەبینێ

له کاتی چوونه ماڵێیان خۆی له من داده پۆشی. به ئاشکرا به داکیشی نەدە گوت کە دەچتە وێندەورێ. فەڕوغ خەسرەوی زۆر خۆشدەویست. له هەمووشی گرینگتر قسەیەک بوو کە ئەوڕۆ خەسرە و دەربارەی فەڕوغ کردی. دەبێ مەبەستی چ بووبێ؟ بیر و بۆ چوونێکی پەرش و بڵاو کە هەرگیز ناتوانم  تانو پۆ و رایەڵەکانی لێک  گرێدەم. تا دوو سێ رۆژان نەچوومەوە ماڵێ خەسرەوی.. بەڵام دڵم هەر دڵی دەخواردەوە. رۆژێکی بە بەرماڵێ فەڕوغیدا رابردم، بێ ئاگایانە لە دەرکێم دا. نۆکەرەکەیان گوتی: "خاتوونەکان لە ماڵ نین."

کە چوومەوە ماڵێ کاغەزێکی خەسرەویان دامێ دیتم نوسیویەتی کە تا زووە بیگەمێ.

کە چووم خەسرەو کەوڵە مەڕێکی دەخۆوە پێچابوو لە حەوشێ لەسەر کورسییەکی لەبەر هەتاوێ دانیشتبوو. لقەکانی دار قەیسییەکە کە تازە چرۆیان دەردا بوو و بەسەر سەریدا شۆڕ ببوونەوە و سێبەریان لێکردبوو. خوشکە بچووکەکەی لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو نارنجی بۆ پاکدەکرد.

خەسرەو گوتی: "دەک بەخێرێی، شادیت لەگەڵ خۆت هێنا."

– کوڕە واش نا، شادی بەتۆوەیە.

زەردەیەکی هاتێ و مات بۆوە، هەر بۆ خۆی وابوو، من دڵم رانە دەوەستا. بەڵام ئەو هەروەک خووی پێوەگرتبوو هەموو شتێکی بە سارد و سڕی و بەکاوە خۆ وەردەگرت.

خوشکەکەی پێکەنی و گوتی:

– دەفەرموو نارنجێکی بخۆ.



– خوا تۆمان لێ نەستێنێ و سایەتمان لەسەرکەم نەکا.

– هەی ئافەرین، بەڕاستی پێشوازییەکی لە جێی خۆیدا بوو.

ئیدی من وەڵامێکی گونجاوترم وەگیر نەکەوت وەڵامی پێبدەمەوە خەسرەویش رواڵەتێکی راشکاوانە تری بە خۆوە گرت.

من پرسیم: "ئیشی چت پێم بوو؟ ئێستا کە چوومەوە ماڵێ نامەکەی تۆم دیت."

– ئیشێکی وام نەبوو. هەر ویستم دەربارەی ژن هێنانی خۆم چەند قسێکانت دەگەڵ بکەم.

بەشڵەژاوییەوە پرسیم: " تۆ؟ ژن هێنان؟ کێ؟

– لەگەڵ فەڕوغ!

– لەگەڵ فەڕوغ؟

– ها، واقت وڕماوە، جائەوە چییە؟ بۆ من نابێ ژن بێنم؟.

بەو چاوە درێژکۆلانە و ئەو دەموچاوە سێ گۆشەییەوەی زەردەخەنەیەکی سەیری هاتێ. قۆڵم لەسەر کورسییەکە دادا بوو، و قاچەکانیشم هاویشتبوونە سەریەک و گوتم: "پیرۆزە"

بەڵام لە دڵی خۆمدا بیرێکی دیکەم کردەوە: باشە ئەدی ئەتۆ نەخۆش نی، تۆ نەخۆشی سیلتە. باشە فەڕوغی بەستەزمان گوناهی چییە کە تۆی ناسیوە. خەسرەوم لە پێش چاوان ونبوو، گونای دەرپەڕیوی پەیکەرە ئێسکی مردوویێکم لە جێی خەسرەوی لەسەر کورسیەکە هاتە بەرچاوان. فەڕوغ دەستی بەسەر ئەو پەیکەرە ئێسکیەدا دێنا...

خەسرەو کورسییەکەی لە من نزیکتر خستەوە و گوتی: "هەستدەکەم کەمێک سەرسام بیت و ئەم کارەی منیش بە کارێکی

سەخت و نابەجێ بزانی، باشە تۆ دەزانی من چ ئێش و ئازارێک دەچێژم؟ داخوا دەزانی چۆن دەسووتێم؟ من لە خەڵکانی دی چاکتر دەبینم و باشترتێدەگەم. هەر لەبەرهەندێیە خەڵکی دیکە تاموچێژوکام لە ژیان دەکەن و من ئازار دەچێژم... لەوەش بترازێ کێ دەڵێ من دەمرم. ئەوە هات و چاکتر بووم. بەڵکە ئەو ژن هێنانە تەندروستیم چاترکات. ئەدی تۆ بۆ خۆت ناڵێی من سیلم نییە، نەخۆشیەکەم کۆتایی هاتووە. کێ دەڵێ فەڕوغ لەگەڵ مندا بەدبەخت دەبێ. بەلکە خۆشگوزەران و ئاسوودە و خۆشبەختیش بێت."

ماوەیەک هەروا دەدواو قسەی دەکرد و منیش تێڕامابووم. دوا قسەکانیشی ئەمانە بوون:

"بۆچی بەرگری لە خۆم بکەم. ئەو هێزەی منی سیلاوی کردووە و دەیەوێ بمکوژێ، هیچ بەرگریەک لە خۆی دەکا؟ منیش هێز و توانایەکم و دەبێ گۆڕەپانێکی پان و بەرین بۆ بای باڵی خۆدانێ پەیداکەم."

هەرچەندە قسەکانی قنیاتیان پێنەکردم، بەڵام ڕاستیشی دەکرد. قسەکانی ویم چوونە دە دڵی. ئیدی ژن هێنانەکەی ئەو سەرسامیەی کە لە سەرەتادا هەوتی کردم، وردە وردە ڕەویەوە. بەڵام لەلایەکی دییەوە دوو دڵ بووم. لەوەی دەترسام کە تەواوی نەخشە و پیلانەکەی خۆی پێنەگوتبم.

هەرچۆنێ بێ پەسەندم کرد. بۆ خۆشی لە پێشدا لەگەڵ فەڕوغیدا دوابوو. هەروەها داکێ خەسرەویش ئەو زەماوەندەی زۆر پێخۆش بوو بەڵێنی هەموو جۆرە کۆمەکیەکیشی دابوو، دکتۆریش ئەوکارەی پەسند کردبوو، بەڵام بە وریاییەوە، گوتبووی:



"لەوانەیە بۆ خەسرەوی زۆر باش بێت، لەوانەشە بۆ هەردووکیان ترسناک بێت."

خەسرەو نەخشەکەی خۆی ئاوا بەم جۆرە بۆ ڕوون کردمەوە:

"بڕیارم داوە زەوییە میراتییەکەی شەهریار بفرۆشم و بە پارەکەی کە نزیکەی دوازدە هەزار تومان دەبێ، لە گەیلان یان لەلاجانێ، یا لە نزیک دەریایە پارچە زەوییەکی دەکڕم و هەر لەوێش خانووێکی دورستدەکەم و سەرقاڵی کارێکی دەبم. هەرواشم نیازە کە دەو خانووەیدا ژنێ وەگوێزم."

منی ڕاسپارد کە لەگەڵ داکێ فەڕوغیدا بدوێم.

سەرەنجامی ئەوکارانە نزیکەی هەشت مانگ و نیوی خایاند هەرچەندە داکێ فەڕوغی لەبەر نەخۆشییە خەسرەوی بەوکارەی تۆزێک نیگەران بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەسەر خۆی نەهێنا چونکە بۆ خۆی پێی خۆش بوو. داکێ خەسرەویش کە دەیدیت کوڕەکەی خۆشحاڵە و جارجارەش بەدەمیەوە پێدەکەنێ، زۆر شاد و رووگەش بوو. هەقیشی بوو چونکە ژن هێنانی کوڕان و شووکردنی کچان یاد و بیرەوەرییەکی زیندووی سەردەمی زەماوەندی داک و بابانە.

لە ڕوودسەر لە کەناری دەریایە خانووێکی کوێستانی کە بەسەر دەریایەیدا دەڕوانی و هەیوانێکی پان و پۆڕی هەبوو جامخانەیەکی سەرتاپا شووشە بەندی تێگیرابوو سێ مانگەی هاوینێ من و خەسرەو سەرقاڵی نۆژەن کردنەوەی ئەو خانووە بووین. بەشێوەیەکی سەرپێیی خانووەکە کڕدرا. خەسرەو پێیوابوو کاتێ کە لەگەڵ خەڵکی گەڕەکێ ئاشنا بوون ئەو دەمی زەوییەکەش دەکڕن.

بۆ نۆژەن کردنەوەی ئەو خانووەش ئەوپەڕی وردەکاری تێدا بەکار هاتبوو، خەسرەو ئەو خانووەی وا دەستووردابوو کە یەکجار زۆر کەشخەی دەنواند.

کەل و پەلی ناو ماڵەکەیان لە چاکترین کۆگا و موغازە و پێشانگاکان بە باشترین سەلیقەوە کڕین. من دەڵێم سەلیقە، بەڵام هیچیشیان بە دڵی من نەبوون. بەڵێ مۆبێلی نەرم و خۆش. قاڵی و رایەخی جوان و رازاوە بە نەخش و نیگار و وێنەی جوان.

پەردە پەنجەرەی ئاوریشم، چلچراو قەندیلۆکەی دەستکاری ئەسفەهان. چارپایەچرا کە هەمووی لە دار و تەختەی قورس و پتەو دروستکرابوون. ئەوشتانە کەیەکجار زۆریش جوان بوون، بەڵام خەسرەو رەنگی سەیر و سەمەرەی لێ هەڵدەبژاردن.

دووهەزار تومان بە ژووری نوستنێ درا کە خەسرەو پێیدەگوت "ژووری بووکێ" تەواوی رەنگی شتەکانی ئەو ژوورە هەموو رەنگی زێرکفت بوون. دیسانەوە دەیڵێمەوە، کە ئەوانە هیچیان بە دڵ و حەز و ئارەزووی من نەبوون.

رۆژی هەژدەی مانگی بەهمەنێ کە لە رۆژ ژمێرێدا نوسرابوو بووک گواستنەوەی تێدا پیرۆزە، بووک و زاوا لە ماڵێ داکێ فەروغی مارەییان بڕی. هەر ئەو رۆژە فەرڕوغ و خەسرەو و پێکەوە بەرەو رود سەر هاژوایان دووسبەی ئەو شەوە من و داکێ فەرڕوغ پێکەوە بە ئوتومبێلێکی هۆدسن لەلاجانێ تێپەڕین.

بڕیار وابوو دەمە دەمی ئێوارێ بووک و زاوا بچنە نێو خانووە نوێیەکەوە و ئێمەش بۆ بەیانی لەوێ بین.



بایەکی توندی دەهات بەفری بە درەختانەوە نەهێشت. نارەتەیەکیش کە کەس نەیدەزانی لە گەرووی بایەکەوە دێت یا سروشت بۆ خۆی وادەکات، کەوا بەو شێوە سەیرەکار لە ناخی ناوەوەی مرۆڤ دەکا. داکێ خەسرەوی و داکێ فەرڕوغی هەردووک پێدەکەنین، بەڵام من چاوەڕێی پێشهاتێکم دەکرد. دڵم وەپەلە پەل کەوتبوو. ئوتومبێلەکە بە رێی پڕ لە بەفرو بە قورگیراودا هەر ئێرە و ئەوێی بوو تا دەهاتیش ئێمەی بەرەولای ئەو خانووە نزیکتر دەکردەوە کە بەلای منەوە خانووێکی یەکجار سامناک بوو. کاتژمێر نۆ و نیو لەبەر دەرکێ راوەستا. دەرکە کرابۆوە و خزمەتکار و بەردەستیش دیار نەبوون. لە نێوماڵێش وەک باوە، کەسمان بەپیرەوە نەهات و فەرمووی لێنەکردین. هێشتا چرای دوێ شەوێ هەر دەسووتا و دووکەڵی دەکرد. لە رۆژێکی وا کە بووکی تێدا دەگوازرایەوە، نەدەبوو ئەو ماڵە ئاوابێدەنگ و کشومات بێ. لە پلیکانان وەسەرکەوتین. لە دالانێ نهۆمی یەکەمدا کابرایەکی ئەرمەنی کە کەمانچەکەی هەر دە دەستیدابوو لەسەر لاتەختێکی خەوی لێکەوتبوو پرخەی دەهات. لەتەلارێ گەورەشدا چەند شووشە و پەرداخێک کەوتبوونە سەرعەردی و هەندێ چرای دیش هێشتا هەر داییسان. لەلایەکی دیرا کەکەس نەیدەزانی کوێیە بایەکی سارد بە تەواوی نێو ماڵەکەیدا دەهات بە شێوەیەکی وا هەرچی پەردە و چرا و قەندیلۆکە هەبوون هەر هەمووی وەهەلەکە سەما خستبوون. هەرجارە و لە پڕیش دەرگایەک دەکرایەوە و زۆر بەتوندی بە دیواریدا دەدا. ئاگام لە ژنەکان بڕا. شارەزای ماڵەکە بووم. یەکەمجار چوومە ژووری نوستنێ. لێفە و سەرینی سەر

چارپایەکە پەرش و بڵاو کەوتبوون، بێ ئەوەی کەسیشی لێبێ. بایەکە لەلای هەیوانێوەڕا دەهات. دەستوبرد چوومە وێ تا پەنجەرەکان داخەم. بایەکی سارد دەناو خانووەکەیدا هەڵیکردبوو و پێتەڵووکەی دەوێدا بە بەفرێ دەکرد. لەپەنجەرەیڕا دەریا دیاربوو، کەفی کردبوو، شەپۆلەکان بە توندی خۆیان بە دیواری خانووەکەدا دەدا، وەک بیانەوێ لە بناغەوە هەڵیکەنن و ژێرە و ژووری کەن. لە نزیک پەنجەرەیەکەوە فەڕڕوغ بە خۆوبەکراسێکی سپی درێژ و سەر و پرچێکی ئاڵۆزەوە لەوێ لەسەر عەردی کەوتبوو. لە پێشدا وامزانی مردووە. ورتەی لێنەدەهات و نە دەبزووت. لەشی سارد ببۆوە و پێخواستیش بوو. کە لێی نزیک بوومەوە هەڵمگرتەوە و دەسەروچاویم هەڵڕوانی، بە چاوەکانی ئاماژەی بۆ دەریاکرد.

* * *

دوای ساڵێک فەڕڕوغیش بە نەخۆشی سیل مرد

ئەو بە قوربانی هەمووان بوو، ئەمیش بە قوربانی ئەو.

١٩٩٩/١١/٢٦- دارەتوو.

---

سەرچاوە: لە کتێبی- چمدان- چاپ اول، نگاە: ١٣٧٧ (چاپ مکرد) مؤسسەء انتشارات نگاە: خیابان ١٢ فروردین شمارەء ٢١- ەوە کراوە بەکوردی

**- غەریب -**

## "شەوی نەخۆشخانە"

**نووسینی/ سەید حوسێن ئیعتیماد زادە**

دەمەو ئێوارە دکتۆر هاتبوو بە کورە لاوەکەی گوتبوو کە بەیانی دەردەچیت. هەستی غەریبایەتی تەواوی بوونی ئەو پیاوەی داگرتبوو.

ئەو چەند رۆژانەی کە هاتبووە نەخۆشخانە خووی بەو کورە لاوە و قسە و گفتوگۆ گەرموگوڕەکانیەوە گرتبوو کە بەتەک قەرەوێڵەکەی ئەوەوە بوو لەقسەکانی لاوەکەوە تێگەیی کە سەرپەرشتیاری کۆمپانیاکانی دەوڵەتییە و لە ئەنجامدانی یەکێک لە کاروبارەکانی ئیشەکەیدا تامپۆنی کردووە.

پیاوەکە لە پەنجەرەی لای قەرەوێڵەکەوە دەحەساری نەخۆشخانە و دارچنارە چرەکانیەوە دەڕوانی. دەنگی غژە غژی پانکە بنمیچییەکە ئازاری دەدا و لەهەمووکاتێکی تریش زیاتر دڵتەنگ بوو، دەنگێک وەخۆی هێنایەوە، رووی وەرگێڕا لاوەکە بوو: (ئەوە چتە، دەبیر و خەیاڵاندای و دلتەنگی.) پیاوەکە بەتێرامانەوە سەیرێکی کردێ: (نا هیچ نییە.) لاوەکە لە پەنجەرەیرا سەیرێکی دەرێی کرد و بە دەنگە نەرم وشلە هەمیشە کەییەوەی گوتی: (ئێوارە وەختەی ئەم شارە، دڵگیرە. بەڵام پێدەچێ ئێوە بەشتێکی دییەوە نارەحەت بن.)



پیاوەکە گوتی: (شتێکی وا نییە.)

لاوەکە رووی وەرگێڕایەوە و ئێستا دە چاوەکانی پیاوەکەیەوە دەڕوانی، دەقووڵایی ئەو چاوانەی کە بە درێژایی ئەو چەند رۆژانە دەیانهەویست و هەوڵیان دەدا شتێکی بشارنەوە. دەستی خستە سەر شانی پیاوەکە و بەنەرمییەوە گوتی: (باشە ناتەوێ قسەی دڵی خۆتم پێ بڵێی. ئەو چەند رۆژانە من هەرچی دە دڵی خۆمدا بوو هەموویم بۆ هەڵڕشتی، کەچی تۆ من بەشایانی ئەوە نازانی قسەی خۆتم بۆبکەی.) لاوەکە هەرپێی داگرت: (جا ئەوە قسەیە، خۆ خواردنەوە و نەدرکاندن خراپترین نەخۆشییەکە، هەروەک لووێکی ناو لەشی مرۆڤ وایە و ئا دەمیزاد لەناو دەبات.)

(راستییەکەی تا ئێستا بە هیچ کەسێکم نەگوتووە چ مەرگێکمە. تەنانەت بە هاوکارەکەشم و نەشم هێشتووە ماڵەوەشمان ئاگادار کەنەوە کە قاچم شکاوە، چونکە دەزانی رێیە کە دوورە ئەگەر بشهێن لەوانەیە پێیان وابێ داخوا چ قەوماوە و هەموویان مل لێدەنێن و دێن.)

خۆر بە تەواوی رەنگی پەڕیبوو و گڵۆپەکانی حەسار و ئەولاتر و هەموو گڵۆپەکانی نێوشاریش داییسان. لاوەکە پرسی: (پێت خۆشە کە بەیانی دەرچووم سەرێکی لە ماڵ و منداڵەکەت هەڵێنم؟)

پیاوەکە گوتی: (نا قوربانت بم، هەر نامەوێ بشزانن، منیش دوو سێ رۆژی دی دەردەچم و دەچمەوە ماڵێ، پێشمونییە بەو حاڵەوە بتوانم تا یەک دوو مانگی دی کارێ بکەمەوە.

لاوەکە دەستی پیاوەکەی گوشی: (دە باشە دەی بزانم بۆ هێندە گرژ و نارەحەتی، پێم بڵێ داخوا بۆ نەخۆشییەکەت لە ماڵێ

دەشارییەوە) پیاوەکە زەردەیەکی غەماوی هاتێ و بە سەیرکردنی حەساری بیمارستانێ لە پەنجەرەکەیرا بەشێوەیەک کە لاوەکە نەتوانێ فرمێسکی چاوەکانی ببینێ گوتی: "(کوڕەکەم پۆلی دووی راهنەماییە بوو. ملی لە بەرەڵلایی و گوێ نەدان و کەمتەر خەمییە نا، تا رۆژێکی قەول و بڕیەکم دەگەڵ دا. ئەگەر بێت و بێتەوە سەر وانە و مەشق و خوێندن و قوتابخانەی و وەک سالانی پێشوو پیاوانە مل بداتەوە و بخوێنێ ئەوە منیش بەڵێن و پەیمانی دەگەڵ خودای خۆمی دەدەمێ یەک دانە دووچەرخەی چاکی بۆ بکڕم چونکە هەموو ئاوەڵەکانی هەیانبوو و ئەویش چاوی تێوە بوو.)

کوڕەکەم گوتی: (بابەگیان ئەگەر من پەیمان و بەڵێن بدەمەوە کە کوڕێکی چاک بم، تەنانەت یەکەمیش بم، تۆ پەیمانی خۆت دەبەیتە سەر و لەسەرقسەکەی خۆت دەمێنییەوە.)

کە ئەوەم بیست وەبیرم هاتەوە کاتێ دەچوومە قوتابخانە و دەبوو لەگوندی خۆمانەوە تا دێیەکەی دی بە پێیان چووباین و بەزستانێش، هەموو ئاوەڵەکانم چەکمەیان دەپێدابوو، هەر من نەبێ پێڵاوێکی دڕاو و پەنجە بە دەرەوە لە پێ، چەندجارێکانم بە بابم گوتبوو، هەر بەڵێنی دەدا و چەکمەکەی بۆ نەدەکریم، بۆیە تا ئێستاش ئەویاد و بیرەوەرییەم هەر دەدڵ و دەروونیدا ماوەتەوە و لەبیرم ناچێتەوە، ئەوجا دەچاوەکانمەوە راما و درێژەی دایەوە قسەکانی: (باشە بابە توخوا بەڕاستیتە دوو چەرخەم بۆ دەکڕی!؟) قسەکانیم وەک تیرێکی دە دڵی چەقی و گوتم: (بە نامووسم، پەشیمان نابمەوە و هەر لەسەر قسەی خۆمم.)



هەڵوێستەیەکی کرد و بە لاوەکەی گوت: (ئەگەر بەزەحمەتی نەزانی لای سەرەوەی قەرەوێڵەکەم تۆزێک بۆ بەرز کەیتەوە ملم شل بووە.)

دەنگی غژە غژی فەنەری ژێر قەرەوێڵەکە بێدەنگی ژوورەکەی شلەقاند بوو، لاوە لەسەر قەرەوێڵەکە لە تەنیشت پیاوەکەوە دانیشتبوو و گوتی: (خەریک بووی دەتگوت کە هەر بەڕاستی ژیانی مرۆڤەکان چەند پێک دەچن، دەی تەواویکە.)

پیاوەکە درێژەی دایەوە: (هەر بۆ بەیانی هەمان رۆژ کوڕەکەم هاتەوە کونجی ماڵێ و سەری بەسەر کتێبەکەیدا بەردایەوە و ملی لە خوێندن و وانە و قوتابخانە نایەوە و بووەوە ئەو شتەی من دەمەویست و ئیدی وازی لە هەموو شتێک هێنا و خەریکی مەشق و وانەکانی بوو، کە لێشدەبۆوە دەچۆوە بەردەمی موغازەی دوو چەرخە فرۆشییەکەی لەوێ لە دوو چەرخانەوە رادەما، بەتایبەتی لەوانەی کە بۆخۆی حەزی لێیان بوو، ئینجا دەهاتەوە و دەستی دەکرد بە وێنەکێشانییان و بەمنی پێشان دەدان).

(کام شەقام.)

(شەقامی سەعدی، هەر لەسەری کۆڵانەکەی مەدا موغازەیەکی لێیە، ئێمە دەو کۆڵانەیدا کرێچین ئەگەر بەچاکت زانی سەرێکمان لێبدە.)

لاوەکە زەردێکی هاتێ: (بۆ دیدەنی ئەو کوڕە نیگار کێشەت، زەحمەتێکتان هەر دەدەین)

(وردە وردە تا دەهات دەستی وێنە کردنێشی باڵاتر دەبوو وێنەی خۆی بەسواری دووچەرخەوە دەکێشان. ژوورەکەی پڕکردبوو لەوێنەی دوو چەرخە.)

لاوەکە پێکەنی: (دیارە منداڵێکی وریایە، منیش کوڕێکی چوار ساڵانەم هەیە. بەگیانی تۆ، خوانەکا یەکێک بە ڵێنێکی پێبدات و لەبیری. بچێتەوە و بەجێی نەهێنێ، ئیدی ئەو دەیکاتە قیامەت.)

(خوا لێت نەستێنێ، سایەی تۆی لەسەری نەبڕێ.)

(بەڕاست نەتگوت چەند منداڵت هەن!؟)

پیاوەکە گوتی: (هەر ئەو یەکەم هەیە راستییەکەی (١٠) دە ساڵان منداڵمان نەبوو، هێندەمان نەزر و نیاز کرد تا خودا ئاوڕی لێداینەوە و سەعیدی داینێ)

لاوەکە بە سەرسامییەوە دە روخسارە شەپرێوەکەی پیاوەکەوە راما و سەیرێکی کردێ. دەستەکانی گوشی و بە کورتییەکەوە گوتی: (وازی لەوانەکانی نەهێنایەوە!؟)

(نا، شەوێ تا بەیانی تێدەکوشێ، تەنانەت شەوانەش ئەوەندەی لە خەوێ هەستابمەوە دیتوومە ئەوە هەروا خەریکە، پێشی دەڵێم: (رۆڵە گیان وەرە بەسیەتی بنوو)

دەزانی چۆنم وەڵام دەداتەوە: (بەڵێنم داوە، دەبێ وادە و بەڵێنەکەم بەرمە سەرێ)

لاوەکە گوتی: (منیش وادە و بەڵێنەکەی باوکمم هەروا لەبیرە و هەرگیز لە بیریشم ناچێتەوە کە نەیبردەسەر)

پیاوەکە بۆ ئەوەی قسەکە بگۆڕێ پرسی: (ئەدی ئەوە چۆن بووە هاتوویە ئەم شارە!؟)



پیاوەکە بەوەڕەزییەوە وەڵامی دایەوە: (لە سەرێکەوە لەبەر بێ ئیشیان، لەلایەکی دیشەوە بەڵێنم بە سەعید دابوو، لە لایەکی دیکەشەوە پێویستی و خەرجی ژیان زیادی کردبوو. منیش بیستبووم کە ئیشی تەختە بارکردنێ پارەیەکی چاکی تێدایە دەگەڵ سێ کەسی دیکەدا هاتینە ئەم شارە.

قۆنتەراتچییەک ئێمەی بردە نێوەراستی جەنگەڵێ و گوتی:

(تەختە بارکردنێ ئۆتومبیلانە. قونتەراتیشە چەند تەختان زیاتر بارکەن پارەی زیاتر وەدەرگرن، دەگەڵە خۆممدا لێک دایەوە ئەگەر پازدە رۆژان ئیشێ بکەم، هەم پارەی دوو چەرخەی کوڕەکەم و هەم پارە و پولێکیش بۆ ماڵێ پەیدا دەکەم. لەبەدبەختییە من سێهەمین رۆژی ئیشێ تەختەیەکم بەسەر شانیەوە بوو کە دەنێو بۆدی ئۆتومبێلێدا سەرم سووڕا و تەختە بەو هەموو سەنگینییەوە بەسەر قاچمدا کەوت کە ئەوەتا ئەوە دوا رۆژەکەمە کە دەیبینی.

دەرگای ژوورەکە کرایەوە دەنگی پەرستارەکە هات: (ئەوە چیتە؟! کاتژمێر یازدەی شەوە بنوون باشترە و بۆ خۆتان بسێنەوە)

لاوەکە گوتی: (خانمی پەرستار دیاریی شارەکەی ئێوە چییە بیبەمەوە بۆ کوڕەکەم)

پیاوەکە لە پاسی دابەزی. دارشەقەی بەبن هەنگڵێوە، جانتا لێوار هەڵوەشاوەکەی بە شانەوە، بەڵام پەلەی چوونەوە ماڵێی نەبوو، وردە وردە و لەسەر خۆ رێی دەکرد برستی لێبڕابوو. نەک لەبەر نەخۆشییەکەی ئەو چەند رۆژانەی بەڵکە لەبەروەی چۆن دەرکەی ماڵێ بکاتەوە و چاوی بەکوڕ و ژنەکەی بکەوێتەوە ئەو دەمی چیان وەڵام بداتەوە دووبارە بەدەستی بەتاڵ هاتۆتەوە ماڵێ. دەو دوو

چەرخە سوارانەشەوە رادەما کە وەک (با) بە تەکیدا دەڕۆیشتن و تێدەپەڕین. وەقسە هاتەوە: (ئاخر خۆ نەمتوانی دوو چەرخەکەی بۆ بکڕم) ژنەکەی دەهاتە بەرچاوان کە بە دەنگی بەرزەوە گەردەنی کێل دەکرد و دەیگوت: (نەمگوت ئەوە ئیشی تۆنییە و لەشاری مەچۆ دەرێ.)

گەییە سەری کۆلانێ، دە دوو چەرخەکانی ناو موغازەکەوە راما. بەخۆی دەگوت: (باشە چ دەبوو یەکێکیانم کڕیبایە)

لەبەر دەرکێ راوەستا، ویستی دەرکێ بکاتەوە، دەستەکانی لەرزین... ماوەیەک تێپەڕی ناچار بوو دەرگاکە بکاتەوە، دەرگا کرایەوە سەعید بەسەر دوو چەرخەیەکەوە بوو. پیاوەکە دەنێو دەرکێرا وشک بوو. منداڵەکە داچڵەکی و هەوت بوو، هەر دابەزی و دوو چەرخەکەی بە دەرەختەکەی نێوەڕاستی حەسارێوە هەڵپەسارد و بەرە و باوکییەوە رایکرد:

(بابە گیان زۆر سوپاس، بەڕاستی بەڵێنەکەی خۆتت بردەسەر)

پیاوەکەش هەروا بەتاسەوە دەکوڕەکەیەوە رامابوو و سەیری دەکرد.

---

لەکتێبی: سکوت قلب: سید حسین اعماد زادە... أنتشارات خاقانی... چاپ اول سال ١٣٨٠- تهران- ەوە کراوە بە کوردی.

## "نەمەکی"

### نووسینی سەیید حوسێنی ئیعتمیاد زادە

پیاوە حەجمینی لێ هەڵگیرابوو. هەر نەیزانی چۆن هەڵاتووە، تا ئێرە بێ وچان رایکردبوو، ئارەقەی بەسەر و روخساریدا دەهاتە خوارێ، هەڵوەستەیەکی کرد تا پشووێکی بێتەوە بەرێ. دەستیکردەوە بە رۆینێ: "نابێ بمدۆزنەوە، نا نا هەروا بە ئاسانیم وەچنگ نەکەوتووە تا بە ئاسانتری لەدەستدەمەوە."

وێنەی کچەی بۆ ساتە وەختێکیش لەمێشکی نەدەسڕایەوە. وەبیری هاتەوە کە دکتۆر گوتبووی کەهیچی دە بەرکێدا نییە و دەست کورت و هەژارە. دووبارە. دووبارە دکتۆرەکە گوتبوویەوە: جا ئەگەرپێت خۆشە بۆی بکەی ئەوە شەش سەد هەزار تومانی تێدەچێ.

تۆزێکی خۆهێنا و بردەوە بەڵکە ئێ، کە دکتۆر گوتییەوە ئێرە دوکانی بەقاڵیە نییە. هەر لێرەوە بڕیاریدا بەهەرشێوەیەک بووە کچەکەی رزگارکات. هات و هاواری کابرای خارو بار فرۆش بەخۆی هێنایەوە کەپێچکەی عارەبانە دەستییەکەی وەنێو شووشە ساردییان کەوتووە، بە داوای لێبوردنێوە توانی کابرای هێور کاتەوە.



زۆری وا لە دوکانی خار و بار فرۆشیەوە دوور نەکەوتبۆوە کە دەنگی ژنێکی لە پشتەوە بیست:

(ئەهای نەمەکی. ئەهای نەمەکی)

لەرزی، وەجووڵەکەوت، عەرەبانە دەستیەکەی کەوتە قاڵدوان.

دەنگی ژنەکەی دووبارە لە گوێدا زرنگایەوە: (نەمەکی راوەستە ئیشم پێتە)

لەبەر خۆیەوە گوتی: ناکرێ راوەستم هەبێ و نەبێ خۆیەتی دەبێ هەرچۆنێک بووە لە دەستانی قورتاربم، هەنگاوەکانی توندتر کردن ئیدی دەنگی ژنەی نەما، وەبیری هاتەوە: کاتێ ژنە بانگی کردبوو.

هەر کە پێی دەحەساری نا ژنێکی سەرپۆشی سپی گوڵدار بەسەرخەریک بوو ژووری عەمبارێی پێشاندا کە چەند توورەگە نانێکی وشکەی لێبوو. کە زانی ژنەکە تەنیایە دە ژووری عەمبارێی پەستاوت و بۆ خۆی چووە ژووری ناو ماڵێ، هەر بە پێڵەقەکی کۆمەدینەکەی کردەوە چاوی بە زەرفە نایلۆنێکی پڕ لەزێڕکەوت. تاویدایە و بەغار لە حەسارێ وەدەرکەوت. نیو سەعات دەبوو لەو ماڵەی دوور کەوتبۆوە. هۆڕنی ئوتومبیلێکی وە خۆی هێنایەوە، ماندووەتی بڕستی لێ بڕیبوو خەریک بوو پشووی راوەستێ. لە هاتنێ ژنەی دڵنیاببۆوە، بەڵام دەروون و ناخی ئاڵۆزبوو، هەروەک یەکێ پێی بڵێ:

نەدەبوو ئەو کارەی کردبایە.

بە خۆی گوت: (هێشتاش درەنگ نەبووە واباشترە ئەمانە بۆ ژنەکە بەرمەوە و بڵێم هەڵەم کردووە.)

هەڵوەستەیەکی کرد و نا ئەدی کچەکەم، نابێ بهێڵم لە دەست چێ. عەرەبانە دەستییەکەی هاویشتە بۆدی ئۆتومبێلێکی راوەستاوەوە. بە دیواریەوە راوەستا. جێیەکی چۆڵ بوو. دەیتوانی پشوێکی بدا.

داهاتەوە پەنجەی دەناو تورەگەکەی نا و نانە وشکەکەی دەرێنا. سێ پارچە زێڕی دەست لێنەدرا و بەکار نەهاتوو. ویستی گرێی سەری زەرفە نایلۆنەکە بکاتەوە دیتی گرێ کوێرەیە لە ددانی نزیک کردەوە پەشیمان بۆوە، نەکا یەکێک لەولا رابێت. پرێسکەکەی دەبەرکێ ئاخنی و کەوتەوە رێیە. خۆرە تاوەکە راستە و خۆ دەهات تەپڵی سەری ئاور دەدا. هەوا لە رۆژانی دی گەرمتر و پیاوەش لە رۆژانی دی ماندووتر بوو. کاتی پشوودان و نیو رۆژە خواردنێی بوو.

هێندە بە پەلە بەرێیەدا هاتبوو هەموو لەشی وەسەر ئارەقە گەڕابوو. دەبوو هەر بڕوا تا جێیەکی چاک پەیدا دەکات و موغازەکانیش دەکرێنەوە. بە هانکە هانکەوە بە هەورازۆکەکیدا سەردەکەوت چاوی بەدار تووەکەی سەری کۆڵانێ کەوت. جێی هاموشۆیە نەبوو. لەبن سێبەری دارتووەکە تورەگە نانە وشکەکانی داگرتن. لەسەر عارەبانەکەی دانیشت تا نان و ترێیەکەی بخوا. برسی بوو بەڵام ئارەزووی خواردنێی نەبوو لە ماندووەتیان هەروا لەسەر عارەبانەکەی راکشا تا چاوێک گەرم کات و سەرخەوێک بشکێنێ بیر و لێکدانەوە بۆ ساتێکیش دەستیان لێ بەر نەدەدا و لێی جیا نەدەبوونەوە. جاروبارە روخساری ژنە و جار و بارەش روخساری کچەکەی لەبەر چاوان بەرجەستە دەبوو. لە عارەبانەکەی هاتەوە خوارێ:



(شەیتان بە لەعنەت بێ ئێستا چ بکەم بۆ نەچم بیدەمەوە)

لەسەر عارەبانەکەی دانیشتەوە دەستێکی بۆ بەرکی برد. هەستیکرد کات وەستاوە، پێی خۆش بوو تا زووە زێڕەکانی دیزە بە دەرخۆنە بکات و لە دەستانی رزگار بێت.

کوڕێژگێکی بۆیاغچی لەو لا ڕا هات. لەنزیک وییەوە لەبن دارەتووەکەی دانیشت، پیاوەکە لە کوڕیژگەکەی پرسی: (هەروا لەو نزیکانەوە ئیشێ دەکەی؟)

"بەڵێ ئەوە دوو ساڵە لەو گۆرەپانەی "تەجریش، ە خۆم بە عەردی داداوە. باوکە گیان رۆژ بە رۆژ تادێ خراپتر دەبێ، بۆیاغی حازرکاری ئێمەی شلۆق کردووە و لەکاری کردووین، ئەدی ئێوە ئیشتان چۆنە؟"

"خراپ نییە دەڕوا"

پیاوە پرسییەوە: ئەو نزیکانەش زێڕینگەری لێیە؟

بۆیاغچی پێکەنی: ناکا شتێک متێکت پەیدا کردبێ! ها؟.

نا بابە هەروا دەپرسم.

بۆیاغچی سەرێکی بادا و گوتی: خۆ گۆرەپانی تەجریش شارەزای لای چەپیەوە بازاڕی زێڕینگەرانە.

یەکێکیان هەر کڕیاری خۆمە دەتەوێ بتبەمە لای؟

پیاوەکە لە قسەکەی پاشگەز بۆوە: (کچەکەم بە تەمایە لەو رۆژانەدا شووبکا، هەر بۆیەشم پرسی. پیاوەکە ترسا، دەبێ لێرە بڕوا ورتکە نانە وشکەکەی هاویشتەوە سەرعارەبانە دەستیەکەی و کەوتەوە رێ و گەییە سەر شەقامێ، نەیدەزانی چ بکا زۆر لە ماڵێ ئەو ژنەیەوە دوور بوو. لەبەر خۆیەوە گوتی: (ئێستا چ بکەم دەبێ

ئەو ژنە لە عەمبارێ هاتبێتە دەرێ؟ بچم بیدەمەوە؟! و داوای لێبوردنیشی لێکەم. عارەبانە دەستییەکە لە سووچێکی بەجێدێڵم و زوو دەچم. عارەبانەکەی بەدار چنارێکەوە هەڵپە سارد و گەییە گۆڕەپانەکە. چاوی بە بازاڕی زێڕینگەران کەوت بێ ئیختیار بەرەو لای زێڕینگەرێکەوە چوو. (سڵاو کاکە، دەمهەوێ زێڕەکەم بفرۆشم)

جحێڵۆکەیەک کە لەپشتی جامخانەیەوە زێڕەکانی هەڵدەواسین وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە و گوتی:

پسوولەی کڕینی زێڕەکەت پێیە؟

پیاوەکە بڵمە بڵمێکی لێوەهات و گوتی (ئاخر)

جحێڵۆکەکە گوتی: دابێنە بابیکێشم.

زەرفە نایلۆنەکەی لە بەرکی دەرێنا و لەسەر شووشەکەی رۆنان. جحێڵە گرێی زەرفەکەی پێنەکرایەوە گوتی: کاک حاجی زێڕەکان دەفڕین وات گرێداون؟

پیاوە دەبیر و خەیاڵی ئەوەیدا بوو پارەی زێڕەکان چۆن وا بشارێتەوە کورگەلی گەراجی پەی پێنەبەن وپێی نەزانن.

جحێڵەکە زەرفە نایلۆنەکەی دڕاند و پارچە زێڕەکانی لەسەر شووشەکەی بەردەمی ریزکردن. چاوەکانی پیاوەی وەک نقێمە ئەنگوستیلەی دەرپەڕیوون و دەزێڕەکانەوە راماون. جحێڵە یەکەمین پرێسکەی کردەوە، هیچی تێدا نەبوو کاتێ سێهەمی کردەوە بە تورەییەوە گوتی: شتەکانی ناو ئەم پریسکانە هیچیان زێڕ نین.

پیاوەکە وەک پەیکەرە بەردێک لە جێی خۆی سارد ببۆوە*.

* لە کتێبی سکوت قلب: سید حسین أعتمادزادە.. انتشاراتی خاقانی- چاپ اول سال ١٣٨٠ تهران- ەوە کراوە بە کوردی.

## "کۆنە کتێب"

### نووسینی/ سەیید حوسێنی ئیعتیمادزادە

پەلەم بوو، کتێبەکانی سەر مێزەکەم هەموو ژێرە و ژوور کردن تایەکێکیان لێ هەڵگرم . وا راهاتبووم دەناو ئوتومبێلێدا وەخوێنم. دەنێوکتێبەکاندا چاوم بە "کوندی کوێر"ی صادقی هیدایەت کەوت کە تازە بەتازە یەکێک لە ئاوەڵەکانم بۆی هێنابووم. کتێبەکەم دەجانتایەکەم نا بەهەناسەبڕکێوە خۆم گەیاندە گەراجی. پێم نایە نێو دەرکەی پاسی و سەرێکم بە ناوێیدا خوار کردەوە و لە ریزی سێهەمێ کورسییەکی بەتاڵم هەڵنا. لە تەک پیرەمێردێکەوە دانیشتم، پیرەمێرد لەبن لێوانەوە هەروا خەریکی نزا و پاڕانەوێ بوو و ویردی دەخوێندن. دەگەڵ سەڵاوات لێدانی ویدا ئوتومبێل پێچکەی لە قیرتاوی داغ هەڵقەنان، دەگەڵ هاتنی وڕەی بایەکەیدا ئاورم گرت، گەرما وەک لە گەرووی تەندوورێوە بێت و هەتاوەکەش راستە و خۆ لە نێوچەوانێی دەدام، بۆ وەی رۆژەکە نارەحەتم نەکا پەردەکەم راکێشا! بە دوور کەوتنەوە لە شاری، بایەکی فێنک هاتە نێو پاسەکەوە و ئێستا دەتوانی هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشی. پیرەمێردە واکلافە ببوو بەگەرمایە، لام و جیمی لێبڕابوو و قسەی پێنەدەکرا بەڵام جارجارە دە روخساری منەوە رادەما. کتێبەکەم لە جانتایەکەم هێنایە دەرێ. کتێبەکەی منیش لە پەردەی پەنجەرەکانی ئوتومبێلەکە چاتر نەبوو. ئەگەر کاغەزە زەردە کاییەکەیم بە نەرمونیانییەوە دەست لێنەدابایە و هەڵگێڕ و وەرگێڕم نەکردبایە، وەک پەڕەکانی دەنێو پەنجەکانمدا ورد دەبوو و هەڵدەوەری .

هێشتا یەک دوو لاپەڕەم نەخوێندبوونەوە کە دەنگێک بانگی کردم:"کاکە ببوورن. کتێبەکەت کۆنینەیە، کۆنە کتێبە؟"

سەرم هەڵێنا چاوم بە قەیرە پیاوێکی کەوت کە هەتا نێوقەدێی بەسەرکورسییەکاندا خۆهێنابووەپێشێ و چاوی دە کتێبەکەی منەوە بڕیبوو. زۆر بە نا بەدڵیەوە وەڵامم دایەوە: بەڵێ، کۆنینەیە!

"ئەو کتێبانە زۆر بە نرخن، ئێستا هەر وەگیر ناکەون."

گوتم: "بەڵێ، کەم وەگیر دەکەون."

"بەڵێ، زۆر کەس هەیانن بەڵام وەدەریان ناخەن!"

کتێبەکەم پێوەدا دە بەرگەکەیەوە رامام، هێندە کۆن بوو کە کابرای والێکرد ئەو پرسیارەم لێبکا.

دەو بیر و لێکدانەوانەدا بووم لێی بپرسم، داخوا ئەو کتێبەی خوێندۆتەوە یان نا؟

پیاوەکە پرسی: "دێنە دێیەکەی مە؟"

"بەڵێ دەمەوێ سەرێکی لە برادەرێکم هەڵێنم. کاک خەیروڵڵای دەناسی؟"

"بەڵێ دەیناسم، خەیروڵڵا سمێڵی دەڵێی؟ ئامۆزای خۆمە!"

سەرێکی ئەولا ولام کرد لە من و ئەو پیاوەی نەبێ، ئەوانیدی هەموو خەوە کوتکە دەیبردنەوە.

پیرەمێردە سەری وەشانی من کرد و پرخەی لێ هەستا.

ئەو پیاوەی کە دەگەڵە مندادەدوا بەسەر کورسییەکەیدا شۆڕ بۆتەوە و پیرەی لە خەوێ هەستاندەوە.

پیرەمێردە، خەوەکەی رەویەوە و داوای لێبوردنی لە من کرد و ویستی سکاڵایەکی بە مل رۆژگاردا بێنێ بەڵام پیاوەکە گوتی: "میر رەجەب، ئەو شەکرانە مەشکێنە کاکی ئەندازیارت نارەحەت کرد."

ئەو دووانە کەوتنە گەرمەی قسان و منیش لە وەڵامدانەوەی پیاوەکەم رزگار بوو و بەرمدایەوە خوێندنەوێ کە یەکاندەر دوو دەستێکم وە شانی کەوت، سەرنجم کەوتە سەر ئەو پیاوەی، کاتێ سەرنجەکانمان تێک ئاڵقان ئاماژەی کتێبەکەی سەر ئەژنۆی کردم کە هەروا کرابۆوە و پێکەوە نەنرابۆوە تا هەڵیگرمەوە، من بە واقێکی ورەوە، دەوییەوە رامام. بەڵام پیاوەکە زۆر بە راشکاوییەوە بە ئاماژە و چاو و برۆ بادانێوە هەر دەیویست تێمبگەیەنێ کە کتێبەکەی بشارمەوە، هەرواشمکرد و کێبەکەم هاویشتەوە ناو جانتاکەم. زەردەخەنەیەکی ئاسوودەییەی هاتێ، سەرم بەلای پەنجەرەکەیدا سووڕاندەوە، ئوتومبێلەکە بەناو درەختەکانی لێرەواریدا تێدەپەڕی، سێبەری داران وەک ریزی قوتابییان وە ئوتومبێلەکەی دەکەوتن و خێرا خێراش تێدەپەڕین. چاوم دە لێرەواری سەر سەوزەوە بڕی، بەڵام لە بیر و لێکدانەوان هەر نەکەوتم. سەرنجەکانم دەگەڵ سروشتدا ئاوقا بوون بەڵام دڵم هەر بەلای قسەکانی پیاوەکەوە بوو. هەروای بە خەیاڵدا هاتووە کە کتێبەکە قەدەغەیە! یا وەک گوتم کۆنە کتێبە! گومانی لێ پەیدابووە و نەیویستووە پیرەمێردەکە بیبینێ؟! بەڵام خۆ پیرەمێردەی بێچارە، هەر سەرنجێکی سەرپێێشی لە کتێبەکە نەدابوو. لەوانەشە ئەو پیاوە



بۆخۆی ئەندامی ئەنجومەن یا شوورای گوندی بێ. کاتێ کە ناوی صادقی هیدایەتی خوێندۆتەوە پێیوابووە دەبێتە مایەی دەردە سەریەم. بەهەر حاڵ ئیدی میوانی ئامۆزاکەیم.

پیاوەکە بە سەر کورسییەکەدا شۆڕ بۆوە و فەرمووی زەرفە ترێیەکی لێکردم، بەزەردەخەنەیەکی وەک دەستت خۆشبی، بە سوپاسەوە زەرفەکەم رەتکردەوە، بەڵام سوور بوون و پێداگرتنە بێ ئەندازەکەی وایلێکردم چەند بۆلوێکانی لێ داڕنم، کەچی پاسەکە لە ناوەڕاستی گەڕەکێ راوەستا، نەفەرەکانی یەکەیەکە هەموو هاتنە خوارێ، ئەو پیاوەی کە هەر دەگەڵە مندا دەدوا کرێی پاسەکەی دام. گوتم: "ئەوەکار نەبوو کردتان پێم خۆش نەبوو زەحمەتتان کێشا"

پیاوە دەستی گرتم و گوتی: "کاکی ئەندازیار ئەو قسانە چن ئیدی ماڵتە؟!.

بەرەو لای ماڵێ ئاوەڵەکەمم مل لێنا.

"بۆ کوێ؟ چۆن دەهێڵم بێ پیاڵەچایەکی ئەو هەموو رێیەی، برۆی؟

"ئەزیەتتان نادەم، زۆرت شەرمەزار کردم، ئیشاڵڵا تۆڵەی دەکەینەوە، با بۆ جارێکی دی بێت."

"دە تۆ ئێستا فەرموو، وەختی ئەوەی نییە، تۆزێک وەحەسێ، دوایەش هەروا پێکەوە بە پێیان دەچین."

دوو دڵ بووم داخوا بچم یانە نا؟ راستییەکەشی چونکە کرێی ماشێنەکەی بۆ دابووم شەرمەزاری بووم قبووڵمکرد.

پیاوە پێڵەقەیەکی لە دەرگا تەختەکەدا و دەرگاکەش بە جیرەجیرەوە کرایەوە. هاتو هاوار و قا و قیژی مراوی و قازان

دەحەسارێدا هەستا. ژنێک کە جلکی دە شوشتن، هاتەپێشێ و سڵاوی کرد و زەرفی دەستی مێردەکەی وەرگرت، و بە راکە راکە بەرەو ژوورێوە چوو. ئاوێکمان بە سەر و چاوانماندا پژاند، پیاوەکە هەر داد و بڕۆی بوو لە دەست تۆز و خۆڵی رێیە. ژنە دەرکەی ژوورەکەی کردەوە، هەوایەکی فێنک لە پەنجەرەکەیڕا دەهات، هێشتا ئارەقەمان وشک نەکردبۆوە ژنەکە چای هێنا، پیاوەکە پیاڵە چایە گەرمە داغەکەی یەک بین بەسەریەوە نا، خواردیەوە، من راوەستام تاسارد دەبێتەوە، هەر بەدوای دۆزینەوەی بەڵگەی ئەو هەموو دڵسۆزییە و میهرەبانییەی کابراشەوەبووم.

پیاوە پرسی: "کاکی ئەندازیار، لە کوێ ئیش دەکەن؟"

من مامۆستام، مامۆستای منداڵەکانی مش خەیروڵڵا، ئەو پیاوە داوای لێکردووم لە هەڵێکدابێم و سەرێک لەگوندی بدەم. بەڕاستی خەڵکێکی چاک و دڵسۆز و میهرەبانن، جارێکی دیش هەروا لامدابوو هاتبووم، ئەو دەمی هەوا زۆر سارد بوو.

قسەکەی پێ بڕیم و گوتی: "ئەو هەوایەی لێرە هەیە لە هیچ جێیەکی دنیایەدا نییە، بەچلەی هاوینێ بە خۆت دانەدەی سەرمات دەبێ".

دەنێو قسەکانیەوە خۆشی ئاشکرا کرد و خۆی ناساند و لە بارەی ژیانی خۆیەوە شتێکی گوت، هەرچەندە یازدە ساڵە ژنی هێناوە کەچی بە داخەوە تا ئێستا هیچ منداڵێکی لێ پاشەکەوت نەبووە، ناوی چەندین پزیشکی شاریشی هێنا کە چۆتە لایان، لەوەش بێگومان بوو کە من هەر دەیانناسم.



بەئاماژەی ژنەکەی، داوای لێبوردنی لە من کرد و لە ژووری چووە دەرێ.

سەیرێکی دەر و دیواریم کرد لە کتێبێک شتێک دەگەڕام ئەوی پێ بناسم، بەڵام لە سەماوەرێکی وەرشەوی کۆنینە بەولاوە چیدیم نەدیتەوە.

گوێم لە چرپە چرپیان بوو، گوێم بۆ کلۆر کردن، دەنگی پیاوەکە دەهات: "ژنەکە بەختمان سوارە، لەوانە، خۆ ئەگەر رازیشی کەم ئەوە زۆر باشتر."

دەنگەکە بڕا، خۆم لە دەرکێ نزیک کردەوە پیاوەکە بوو: "شیوێکی لێنی دەستی خۆی پێوە بخوا."

دەنگی ژنەکە هاتەوە: "جا پێتوایە راست خۆیەتی و هەوە؟"

"بەڵێ بابە! من دنیام دیوە هەر چاوم پێکەوت زانیم"

دەبیرەوە چووم، ئاگام لە قسەکانیان بڕا، لە جێی خۆم قیت بوومەوە تا بڕۆم کە پیاوەکە هاتەوە ژوورێ و گوتی: "ئەوە بۆ کوێ!!؟ ئەوە منداڵە دراوسێیەکەمانم بە دوای خەیروڵڵایدا ناردووە، ئەگەر لە ماڵێ، بێ هەر ئێستا پەیدا دەبێ."

"کاکە سەیفوڵڵا شیو و میوان دروستنەکەن من هەر دەبێ بچمە ماڵێ خەیرۆڵڵای چونکە سبەینێ زوو دەبێ بگەڕێمەوە."

"بۆ قوربان پێتان وایە ئێمە چمان لە دەست نایە و چمان نەدیوە؟ هێشتا ماویەتی بۆ ئێواری، دەبێ چاوەڕێی خەیروڵڵای بین."

تاپێی وانەبێ چیان لە دەست نایە و تەریق نەبنەوە (کە لە راستیدا من هەرگیز ئەوەم بەخەیاڵدا نەهاتبوو) تەسلیم بووم و لە جێییەکەی خۆم دانیشتمەوە.

"تەواوی گوندی وەک بەرە دەستی خۆم شارەزام و دەناسم، خۆ ئەگەر حەزیشت لە راو وشکاریش بێ دەتوانم هەر جێگایەکی حەزت لێیە بتبەم."

"من هێندەم حەز لە راوێ نییە، بەڵام پێم خۆشە دە ناوچەکەیدا بگەڕێم."

زۆر باشە بەڵام ناکرێ بە تەنێ بچیە چ جێیان. زۆرانی دیکەی خەڵکی شاری هاتوون و بەدوای مشتێکیەوە بوون بەڵام کە بەتەنێ چوون، هیچیان دەستگیر نەبووە و نەیانتوانیوە چ کاران ئەنجامبدەن و تێماون.

ناشکرێ لەلای هەموو کەسێکی قسان بکەی، هەرئەو خەیروڵڵایەی خۆمان خوا تەمەن درێژی کا، بۆ دەکرێ شتێکی لەلا بڵێی؟! ئاوێ دەخواتەوە، بە ژنەکەی دەڵێ، ژنەش هەر بۆ بەیانی بڵندگۆ بە دەستەوە، ئیدی ئەوە جاڕ دەدا، کە بەڵێ فلانەکەس دوێ شەوێ لە ماڵێ مەبوو. وایکرد و وایگوت، هەرخوا رەحمی کرد دە ترومبێلەکەیدا ناسیمیت، ئەوە من وەک خزمەتکارێکی هەرچی بفەرمووی، لە خزمەتتدایە، سوپاس بۆ خودا دەموزاری ژنی من، قوڕی پێدادراوە و قڕوقەپە، ئەوانەی ئەو سەرەوەش هەموویان دەزانن ئەگەر لێرە سەری بڕا و بشارمەوە لام وجیم قسێکی ناکا، ئەو بەستەزمانە هەر راست دەڵێی بەرخۆڵەیە.

"کاکە سەیفوڵڵا پێتانوایە من چ کارەم؟ من هەر تەنیا مامۆستایەکم و چیدی خەیروڵڵا من چاک دەناسێ."

"جا بۆ خودانەکردە من پێم گوتووی تۆ بکوژی یا یاغی و هەڵاتووی؟! هەر نۆکەر و خزمەتکاری ئێوەم، مامۆستاگیان



دەگوندیدا زۆرن ئەوانەی خۆ دەهەموو شتێکی هەڵدە قورتێنن و کاران لە دەست پیاوی دەدەن. ئێوە مرۆڤێکی گەورە و رێزدارن هەر لەبەر هێندێیە دەمەوێ لە حوزورتاندا بەهرەیەکمان گیرکەوێ.

هێشتا قسەکەی تەواو نەببوو کە دەنگی یا ئەڵڵایەک هات، دەنگی خەیروڵڵا بوو، باڵا بەرزەکەی لە دەرکێوەوەدیارکەوت و بە دەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە بەرە و رووم هات، یەکتریمان دە ئامێزگرت، سەیفوڵڵاش بە روویەکی خۆشەوە بەخێرهاتنی کرد و هەروا بەدەم قسەکانی خەیروڵڵاوە کە خەریکی گلەییان بوو گوتی: "فەرقی نییە ئێرەش هەر ماڵی وەیە، باشە ئەوە بۆ هێندەت پێچوو"

خەیروڵڵا هێور بووەوە و هێندێک راوەستا و ئەوجا دەستی پێکردەوە: "چونکە، دیارە هەر لەو دەمیەوە کە مامۆستا تەشریفیان هێناوە من بەو مانگا ماخۆ مردەیەوە خەریکم، لامەزەبە خەریکی زانییە، گرانزاشە ئێستاش هەروا بە هەڵەداوانەوە هاتووم دەنا دەرکی تەویلە لەسەر پشتێیە و هۆڕە هۆڕی گوێی پیاوی کەڕدەکات، دەبێ زوو بگەڕێمەوە.

سەیفوڵڵا گوتی: مەردی خودای بۆ دەهێڵم تۆ مامۆستای ببەی، پارووە نانێکمان هەیە مامۆستا بیخوا.

خەیروڵڵا گوتی: ئەم قسانە چین: بڕیار بوو مامۆستا تەشریف بێننە ماڵی مە.

سەیفوڵڵا قسەکەی پێ بڕی و گوتی" من ئەمشەو ئەوە هیچ کە نایەڵم بەبێ شێو لە ماڵێم وەدەرکەوێ. خەیروڵڵا بەوە قایل بوو کە بۆ نان خواردنی ئێوارێ لەوێ بن. سەیفوڵڵا لە ژوورێ چووە

دەرێ، بە ئاماژە و چاو وبرۆ بادانێوەم لە خیروڵڵای پرسی کە داخوا سەیفوڵڵا چ پیاوێکە؟

خەیروڵڵاش هەر باسی پیاوەتی و نان بدەیی و میوان نەوازییە وی دەکرد. دوای شێوان من هەر ئەولا و لای رۆیشتنێم بوو خەیروڵڵاش لە من بە پەلەتر بوو. دە روخساریدا دیار بوو کە درەنگیەتی. رووم دە خەیروڵڵای کرد و گوتم: ئیدی لەوەی زیاتر بەسە بابرۆین. پێکەوە هەستاین. سەیفوڵڵا بە پێکەنینەوە گوتی: "خەیروڵڵا ئەوە تۆ قەیدێ ناکا مۆڵەتت لە ژنەکەت وەرنەگرتووە، دەتەوێ بچیەوە، تۆ بچۆوە بەڵام نایەڵم مامۆستات دەگەڵ بێتەوە. دەتەوێ بەو تاریک و تۆتەکیەی دە چ چاڵ و چۆڵێکی باوێی؟ باشە بۆ ئەمە دەستە نوێنێکمان نییەما مۆستای پێ بنوێ؟ ئەمە لە خوامان دەوێ ئەو شۆ کاکی مامۆستا لێرە رۆژ کاتەوە و بنوێ.

خەیروڵڵا گوتی: "سەیفوڵڵا قەت لە جەفەنگی خۆت نانێی، ئەگەر ئەمن شەوێ لە ماڵ نەبم کێ شەوانە چوار دانە مانگا و مەڕ و بزنەکان بەسەر دەکاتەوە؟ ئەو یەک دوو سەعاتانەشم لەبەر خاتری کاکی مامۆستا بە جێهێشتوون. ئەوەهاتیشم، ئێستاش دەبێ هەربچمەوە و تاسبەینێش بەدیار مانگا لە کێوە بم دەنا گوێلکۆڵەی دەخنکێ و بەمردوویی دەبێ. خۆتۆ بۆ خۆت ئەو مانگا نەفرەتیەی دەناسی؟

بەبیستنی ئەو قسانە ئەژنۆم سست بوون و گوتم: جا باشە ئەزیەت و ماندوو بوون لەوەی زیاتر؟!

ئەگەر مۆڵەت بفەرموون ئەمنیش دەگەڵ خەیروڵڵایدا دەڕۆم بەڵکە ئێ بتوانم یارمەتییەکیشی بدەم.



سەیفوڵڵا پێکەنی و گوتی: "ئەزیەت و ماندوو بوونی چی براله، مامۆستا، ئەوەندەمان پێ رەوا نابینن؟!"خەیروڵڵا رووی دەمن کرد و گوتی: "بە ئارەزووی خۆت بکە، ئێرەش دەگەڵ ماڵێ مەی فەرقنییە."

پێم خۆش بوو بە بیورێکی دوو لەتیان کردبام و گوێم لەو قسەی نەبایە، وەڵامم نەدایەوە، خەیروڵڵا رووی لە سەیفوڵڵای کردەوە و گوتی: "بەمەرجێ وەی سبەینێ بۆ خۆتی دەگەڵ بێی و مامۆستای بێنیەوە و نیوەڕۆیەش لەوێ بی."

خەیروڵڵا لە دەرکێ وەدەرکەوت و سەیفوڵڵاشی تا بەر دەرکێ بۆ بە بەڕێکردنێ وە دووکەوت. ژنە دەستە نوێنێکی متیل تێهەڵکێشراوی راخست. لە سەر دۆشەکەکەی راکشام. کتێبەکەمم دەرێنایەوە و دەستم کردەوە بە خوێندنەوێ و دەنگی چرپ و چۆپانی ژن و مێردەشم لە سەر سەکۆی دەرێوە دەهاتە گوێ. پیاوە گوتی: "ئاسیاخێراکە برۆ بەمیر حەیدەر و قاسمی گۆڕ هەڵکەن بڵێ سەعات دوازدە لە بەردەمی باغی میر شەعبانی راوەستن تا من دێم، پاچ و پێمەڕەش دەگەڵە خۆیاندا بێنن".

دەنگەکە برا، بەبیانووی پانتۆڵ بە دیوار هەڵواسینێوە لە دەرکێ نزیک بوومەوە کە دەنگی پیاوەکەی هاتەوە: "ئاسیا لە بیرت نەچێ، بڵێ چرا دەستیش هەر بێنن."

بەڵام هیچ سەرە دەرێکم لە قسەکانیان نەدەکرد، پێموابوو بۆ شەوێ دەچینە سەر شینایيە، بەڵام بۆ هێندە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ من هەر لەوێ بنووم. لێم ببووە مەتەڵ. دەگەڵ

دەرکە کرانەوێ خۆم سەرقاڵی کتێب خوێندنەوێ کرد، کاتێ پیاوەکە هاتەوە ژوورێ گوتی:

کتێبەکەت چ دەڵێ؟ تۆزێکم بۆ لێوە باس بکە!"

دەمم بەش کردەوە لەوانەشە. چاوم هەر بەسەر کتێبەکەوە بوو، کە ناوی گۆڕستانێم بەسەر زاریدا هات. سەرم بەرزکردەوە وەک وشەی گۆڕستانی بەلاوە مەتەڵێک یا نیشانە یا هێمایەک بێت، سەرێکی بادا و گوتی: "گۆڕستانێ مە دوورە، دوو دار چناریشی لێیە کە دەڵێن تەمەنیان چوار سەد ساڵە!"

هەروا گوێم لە قسەکانی راگرتبوو کە خەو بەلایدا بردمەوە و چاوم لێکنان. بەیانی دەگەڵ دەنگی کەڵەباب خوێندنان لە خەوێ رابووم بەڵام سەیفوڵڵا دیار نەمابوو. چووم دەست و دەموچاوم شوشتن، کە هاتمەوە نوێن هەڵگیرابوو سفرە لە ناوەڕاستی ژوورێ راخرابوو. دوای قاوەڵتییە ژوورەکەم سەر و بن کرد کتێبەکە نەمابوو. پێموابوو رەنگە دەگەڵ نوێنەکان چووبێ، هەروەها رووشم نەهات بە ژنەکە بڵێم و لێی بپرسم:

"ئەدی کاک سەیفوڵڵا لە کوێیە؟"

ژنە هەڵوێستەیەکی کرد و گوتی: "ئێوە بفەرموون قاوەڵتییە نۆشی گیان کەن. سەیفوڵڵا چووە گیای بۆ مانگایە بێنێ، گوتیشی باکوڕەکەی دراوسێمان بتانگەیەنێتە ماڵی خەیروڵڵای."

"ناکا کتێبە کەشیان دەگەڵە خۆیان بردبێت و پێیان وابووبێ ئەوە کتێبی خەزنە نامەیە.

خۆ ئەوە کتێبی داستانان بوو."

رەنگی ژنەکە گۆڕا و زەرد هەڵگەڕا و چ وەڵامێکی نەدایەوە.



٢٠٠٥/٣/١ هەولێر- موفتی

---

لە کتێبی/ سکوت قلب- سیدحسین اعتماد زادە- انتشارات خاقانی- چاپ اول: سال ١٣٨٠ تهران- ەوە کراوە بەکوردی.

**- غەریب -**

## "دەبێ بێت"

## نووسینی/ چتر نور

کاک حەبیب چەناگەی قسانی گەرم داهاتبوو: کوڕە ئەوە هەموو هەر قسەن، دەبێ بێت! تێگەیشتی؟ دەبێ بۆ پیاوی هەربێت! خوا نەکا بەڵا روو لە پیاوی کا ئیدی حیسابی تەواوە.

ئەگەر خواش دای ئەوە بڕۆ پاڵدەوە، خۆ ئەگەر نەشیدا هەر بڕۆ پاڵدەوە!

گوتم: "واش نا خۆ پیاو دەبێ کارێکی هەر بکا."

گوتی: "ئەمن ناڵێم تۆ هیچ مەکە. هەر ئیشێکی حەزت لێیە و بە دڵتە بیکە و شەو و رۆژیش لە راکە راکەی رامەوەستە، بەڵام تا بەخت و ناوچەوانیش نەیهێنێ، هەمووی بێ سوودە بەڵام لێرەدا شتێک هەیە. ئەویش ئەوەیە نەبەزی ومەیدانێ چۆڵ نەکەی و لە رووی لافاوی کارە ساتاندا سینگت دەرپەڕێنی و بیکەیە قەلغان.

بەکورتی زۆر بێ چاو و رووبی!

ئەو دەمی لە چاپخانەی ئیشمدەکرد. کارەکەم مەکەمەکەی نەبوو. بۆیە هەرچی هەبوو هەرپێی خۆشبوو بچمە لای وی و لەلای ئەو ئیشێ بکەم.

هەرکاتێکی تووشم دەبوون دەیانگوت حەبیب ئەگەر بێیتە لای مە زۆر زیاترت دەدەینێ لەوەی ئێستا هەتە، بەڵام من گوێم نەدایە



و نەچووم. لە دڵی خۆمدا دەمگوت دەبێتە ناپیاوی لەبەر خاتری نەختە زیادییەکی رۆژانە پیاو بچێتە جێیەکی دی. تا رۆژێکی لەگەڵ کابرای خاوەن چاپخانە لێک هەڵبووین و قسەمان لێک ترازان و هاتمە دەرێ و ئەوێم بەجێهێشت.

بەوەی دڵخۆش بووم هەر جێییەکی رووی تێبکەم ئیش بەپای پیلانە و پەکم ناکەوێ. بەڵام رووم لەهەر لایەکی دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە پێشدا کرێی زیاتریشیان دەدامێ، دەیانگوت، تازە، کرێکاری لە خۆمان زیادیشمان هەیە، سەیر بوو لەو هەموو ئاشنا و رۆشنا و خاوەن چاپخانە یەکێکیان ئیشێکیان نەدامێ- دانیشتم کەوتمە راوێژان. گوتم تازە ئیدی کاری چاپخانە هەر ناکەم ، دنیا پڕە لە ئیش: پینە دۆزی. ئاسنگەری. دارتاشی، بەرگدروەتی. بەڵام دتگوت دەرکی هەموو دنیایان لێ داخستووم، رووم لە هەر لایەکی دەکرد دیوارێکی بڵندی دەست بەڕوو نانەوێم لە بەردەمیدا قیت دەبۆوە.

سەرم بە تەواوی کارگەکاندا کرد، هەر لەکارگەی شووشە سازی تا کارگەی شخارتە. هەربێ سوود بوو. رۆژێکی بیستم کارگەی چیتی (رەی) کرێکاری دەوێن، هەموو رۆژێ دەگەڵ گەردی بەیانیان هەڵدەستام و کارگەی چیتی (رەی) خۆت بگرە، هاتم. دەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی لە خۆم بێکار تر، لەوێ رادەوەستاین، دەدەمی بانگی نیوەڕۆیە یەکێک لەولاڕادەهات و دەیگوت، ئەوڕۆ هیچ، بڕۆن بەیانی وەرنەوە. رەنگە بڕواش نەکەن، کە هەر ئەوڕۆ و سبەیە شەش مانگی رەبەقی خایاند. تا لە دواییدا گوتیان کارگە پڕبوو، ئێستاش کەس نەیزانی لە کوێوە پڕبوو، کاک حەبیب

جگەرەیەکی بەلا لێوەوە ناو دایگیرساند، چەسپێکی توندی لە جگەرەکەی دا و دووکەڵەکەی لە کونە لووت و دەمیەوە بە با کردەوە و گوتی: "بەڵێ دەسەر سەرت گەڕێم، دوو ساڵی ڕەبەق خورد و خەومان تەنیا خوێنی جگەر بووا بەیانیان پارچە نانێک بە چایەکی بێڕەنگی وەک تیزاوکەوە، نیوەڕۆیان ئاوی سەرووپێ، کە ئەودەم لە هەموو شتێکی دیکە هەرزانتر وبێ بایەختر بوو یەک قابلەمەی پڕی بەدوو (پەنابات) ان بوو، شەوانەش نانوپیاز، یا نان وپەنیر، یان هەر نانی وشکی. خواجە حافیزی شیرازیش نەبێ کەس نەمابوو قەرزی لێنەکەم. زۆر جاران وام دەهاتە سەرێ خۆ بکوژم!

لاوێکی تازە پێگەیشتووی بەشینگ و تاقەت چۆن دەبێ هەموو ڕۆژێ لە ماڵێ وەدەر کەوێ و ئێواران لۆژە لۆژ بە دەستی بەتاڵ بێتەوە ماڵێ، ئەوەش بووە ژیان ژن و دایکە بێچارەکەشم هیچ نەما نەیکەین. هەرچی نەزر و نیاز و نزا و پاڕانەوەش هەبوو سوودێکیان نەبوو- گوتم پێی ناوێ ئەگەر بیەوێ نەیەت، نایەت! مێشکم بە تەواوی لەکار کەوتبوو، بستێک واوەتر نەدەچوو. هەرکە ڕۆژ دەبۆوە، پەرت و پەرێشان و بێ ئاگا وەک فڕفڕۆکەی دەستی منداڵان خۆم دەدایە دەست چارەنووس و بێرە و بەوێدا دەخولامەوە. لەو کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان و لەو شەقامەوە بۆ ئەم شەقام. هەر بەم جۆرە تا ڕۆژێکیان کە لەشەقامی فیردەوسییەوە بەرەو تۆپخانە نزیکی باڵوێزخانەی ئینگلیزان شۆڕ بوومەوە، ماندوو و برسی هەنیسکم لە ئەوکێ مابوو، بەڵام گریانم نەدەهات. وام هەستکرد خەریکە بەلادادێم. وەک دێوێک بە هەموو قورسایی و زەبەللاحییە خۆیەوە خۆی بەسەردا دابم و خەریک



بێ بە پەنجەکانی بەربینگم بگرێ و خنخنۆکەم بگوشێ. بەڵام کوا دێوی چی.

ئەوە دێوی ژیان بوو بەو جۆرەی بەر بینگ پێگرتبووم و بە پەنجەکانی لرخەلرخی وێخستبووم! منیش بە دەنگی بەرزی نووساوەوە گوتم... نەعلەتی بەرمدە و تاتینیشم تێدابوو مستێکم وەخراندە سەر و چاوانی. هەستمکرد لەشم سووک و دڵشاد و شەنگولم. گوتم: هۆ هۆی ژیان لەگەڵ تۆمە، تۆ ناتوانی من بخنکێنی، ئەوە منم کە تۆ دەخنکێنم، بەردەستت دەکەم، زۆر بە توندی پێیەکم لە زەوی کوتا، وەک ئەوەی خەریک بم هەموو ژیان بخەمە ژێر پێی خۆمەوە و ورد و خاش و هەپروون بەهەپرووونی کەم.

لە پڕ هاتمەوە سەرخۆ، سەیرم بە خۆم و ئەو هەڵسوکەوتانە هات و پێکەنین گرتمی بەوەی چا بوو کەس لەو بار و دۆخەیدا نەدیبووم! چونکە شەقامی فیردەوسی، (٣٠) ساڵ لەمەو پێش وەک ئێستا هێندە قەڵەبالغ و پڕ هاتوچۆ نەبوو، چوومە کەنار جۆگەلێکی و لەبن درەختێکی دانیشتم، شتێکی باریکەلانەی خۆڵاوی لەوێ کەوتبوو، هەڵمگرتەوە و تۆزەکەم لێ تەکاند، کتوپڕ چاوم بە پرێسکەیەکی کەوت، دەستە سرێکی یەزدی بوو، کردمەوە، چ ببینم، بیست دانە بانکە نۆتی بیست تومانی! چوار سەد تومان. کە ڕەنگە ئێستا ئەو نرخ و بایەخەی نەبێ، بەڵام سی ساڵ لەمەوپێش سامانێک بوو. دوای دووساڵ بێکاری ئەوە یەکەمجار بوو چاوم بەو هەموو پارەیە بکەوێ. لەجێی خۆم بڵند بووم.

پارەکانم دەگیرفانێ نا. دەستە سرەکەم دەملم ئاڵاند. لە بازاڕی ئەسلامبوڵێ کە نەختێک لەولاترەوە بوو هەرچی حەزم لێبوو،

گۆشت گوێلک، مریشک، ماسی، میوە، هێلکە، شیرینی، هەموویم کڕی.

کاتێ هاتمەوە ماڵێ ژنەکەم لە حەژمەتان زاری بەش بووبۆوە: گوتی حەبیب ئەوانە چن؟ پارەت لەکوێ بوو؟ گوتم دووساڵ بوو قەرزێکم لەسەرکابرایەکی بوو ئەورۆ لەناوەڕاستی ڕێیەمدا تووشبوو و قەرزەکەی دامەوە!

ژنەکەم گوتی: خودایە زۆر شوکر، بەڵێ گیانە ئەوەندە پارەیەم بۆ بووە سامانێکی ئەوتۆ کە لەو دەمیەوە تا ئێستا ئەوە (٣٠) سی ساڵە ڕەنگی نەداری و تامی برسێتیەم نە دیوە و نەچێشتۆتەوە و سوپاس بۆ خوداش هێندەم هەیە، کە ئەگەر تا پەنجا ساڵی دیکەشی خەرج کەم نەبڕێ. هەر بۆیەشە کە دەڵێم دەبێ بۆ پیاوی بێت دەنا کوڕە ئەویدی هەمووی هەر قسەن.

گوتم کاک حەبیب مادامەکێ ئێستا هاتووە، بڕۆ پاڵدەوە.

پێکەنی و گوتی "پاڵدانەوەش ئەندازەی خۆی هەیە. کەنگێ مردی، هەزاران هەزارساڵ پاڵ دەدەیەوە و دەنووی".

---

لە کتێبی "ناخواندە" نوشتە: چتر نور. چاپ اول: ١٣٦٣. أنتشارات: جوانە- ەوە کراوە بە کوردی

**- غەریب-**

## "جارێ تۆ ئینجا من"

**نووسینی/ چتر نور**

هەردوای شەش مانگان ژنی یەکەمم مرد. ساڵێک بێ ژن بووم. ئەوی تووشمبایە دەیگوت:

"ئەوە بۆ ژنێ ناهێنیەوە؟" ئەمنیش دەمگوت "کوڕینە هەر کەسە و بەدەردی خۆیەوە گرفتارە.

ئەوەش بەشی ئێمەیە. لە ژنی یەکەمم کەم چێشت نۆرەی یەکی دییە؟ تازەش چ ژنێک دەگەڵ ئەو دایکە لە پێ کەوتووەی هەڵدەکات! بەڵام دۆست و ئاشنا و رۆشنا و خزم و کەوسوکار هێندەیان سەرکردمە سەرێ تاقەوماندم و ژنی دووهەمیشم خواست. بەڵام ملوک لەو ژنانە نەبوو هێور و ئارام و هێدی ددان بەخۆدا بگرێ، چۆنی حەزلێبا ملی لێدەنا، هەر جووڵابایەوە بۆڵەی بوو. لەسەرەتاوە وا نەبوو بەڵام دوای چەند مانگێک بەزمەکە خۆش بوو.

"ئەرێ ئەوە ناکرێ بیبەیە جێیەکی، نەخۆشخانێکی بینوێنی؟

ئێستا کە نەخۆشخانە؟ تائێستاکەس دیویەتی لە نەخۆشخانەی ئیفلیجێکی بنوێنن؟ ئێستا بیست ساڵی تەواوە وای لێهاتووە، دوو ساڵ دوای مردنی بابم کە هەواڵی مەرگی رەحمەتوڵڵای براگچکەمی بیست رۆژی بەو رۆژە گەیشت و لە هیکەوە ددانەکانی هەڵوەرین و سەری سپی بوو و لە پێ کەوت. ناهەقی نەبوو، تازەیان ژن بۆ دەستنیشان کردبوو ماڵێ بووکێ چاوەڕێ بوون رەحمەتوڵڵا لە سەفەرێ بێتەوە ژنێ وەگوازێ. بەڵام کێ چووزانێ چارەنووس لە کوێیە و تاوێکی دی چ دەقەومێ. ئەویش بە شادی و شەنگوڵی و دڵی خۆشەوە ترومبێلەکەی داژوێ و لەسەر ئاو و ئاگرانە تۆزێک زووتر بێتەوە. ئەو هەر لە منداڵییەوە متووی لێخوڕینی ترومبێلێ بوو. تازە تەمەنی بیست و چوار ساڵی دەبوو کە شوفێرێکی زۆر بە زیبک و زاکوونی لێ دەرچووبوو. بەڵام مەرگ کەس لەهاتنی خۆی ئاگادار ناکا. لە پێچێکی رێی "هەزار سەر" دا لە چاو تروکانێکدا هەموو شت تەواو دەبێت. لەو لۆرییە گەورە و گرانە، چەند پارچە ئاسنەواڵێک نەبێ دەو دۆڵەیدا نەمابوو. بەڵێ خات ملوک، لەو رۆژەوە تا ئێستا ئەو دایکە بێچارەیەی ئێمەوای لێهاتووە. ئەوی دەیدیت دەیگوت هەر ئەورۆ و سبەیەکە ئەویش دەمرێ. بەڵام... نەخێر، هەرخۆی لەسەر پێیەکانی راناگرێ و گۆج و ئیفلیجە دەنا لە من و تۆ ساغترە. ئێستاش هەر چاوی لە دەرکێیە. بۆیە هەرکاتێ لە دەرگا بدرێ بەو گوێیە گرانانەشیەوە گوێی لێیە و قوشقی دەبێ.

لە خۆی زیاتر کەس بۆی نییە دەرگابکاتەوە، هەمیشە لەسەر هەستە، چونکە ئێستاش دەڵێ:

"هەر رەحمەتوڵڵا بەخێر بێتەوە ژنی بۆ دەگوازینەوە."

ملوک دەیگوت "پەنا بەخوا چەند زیتە، زیت...!"

منیش بەسەر خۆمم نە دەهێنا چونکە دەترسام دایکم گوێی لێبێ و دڵی بێشێ. بەوەی چاک بوو ئەو بەسەرهاتە کاریشی کردبووە سەر گوێیەکانیشی و گران ببوون دەنا خوتە و بۆڵەی ملوکێ دەبووە جەنگی مەغلووبەی. چوار پێنج ساڵ تێپەڕی. بوومە باوکی

دوو منداڵان لە ملوک خانێ. کچە چوار ساڵە و کوڕە دوو ساڵەکەم هۆگری نەنکە ئیفلیجەکەیان ببوون. زۆر بە هێوری چیرۆکۆکەی بۆ دەگێڕانەوە و ئەوانیش بە بێدەنگی گوێیان بۆ رادەداشت.

سوپاسی خوام دەکرد کە وردە وردە ژیانەکەمان ئاهێکی تێکەڕابوو ماڵەکە دەنگ و رەنگێکی بەخۆوە گرتبوو. ئێواران کە لە ئیشێ دەهاتمەوە تاوێکم سەردەکردە سەر منداڵەکان و هێندێکیشم گاڵتە و جەفەنگ دەگەڵ پیرە داییدا دەکرد: "باشە دایە کەنگێ وەڵامی یەدوڵڵا مەشەدی دەدەیەوە؟

ئەوان هەموو چاوەڕێی بەڵێی تۆن!"

دایکم نێوچەوانی تێکدەنا و بە دەنگی بڵند دەیشیڕاند:

"با بڕوا ئاو و ئاوچێ، من لە دوای مەرگی بابت مێردی چ لێبکەم!!؟" و ملوک قاقا پێدەکەنی. لە دەمە دەمی هەرا و هۆریای گەمە و جەفەنگاندا کتوپڕ بە قوونەخشکێ بەرەو دەرکێ دەچوو. سەیر بوو! بەو گوێیە گرانانەوە لێدانی دەرکێی لە هەموو شتێکی دی چاتر دەبیست. شەوانە درەنگ کە هەموو کەس لە پرخەی خەوی خۆشیدا چاوی ئارامیان لێک دەنا، ئەو ژنە بە ئاگا بوو. زۆر جاران کە لەبیرم دەچوو کلیلی دەرگای دەرێ لەگەڵ خۆم بەرم، هەرکە لە دەرگام دەدا ئەو دایکە خشەخش بە قونەخشکێ دەهات و دەرگای دەکردەوە. تا رۆژێکی لە پڕ تێکەوەگلا، وەک ماشێنی لەکارکەوتە، دایکی بێچارەشم کەوتە سەرجێی و هەستی لێبڕا، لەوەی دەرچوو گوێی لە دەنگی دەرکێ بێت و بە خێشەخێش بچێ بیکاتەوە. تەنیا ئەوەندەی مابوو لە سوچێکی راکشابوو ناڵەی دەهات. ئەمێستا خوتە و بۆڵە بۆڵی ملوکێ زیاتر ببوو، بە تایبەتیش



کە ناسیاوێک یا دراوسێیەکی دیتبایە هێندەی دی شووڵێ لێ هەڵدەکێشا

"ئەوەش بووە ژیان، لەسبەینێوە تا ئێوارێ وەک سەی پێ سووتاو هەر وەرە و بڕۆ، چێشتی لێنێ و هەوڕان بشۆ. توخوا بۆ کارەکەری ماڵان چاترنییە، خۆ هەر نەبێ لەوێ شتێکت دەدەنێ.

تا شەوێکی داڵک وەک چرای نەوتێ وەپرتە پرت کەوت و هەر تاوە ناتاوێکیش هێڵنجێکی دەهاتێ و دوایی کپ دەبۆوە. کەسوکار و ناسیاو و دەر و دراوسێ و خوشکە گەورەکەشی لەدەور خڕ بوونەوە و چوار دەوریان تەنی، منداڵەکان نەبێ کە لە ژوورێکی دیکەمان نواندبوون. پێیەکانیمان بەرە و قیبلە راکێشان.

سەعاتێک دوو سەعات، سێ سەعات، کازیوەی بەیانی ئەنگوتبوو، گیان لەجێیەکی سەختە و نایەتە دەرێ، ئەو هەروا بەروحێوە بوو. خات ملوک بە دەنگێکی بڵند وەک ژوورێ کەسی لێنەبێ گوتی: "پەنا بەخوا پیرێژن گیانیشی دەرناچێ و لەکوڵ بێتەوە و هەم..."

خات ملوک هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو کە شتێکی یەکجار زۆر سەیر روویدا. پیرە داک لە جێی خۆی راست بۆوە دەتگوت باسی مردنێی هەر لە بیریش نییە، تەنانەت لە جارانیش چاکتر بوو، چاوی دە چاوی خات ملوکێوە بڕین و گوتی: "هەی سەگبابی سە، هەی پەتیارەی سۆزانی، من بمرم و تۆبحەسێیەوە، ئەو سەرینەی لەبن سەرێ خۆت دەرێنە، هەتا تۆ ئاوە و ئاو نەچی و نەمری من نامرم!" وەک بروسکە لە ژوورەکەی دابێ. کەس ورتەی لێنە دەهات. تا من لەپڕمەی گریانێم دا، بە دوای منیشدا خوشکەکەم لە

بانگو سەڵای گریانییدا و ئەوانیدیش دەستیان پێکرد. پێنج ساڵ بەسەر ئەم رووداوەدا رابرد، لەتەواوی ئەو ماوەیەدا وەک پێشوو هەموو جارێکی بە قوونە خشکیَ دەچوو دەرگای دەکردەوە. خوتە و پرتە پرت و بۆڵە بۆڵی خات ملوکێش لەکەمیەی دابوو. دەگەڵ ئەوەشدا کە تەمەنی لە بیست و حەوت ساڵ زیاتر تێنەدەپەڕی و چل ساڵیش لە دایکم چووکتر بوو رۆژێکی بەسەرمایە تێکچوو هەر ئەو سەرما بوو نەشی بوو نەیهێشت یەک هەفتە زیاتر تێپەڕیَ و تەمەنی درێژی بۆ گوێدێران بەجێهێشت..

دوایِ مانگێک لە مردنی خات ملوکیَ، دایکیشم ئێوە خۆش! ماینەوە من و چوار منداڵی سەلک وبنک، ئێستاش هەر کەسێکی دەمگاتیَ دەڵیَ: "ئەوە بۆ ژنیَ ناهێنیەوە؟". بەڵام من تازە ژنم بۆ چییە؟

ئەکرەمی کچم گەورە بووەو نۆ ساڵانە و وەک کابانێکی چاک ماڵی بە رێوە دەبات و منداڵەکان پاکوخاوێن رادەگریَ. کە سەیریشت دەکا هەر دەڵێی خات ملوکە و لە وێت داناوە. بەڵام ئەکرەم لێوێک و هەزار زەردەخەنەی لێدەباریَ و هەرگیزیش خوتە و بۆڵەیەکی لێنایە.

هەولێر/ دارەتوو
١٩٩٨/٩/١٤

---

لە کتێبی: "ناخواندە" نوشتەء: چترنور. چاپ اول: ١٣٦٣– انتشارات: جوانە– ەوە کراوە بە کوردی.

**– غەریب –**

## "پیس پیسۆک"

**نووسینی/ چەتری نور**

ژنە وای قیژاند و بەشێوەیەکی واشی خۆ دە ئامێزی پیاوە هاویشت، پرزەی هەر جۆرە بیرکردنەوە و بۆ چوونێکی لێبڕی. دوای تاوێک پیاوە گوتی: چییە؟ چ باسە؟

ژنەکە ئاماژەی گۆشەیەکی ژوورەکەی دەکرد بە زمانێکی تێکەڵ و پێکەڵەوە گوتی: پیس... پیسۆ... ک.

پیاوە گیانلەبەرێکی چکۆڵەی دیت وەک تیر لە گۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی تری ژوورەکە دەرپەڕی.

پیاوە وای هاتە بەرچاو: تیلمە سواغێکی زۆر چکۆلە لە دیواری بۆوە و کەوتە خوارێ.

ژنە گوتی: ئەوە بۆ وا حەپەساوی! دەبجووڵێ، بیگرە!

پیاوە گوتی: نا! ژنەگوتی! چی؟ نایگری؟ دەتەوێ شەوێ بێتە گیانمان!

پیاوە گوتی: ئەو گیانلەبەرە بە ستە زمانە بێوەیە. کاری بەکەس نەداوە ئەدی نابینی لە ترسان چۆن وا بە پرتاو هەڵدێ، تابچێ لە پەنایەکی خۆی وەشێرێ!...

ژنە گوتی: ئەمن ئەوشۆ لە ترسان خەوم لێناکەوێ!



پیاوە گوتی: یەکجار وای لێمەکە. تازە ئەو رۆیی. لە دەرکێ لە پەنجەرەیڕا رێیەکی دەبینێتەوە و تێیڕا دەچێتە دەرێ.

هێوری و لە سەرە خۆیی پیاوە تینێکی وەبەر ژنەتیوێ نا و بەهەرشێوەیەک بوو ئەو شەوە تێپەڕی.

بۆ بەیانی ژنە خەریکی ئیشی ناو ماڵێ بوو، جانەوەرە چکۆڵەی دیتەوە لە بن رایەخان دەرپەڕی و وەک تیر خۆی هاویشتە پشتی یەخچاڵەکەیان و ونبوو! دیسان قسەکانی مێردەکەی وەبیر هاتنەوە: ئەو گیانلەبەرە بێوەیە کاری بەسەر کەسەوە نییە و خۆی لەکەس ناگەیەنێ.

نیوەڕۆیە پیاوە کە هاتەوە ماڵێ، سەر لە نوێ بەزمی جانەوەری هاتەوە گۆڕێ. ژنەگوتی: بۆ خۆم دەزانم!

ئەوە لە پشت یەخچاڵەکەی خۆ حەشارداوە و لەوێیە! من بەچاوی خۆم دیتم چووە وێندەرێ ئێستا دەتوانی بیگری!

پیاوە گوتی: پیس پیسۆک لە هەر ماڵێکدابێ ئەوە بەخت و شانسە و خێری پێوەیە.

ژنە گوتی: وەی وەی! تازە بە پڕ و پووچ و هەتەر و مەتەراندا دێیەوە و باوەڕیان پێدێنی؟

ئەگەر پیس پیسۆک چاک بایە دەبوو هەرچی لادێیی هەیە هەموو خۆش بەخت و خۆشگوزەران و بەختیار و کامەران ژیابانایە چونکە ماڵەکانیان هەمووی کون و لانە و حەشارگای ئەو جۆرە جڕ و جانەوەرانەن!

ئەدی وەبیرت نایە تازە چووبووینە ئەو خانووەی دی، پیس پیسۆکێکت گرت و تادەستت هێنای لە پەنجەرێوە هەلتدایە دەرێ!

پیاوە گوتی: بەڵێ ئەو کارەم کردووە، بەڵام جارێکی دی ئیشی وا ناکەمەوە و ئەو گیانلەبەرە بێ گوناهە بێوەیە ئازار نادەم. دڵم دەڵێ پێشهاتێکی یەکجار زۆر خۆشمان دێتە پێشێ.

* * *

ژن و پیاو دەساڵیان بەسەر ژن و مێردایەتیەدا تێدەپەڕی. ژنە وەکو هەموو ژنانی دی تەنیا ئاواتی خانوویێکی سەر بەخۆ بوو. چونکە بەرگەی بۆڵە بۆڵ و قسەی خاوەن خانووی لەوە زیاتر نەدەگرت. ئەو هەموو گوازە گوازە و وەرە و بڕۆیەش وایان لە پیاوەکە کرد هەرچۆنێک بووە جێیەکی بۆ خۆیان پەیداکەن و لەو بێ جێ و ڕێیە وە حەسێن.

مانگێک رابرد. ژنە پیس پیسۆکی لە بیر چوو بۆوە، چونکە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ئازارێکی پێنەگەیاندبوو!! پیس پیسۆکەکەش نەچوو بووە چ جێیان هەر لە ناو ماڵێدا لێرە و لەوێ دەهات و دەچوو. پیاوە دەیزانی وایە، بەڵام بۆ دڵنەوایی ژنەکەی پێی گوتەوە کە ئاخری ئەو جانەوەرە هەر رۆیی! ژنەش بڕوای کردبوو!

* * *

پیاوە قەتی رۆژنامە نەدەکڕی. بەڵام ئەو رۆژە "مانشێت" ێکی گەورە سەرنجی راکێشا و رۆژنامەیەکی کڕی تا ئەو هەواڵە بە ژنەکەشی راگەیەنێ. بەڵام ژنە گوێی نەدەدایە هەواڵ و باسان.

هێنانی لاپەڕە گەورەکانی رۆژنامەکەی لە سەر رایەخەکە پان راکردن و بەسەر پێتە ورد و درشتەکانی بورج و راز و نیازەکان و بەشی کڕین و فرۆشتنی خانواندا کەوتە چاوگێڕانێ. زۆربە وردی کەوتە سەنگ و سووکی و هەڵسەنگاندنی ئەو ئاگاداری و



بانگەشانەی مەبەستی بوون. لە دنیای خەیاڵی خۆیدا دەژیا، هەمیشە هەر وابوو. بانگەشە و ئاگاداریەکانی لە تەواوی هەواڵ و دەنگوباسی دنیایە پێ چاکتر و بەنرختربوو! زۆر سادە و ساکارانە بە پیاوەکەی گوت: چۆنە تەلەفۆنێکی بکەی و دەربارەی ئەو ئاپارتمانانە پرسیارێکی بکەی!

پیاوە بەبێ تاقەتیەوە گوتی باشە، بێنە بابزانین!

کاتێ رۆژنامەکەي هەڵگرت، چەند ئاپارتمانێکی دیکەشی وەبەر چاوان کەوت کە سەرنجیان راکێشا. بیری کردەوە. "لەوانەیە ئەمانە زۆر گونجاوبن!" ئاپارتمانی چل مەتری، شەست مەتری، ئەمانە بۆوی باشن! بۆ چەند جێیەکی زەنگ لێدا، بەڵام هیچ یەکێکیان لەگەڵ توانا و حاڵ و باڵی واندا نەدەهاتنەوە.

بەکام پارە؟ دووبارە بەتەماشاکردنێدا هاتەوە. ناو ونیشانی ئاپارتمانێکی لە خۆیان نزیکین وەبەر چاوان هات. ژنە گوتی: خۆ تەماشا کردنی چ زیانێک ناگەیەنێ!

پیاوە پێکەنی و گوتی: زۆر چاکە، چ عەیبی نییە، سبەینێ لەسەر ڕێیەڕا سەرێکی لێ هەڵدێنم!

سبەی دوای نیوەڕۆ پیاوە زەنگی دەرگای خانوویێکی دێرینەی لێداو پیاوێکی سیسەڵەی بەلەباریک لە پەنجەرەی نهۆمی دووهەمەوە سەیرێکی خوارێی کرد و گوتی: فەرموو بۆ ژووری، دەرگاکە کراوەتەوە! پیاوەکە لە پلیکانان وەسەرکەوت. پیاوە سیسەڵەکە لەپێشدا نهۆمی دووەم و دواییش نهۆمی سێیەمی پێ نیشاندا و گوتی: هەر دوو نهۆمی ئی فرۆشتنێن، جانازانم دڵت کامیان دەگرێ و پەسەندی دەکەی. پیاوەکە پێی نایە یەک

لەژوورەکانی نهۆمی سێهەم، جانەوەرێکی چکۆلە وەک تیر خۆی خزاندە کەلێنێکی! ئەو جانەوەرەش هەر پیس پیسۆکێک بوو! هەر رێک وەک ئەو پیس پیسۆکەی کە لە ماڵێ وان جێی لێ خۆش کردبوو! پرشنگی رووناکییەک سەرتاپای دڵی پیاوەکەی داگرت.

ئەویٚ رۆژێ بۆ سبەینێ قسەیان برینەوە و ژن و مێردەش وەک خەونێ ببینن. هەمووکارەکان بەخێرایی خزین و دەرپەڕینی ئەو جانەوەرەبچکۆلەیە هاتنە پێشێ و رێک کەوتن.

رۆژانی دوایی و دواتریش. چ لەکاتی گواستنەوە، یا لەکاتی رێکخستنی کەل و پەلی ناوماڵەکەیان سووسەیەک لە پیس پیسۆکان نەبوو. زۆربەی شەوانەش پیاوەکە لە هەیوانە بەرینەکەی پێش ئاپارتمانەکە رادەوەستا و دە ئاسمانی پڕ ئەستێرەوە رادەما. وەک ئاسمان دە سینگی ویدا بێت و ئەستێرەکان دەوێدا بێن و بچن. پیاوەکە دەهاتەوە و بەژنەکەی دگوت:

راست ئەوەی لە خوام دەویست. خانووێک کە تەختی ئاسمانی لێوە دیاربێ و مرۆڤ ئەستێرەکان بە ئاسانی ببینێ. ئێستاش نازانم بۆ هەر لە منداڵییەوە کە هاوینان لەسەربانی خانووە گڵەکەی خۆمان دەنووستم دە تەواوی ئەستێرە ورد و درشتەکان را دەمام و چێژم لێدەکرد. لەوانەیە باوەڕ نەکەی کە هیچ دیمەنێک هێندەی ئاسمانی ساماڵ و پڕ ئەستێرە من دڵخۆش و شاد و شەنگوڵ ناکەن!

ژنەش پێدەکەنی و دەیگوت: حەساینەوە. ئەوجا خانووی خۆمانە!!



دیسانەوە پیاوەکە ترس و لەرزی ژنەکەی لە پیس پیسۆکێ وەبیر هاتەوە کە موژدەهێنی شەوی پڕ ئەستێرەی ئەوان بوو.

**هەولێر- دارەتوو**

**١٩٩٨/٩/٥**

---

لە کتێبی: "ناخوانده". نوشته: چتر نور. چاپ اول: ١٣٦٣- انتشارات: جوانه- ەوە کراوە بە کوردی.

**- غەریب -**

## "لافاو"

**نووسینی/ چەتری نور**

پەڵە هەورە رەشەکان تێکەوەیان هاویشت و لەسەرەخۆ پاڵیان وێک دا. سێبەری تاریکی تەواوی رووی زەوی بەکێو و دۆڵ و باغ و باغات و دەر و دەشتەوە لە خۆوە پێچا. دەگەڵ ئەوەشدا کە تا ئێستا چێشتەنگاو قایم نەببوو وای تاریک کرد هەر دەتگوت شەو گەڕاوەتەوە، لە ئاسمانێ جەنگی مەغلووبەی بوو، دەتگوت ئەوا بوونەوەرانی نادیارن و تاویانداوەتە چەک و کەوتوونەتە گیانی یەکتری، و ئاگری چەکەکانیان هێندە بەتین و تاو و باق و بریق و برووسکە و تروسکە بوو گرم و هوڕیشیان ئاسمان و زەوی لەبەر دەلەرزی.

زۆری نەخایاند خوێن لە هەوران چۆڕا و لە چاو تروکانێکدا رێژنە و گەواڵە و شەستە بارانێک دایکرد مەپرسە. لە داوێنی کێوانەوە لافاو سەرەو خوار بەرەو لای گوند و خانووە قوڕەکانیانەوە وەک ئەژدیهای تووڕە هێرشی هێنا و هەرچی وەبەرهاتبایە تێک و پێکی دەشکاند و لوولی دەدا و هەڵی دەلووشی. خەڵکی گوندی بە هیچ رانە گەیشتن، هەرچی هەیان بوو بەجێیان هێشت، لاقە هەڵێ و سەرێ رزگار کە و بەرەوگرد و



تەپۆلکەکانی لای رۆژ هەڵاتی گوندی هەڵاتن و هەندێکیشیان بوونە خۆراکی ئەژدیهای لافاوی تێر نەخۆر.

لافاوە! لافاوە! خوایە هاوار. گریان و هاوار و لە خۆدانێ ژن و منداڵ و گەورە و چووکان لە نێو هاشەی هێرشی ئەو ئەژدیها سەرشێتە خوێن مژەی هەوسار پساوەدا ون دەبوو." منداڵەکانم... منداڵە خۆشە و یستەکانم. کۆرپەڵە بێ گوناهەکانم" هەزار هاواری وا بە پوولێک، بۆبستێکی بڕ دەکرد؟.

کەس پێیوانەبوو دڵۆپە بارانی روونی پڕپیت و فەڕ ئاوا دەبێتە مایەی غەم و ماڵ وێرانی، ئێستا باران ئەو بارانە پڕ پیت و فەڕ و دڵۆڤانە نییە، بەڵکە هەر خوا بۆ خۆی دەزانێ چ شەپۆلێکی پیس و لیخن و خوێناوییە.

لافاو خانووە قوڕەکانی هەموو شوشتنەوە و دەرگا و تەختە و مەنجەڵ و رایەخ و گیانلەبەر و مرۆڤی زۆر بێ بەزەییانە سەرا وو بن ئاو دەکردن و بێرە و بەوێیدا دەدان و دەڕۆیی.

ئەو هێرشە بێ بەرگرییە چەند سەعاتێکی خایاند. تا وردە وردە ئاسمان رقی نیشتەوە و هەورە چروپڕەکان لێک رەوینەوە.

کە ئێوارێ ئەستێرەکان وەک دەنکە مرواری لە ئاسمانێ پەیدا بوونەوە، لەو داوێنی کێوانەوە جگە لە شوێنەوارەکانی، دەنا سووسەیەک لە ئەژدیهای هار و هاجی هەڵچوو نەمابوو. لافاو گەیشتبووە زێیە و پێکەوە دەڕۆیشتن تا ئاوەدانی و پرد و رێ و بانی دیکەی سەر رێیانیان تێک وەردەن و کاول و وێرانی کەن بەڵام نا! ئەوە هەر کەفوکوڵێک بوو ئەوا ئێستا شەکەت و ماندوو و بێ واز لە رێیەکی دەگەڕێ سەری خۆی تێهەڵکا و تاوان و

وێرانکارییەکانی لە بیران بەرێتەوە، بێ ئاگا لەوەی کە رووداوە کاولکارییەکان پڕ تاو و تین و تەوژم و بێ ئەندازەش توند و تیژ بێ هەر سەرێکە و دوایی دەبێ هەر ببەزێ و بەشەرمەزارییەوە هەڵێ و تەنیا پەنایەکیش کە سەری تێهەڵدەکا دەمی دێوی نەمانی و سەرنگونی و لە ناو چوونە، ئەوەی دەیمێنێ هەر تەنیا شوێنەواری نەفرەت لێکراویەتی کە لە مێشک و هۆش و بیر و خەیاڵاندا و لە ناو دڵ و دەروونناندا ناسڕێتەوە.

* * *

خۆری پرشنگدار تیشکی گەشی بە هەموو لایەکدا تەخشان و پەخشان کردبوو. بابا رەجا گوتی: "چلەی هاوین ولافاو، کوڕە وەڵڵاهی شتێکی سەیرە"

مەشەدی جومعە گوتی: "کوڕە تاوان و گوناهو خراپە هەمووولایەکی دنیایەی داگرتووە، کەس بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە، ویژدان نەماوە، خوداش بۆیە تووڕە بووە. ئەوە غەزەبی خوایە بڵاوبۆتەوە.

بەڵام ئێمەی بنیادەم چاومان قایمە و پەندی لێ وەرناگرین!"

عومران گوتی: "ئەوە هەمووو هەر قسەن! ئەدی بۆ تا ئێستا گوندەکانی سەرەوە لافاویان لێنە هاتووە، چونکە لافاو سەرەو ژوور ناڕوا." چەند کە سێک دایانە قاقای پێکەنین.

بابا رەجا گوتی: "هەتیوە کفران مەکە. دەتەوێ خوا بەڵایەکیش بۆ مە نازڵ کا!"



مەشەدی جومعە گوتی: "واچاترە لە جێی ئەو قسانە بچین بزانین ئەو بەدبەخت و ناوچەوان رەشانە چیان بەسەر هاتووە. ئێمە بەختمان هەیە کە لە رووبارێوە دوورین عومران راست دەکا، لەوەتەی من وەبیرم دێ هەرکە لافاو هاتووە کە ندووکی لەگەڵ خۆی هەر راداوە. چونکە ئەوان رێک لە بن شاخی و لە نزیک رووبارێوەن."

عومران گوتی: "ئەو هەمووو ساڵە دوور و درێژانە عەقڵیان پێ نەشکاوە تۆزێک واوەتربچن و خانووان بکەن. مێرووولە لەوانە ئاقڵترە. مێرووولە هەرکە زانی ئاوی دێتە بنێ، خێرا جێیەکەیان دەگوێزنەوە! خۆ ئەگەر خوا بەڵاش دەنێرێ ئەقڵیشی داوە، ئەوە هەر ئێمەین تا نەینێین لە تەبەق ناڵێین سەددەق ئەگەر بە گوناهو تاوان وخراپەش بێ ئەوا دەبێ رۆژێ سەد جاران بوومەلەرزە و لافاو و گەردە لوولمان لێبدا!

نە جانەم نا وانییە، کە باران زۆر باری و رووبار لێواو لێو پڕبوو، هەڵدەستێ و دەبێتە لافاو!"

مەشەدی جومعە دیسانەوە گوتی: "بابچین بزانین کەندووک چی ماوە؟"

چەند کەسێک وەرێکەوتن. تا ئەو دیوی گردی دوو کیلۆمەترە رێ دەبوو، کە گەینە گوندی دیتیان لە پەنجا ماڵی تەواو ئەگەر پێنجیان بە ساغی مابێ! هەر چوار لای قوڕ و لیتە بوو. سەرەکاریتە و دیرگە و نیرگە و قیسپ و کۆڵەگە لە قوڕێ هاتبوونە دەرێ. نە باعەباعی بەر خۆلان و نە وەڕە و حەپەی سەگان و نە زەڕەزەڕی کەران، هیچ دەنگیک وەبەر گوێیان نەدەهات. لە پڕ لە

ناخی ئەو بێدەنگییە خامۆشە ترسناکەدا ژاوە ژاوی دوو دەنگی وەک گریانی منداڵان کە لەپەنایەکی گیرسابنەوە بڵند بوو.

عومران تا ئەژنۆیانی خۆ هەڵکرد و وەنێو قوڕ و لیتەی کەوت، ئەوا لقی درەختێکی تەنومەندی ئەستوور وەک دەستێکی راکشا و لانکەیەکی پێوەیە، دەستی برد هێنایە خوارێ، دەبینن ئەوا دوو ساوای ساغو سەلیمی تێدایە! مەشەدی جومعە، هەردوو دەستی بەرەوئاسمان بەرز کردنەوە "لائیلاهە..." ئەژدیهای ترسناک و دڕندە لانکەی بە دەستێکی پاک سپاردبوو! هێشتا هەر وڕ وکاس بوون، کە دەنگی هاتوهاوارێکیان وەبەر گوێیان هات. کۆمەڵێک هێروە دەهاتن. ئەوانەی مابوون سەر بەرەوخوار بەگردیدا دەهاتنە خوارێ کە گەینە لای وان، بێدەنگ و بێ هەست و چرپە چاویان بڕیبووە مانی ئەو نەماوانە. کەس نەیدەزانی چ بڵێ، باشە هیچ قسەیەک بۆ گوتنێ مابوو؟

عومران بە زەردەخەنەوە دەمی کردەوە و گوتی: "ئەم ساوایانە..." نیوەی قسەکەی دیکەی لەسەر لێوان مەیی.

هاواری منداڵەکان لەلانکێوە بڵندبوو. ژنێک بە هات و هاوارەوە هاتە پێشێ "وای خودایە، کۆرپە خۆشەویستەکانم، جمکە نازەنینەکانم." و قوڵپەی گریانی ژنەکە هەمووی وەگریان هێنان. ئێستا هەموو دەگریەن. ژنە هەم لە خۆشیان و هەم لە تاوان دەگریا! گریانی بەسەرهاتەکە لە گریانێ گەورەتر بوو. بەڵام دەنگی دوو کۆرپەی ساوا لە دڵی ئەو دۆڵە مەرگبارەدا مژدەی دووبارە ژیانەوە و لە دایکبوونەوەیەکی نوێی دیکەی دەدایەوە. وەک ئەوەی هەست بە ئێش و ئازار کردن هەمیشە نیشانەی



جموجۆڵ و بوونەوەبێ و بێ هەستیش نیشانەی مەرگ و لە ناو چوون و نەمان!

ئەوانەی مابوون هەر تەنیا (٣٠) سی کەسێک دەبوون.

مەشەدی جومعە گوتی: "ئێوە هەمووتان میوانی ئێمەن."

عومران گوتی: "ئەم جارە هەموو پێکەوە خانووەکان دروستدەکەینەوە. بەڵام ئاوا لەو خوارە نا بەڵکە ئەها لەویانە." و پەنجەی را داشتە گردەکە. ئەو شوێنەی ببووە پەناگای لافاوزەدەکان.

سەففار گوتی: "باشە، ئاو ناگاتە وێ. خۆ بەبێ ئاویش ناتوانی بژیت."

عومران گوتی: "شت نییە نەبێ، ئاوێ دەگەیەنینە وێندەرێش. باشە ئەدی ئەوە خۆشە هەر بە چەند ساڵان جارێک ئاوا داغتان بەجەرگیەوە نرێت و هەرچی هەتانە و نیتانە فووی لێکرێ؟".

* * *

بەهار بوو بۆنی گوڵیلکە کێویلە دەشت و دەر و چیا و لاپاڵی داگرتبوو. رووبار هەروا هاژەی بوو، توورە و تەنگاو، کەفی هەڵدابوو دەڕۆیشت. لەو سەرەوەش دوور لە رووبارێ لەسەر گردەکە، چوار پێنج خانووی قوڕ لە ئامێزی غوربەتی خۆیاندا پاڵیان وێک دابوو.

گوندی کەندووکیش وەک مارمێلکەی کلک قرتا و خۆی گەیاند بووە ئەو سەرەوە و هەستی لێبڕا بوو متتەقی نەدەکرد. نیشانەی ئاوەدانییە ئەو دێیە لاچەپەکەش بە رۆژ تەنیا دووکەڵی ئەو لوولە سوپایانە و شەوانەش تروسکەی ئەو چرافانۆسە کزانە بوون کە

لێیەوە دیار بوون. خەڵکی گوندەکانی دی کە بە گوێدرێژ و ئێستر و بارگینانەوە بەلای وێدا تێدەپەڕین، یان دەچوونەوە گوندەکانی خۆیان، تەنیا دەنگی گریانی ئەو دوو جمکە ساوایانەیان دەبیست کە کوڕ و کچێک بوون و پێکەوە هاتبوونە دنیایە و پێکەوەش لافاو بردبوونی و پێکەوەش رزگاریان ببوو، و ساڵانی دواییش بە یارمەتی و چاودێری خاڵە دەوڵەمەندەکەیان لە تاران و دواییش لە هەندەران خوێندنیان تەواو کرد و هەردووکیان بوونە پزیشک و لەسەر تابلۆی عیادەکەشیان ئەو رستەیە نووسرابوو:

"بلیت بۆ هەژاران بە خۆڕاییە."

**دارەتوو- هەولێر**

**٢٠٠٦/١٠/١٢**

---

لە کتێبی: ناخواندە، نوشتە: چتر نور. چاپ اول: ١٣٦٣ انتشارات جوانە... وە کراوە بە کوردی

**– غەریب –**

## "ماڵە باوان"

**نووسینی/ سەعیدی نەفیسی**

هەشتا ساڵ پێش ئێستا پیرەمێردێکی لەوان کۆنە ئێرانی نەژادانە لە شاری (هەرات)ێ دادەنیشت. نەسروڵڵا حەفتا و چوار ساڵی تەمەنی بەسەر بردبوو. رووداوەکانی دنیایە پەڕاگەندەی هەراتێی کردبوو لەوێ کۆڵکێشی دەکرد.

نەسروڵڵا لەو جۆرە کەسانە بوو کە دڵی بە هیچەوە نەدەنووسا، لەبەر وەش کە هەر لە منداڵیەوە هەتیو کەوتبۆوە و بە گەورەییش ژنی هەرنەهێنا، بۆیە هەستی ماڵ و خێزانداری بەلاوە هیچ بوو. لە کووچە و کۆڵان و رێ و بانان دایکێکی دیبایە منداڵی بە بەروباوەشی خۆیەوە نووساندووە و لێک لێک ماچی دەکات، پێی سەیر بوو نەفرینی لێدەکرد. لە بەروەش کە هەر شەوەی لە جێییەکی بەسەر دەبرد و ماڵێکی دیاریکراویشی نەبوو، دڵی بە چ جێیان خۆش نەبوو هەرگیز جێیەکیشی پێ لە جێیەکی دی چاتر نەبوو.

ئیدی ئەو پیرەمێردە وەک یەکێک لەو فەیلەسووفە بێ بەند و بارانە بوو کە هیچ شتێکی خۆش نەدەویست و هیچی بەدڵیەوە نە دەنووسا و لە تەواوی تەمەنی خۆیشیدا سۆز و دڵنەواییەکیشی لەکەس نەدیتبوو هەر بۆیەش بەردەوام دەیگوت کە هیچ شتێک لەو گەردوونەدا نییە ئەو دڵی پێخۆش کا. خۆ ئەگەر ئەو رۆژەش هات



ماڵئاوایی لەم ژیانە بکات ئەوە زۆر بە خوێن ساردی و بەبێ هیچ داخ و کەسەر و ئەفسوسێکەوە روو لەم ژیان و جیهانە وەردەگێڕێ و بەجێیان دەهێڵێ. هەر ئەو بیر و باوەڕانەش بوون کەنەسروڵڵایان والێکردبوو هاتوچۆی کەس نەکات و لەگەڵ کەس نە بێتە ئاشنا.

چەند ئاژاوە و شەڕ و هەرایەک لە خوراسانێ قەوما. هەرچەندە ئێرانییەکانیشی تێدا سەرکەوتوو بوون بەڵام دوایە بەفرت و فێڵ و دەسیسەی دەلالان دەبوایە هەرات و زۆر شوێنی دیکەی ئەو دەوروبەرانەش بۆ ئینگلیزان بەجێ بێڵن. ئەو دەنگۆیە هەموو خەڵکی هەراتێی هەژاند و تەنیا هەر نەسروڵڵا بوو کە غەمێ لەوەی نەخوات و گوێی نەداتێ.

خوا پێداوەکانی شاری، هەموو وەک نیشتمانپەروەرانێکی راست و دڵسۆز هەراتیان بەجێهێشت و بەرەو خوراسان ملیان نا.

ئەوەی شتێکی هەبوو بە نرخێکی هەرزانی دەدا و دەیفرۆشت و دەچوو تا لەمەشهەد یا لە شارێکی دیکەی ئێرانێ نیشتەجێ بێ. شتێکی روون و ئاشکرایە، لەو جۆرە کات و شوێنانەدا، کەکاری نەسروڵڵا کۆڵکێشییە، ئیشەکەی چەند بەرەو پێش دەچێ و دەسکەوتی رۆژانەی چەند هەڵدەکشێ.

شەوانە کە نەسروڵڵا لە ئیشێ دەبۆوە لە چایخانەکەی هەراتێ دەستی دەکرد بەسەرزەنشت کردنی هاوشارییەکانی. گاڵتەی پێ دەهات. بەلای وییەوە ئەوەی بەر و ماڵ و خانوو بەرەو دارایی خۆی بە دوای خەیاڵێکی پووچدا لە دەستدەدا و ماندوو وشەکەتی و رەنجی دوا رۆژەکانی تەمەنیان بەلاوە شتێکی ئاسان بوو، هەموویان شێت بوون! هەموو جێیەک هەر سەرزەمینی خوای نییە؟

جیاوازی نێوان هەرات و مەشهەدێ چییە؟ نەسروڵڵا لە هەموو شتێ زیاتر سەری لەوەی سوڕمابوو کە ئەو شێتانە هەموو بە ڕەزامەندی و ئارەزووی دڵی خۆیانەوە دەڕۆن،

ئەدی بۆ وا دوو دڵ و دڵگیر و پەشیمانیشن لە ڕۆینێ؟ خۆ کەس ناچاری نەکردوون!

باشە ئەگەر ئەو بەر و ماڵانەیان خۆشدەوێن ئەدی (ئەوانە) بۆ بەجێدێڵن.

ئاشنا و ڕۆشنای نەسروڵڵا و پیرانی هەراتێ هەر چەندیان دەکرد تێی بگەیەنن کە مرۆڤ هەمیشە هەر چاوی لە دووی نیشتمان و جێ نیشتەنی و زێدی لە دایکبوونی خۆیەتی و نابێ هەروا بە ئاسانی لێی داببڕێ ئەو نەدەچووە گوێی. وەک هەر لەو شتەی نەگات و نەگات، بۆیە هەر لەسەر سێ جار بیستەی خۆی بوو.

ڕۆژێک یەک لە (خان)ەکانی هەراتێ نەسروڵڵای بانگ کرد و پێی گوت:

"نەسروڵڵا تۆ ئەوا تازە پیر و کەنەفت بوویت و هێزی کارێت نەماوە، منیش دەمەوێ لە هەراتێ بڕۆم و ئەو باغەی لە دەوری شاریم هەیە بێ خاوەن دەمێنێتەوە، ئێستاش کە زۆربەی زۆری خەڵکی ماڵ و حاڵی خۆیان فرۆشتووە و ڕۆیون باغەکە کڕیاری نییە.

ئەو باغەی بە تۆ دەسپێرم تا بزانین خوا چ دەکا. جارێ تۆ چاوێکت لە باغەکەوە بێت و لەو زەوییانەی دەور و بەریشی پارووە نانێکی بۆخۆت لێ بخۆ. هەر لەوێش بمێنەوە، تا دەشمری



هێندە وا بە ناچاری بە دوای پارووە نانێکی ڕۆژانەدا بێر و بەوێدا ناچی"

نەسروڵڵا وردە  وردە هەستی پیریەی لە خۆیدا دەکرد. ئەوەی لە خودای دەویست کە ئاوڕێکی وای لێبدەنەوە. هەر خێرا بڕوبزگوڕ و پڕێسکە و پاتاڵی تاودانێ و بەرەوباغی دەری شاری هەلینگی دا.

ڕۆژانە وەک خووی جارانی زوو لە خەوێ هەڵدەستا. زۆرینەی کاتەکانی خۆی دەگەڵ گوڵ گوڵ و دار و درەختەکانی باغەکەیدا بەسەر دەبرد. کە ماندووش دەبوو لە سەر لێواری جۆگەلە ئاوەکەی نێوباغی دادەنیشت و دەبیر و خەیاڵانەوە دەچوو. تا دەهات شتی تازەی دەدیت.

ڕۆژێکیان لە پڕ بە خەیاڵیدا هات کە ئەو وردە زیخ و چەوانەی ناو جۆگەکە دەڵێی خانووچکەیان بۆ خۆیان دروستکردوون. هەمیشە دەگەڵ هێزی ئاوەکەدا لەبەریەکدان و بەربەرەکانێیانە.

وەک ئەوەی ئاوەکە بیەوێ لە ماڵە خۆیانیان وەدەرنێ، بەڵام ئەوان نەڕۆن. سەرەنجام ئاوەکە ڕایاندەماڵێ و لە جێی خۆیانیان هەڵدەکەنێ و بەرەو خوار تریان دەبات، بەڵام ئەوان دیسانەوە هەر چنگەچڕێیانە، خۆیان لە چنگو نینۆکی دوژمنی داگیرکەر ڕزگارکەن، بەدەوری خۆیاندا دەسووڕێنەوە و خول دەدەن وەک هەمیشە بە حەسرەتەوە لە دواوەی خۆیانەوە دەڕوانن و بە تاسەوە ئاوڕ لە ماڵ و حاڵەکانیان دەدەنەوەو سەیریان دەکەن.

سەرنجام ڕۆژێک ئینگلیزەکان هەراتیان گرت.

دەستیان بەسەر زەوی و زاری ئەوانەی ڕۆیشتبوون داگرت و لەوانە باغی (خان) یش. نەسروڵڵا ناچار بوو بەخۆشی و بە ناخۆشی لێی بچێتە دەرێ. تازە ئیدی ئەو باغە پێویستی بە پاسەوانێکی وەک ئەو پیرە مێردەی (دەهخارقانی) نەدەکرد!

سەرئەنجام نەسروڵڵا باغی خانی بەجێهێشت، بەڵام هەموو ڕۆژێ جارێکی دەهاتەوە بەردەرکێ باغی و بەحەسرەتەوە لە درزی دەرکێیرا تەماشایەکی نێو باغی دەکردەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ، هەر ئەو نەسروڵڵا بێ بەند و بار و بێ خانومانە دڵی نەدەهات لەو حەسار و دەور و بەرەی دوور کەوێتەوە. هەرکاتێ دیمەنی دار و بار و گوڵ و گوڵزاری باغەکەی وەبیر دەهاتەوە بێ ئیختیار دەستی دەکرد بەگریان و جنێودانی خاوەنە تازەکانیان. چوون کەسیش نەبوو بەخێوی کات و وەخۆی بگرێ ناچاربوو سەر لە نوێ مل لەبەر کۆڵکێشیە بنێتەوە، بەڵام خۆ ئەو کۆڵکێشیەی ئێستا کۆڵکێشیەکەی دوومانگ لە مەوپێشی نەبوو. ئەو نەسروڵڵا بێ بەند و بارەی کە ئاشنا و ڕۆشنایەتی و دۆست و دوژمنایەتی کەسی دەدڵیدا نەبوو خۆی لەکەس نە دەگەیاند ئێستا هەر کاتێ کە ناچاری هەڵگرتنی کۆڵ و باری تازە هاتوویێکی دەبێ- مەبەستی ئینگلیزەکانە- وەرگێڕ- بە ڕق و کینەوە بە کۆڵێی دادەدا و جارجارەش وا ڕێک دەکەوت کە دەنیوەی ڕێیەدا شتێک ختووکەی بدا و کۆڵەکەی دانێ و نەیبا، زۆر جارانیشی بەمێشکی دادەهات هەمووان بە عەردی دادا و بیانشکێنێ!

هەموو دوژمنایەتییەکەی ئەوەبوو دەگەڵ ئەو خاوەن شتومەکانە کە ئەویان لە باغە خۆشەویست و نازەنینەکەی وەدەر نابوو!



ڕۆژێکی دەرپێیەدا خەیاڵی جۆگەی ناو باغی خان و ئەو وردە زیخ و چەوە گیرۆدانەی بەچنگ و نینۆکی ئاوەکەی بەمێشکی داهاتنەوە.

وەبیری هاتەوە کە چۆن ئەو وردە بەردانە یەک بەدوای یەکدا پێیان چەقاندبوو نەیاندەویست لە جێی خۆیان هەڵکەندرێن و ڕامالدرێن و وەدەرنرێن و بڕۆن!

بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە ئیدی کەس نەسروڵڵای لە شاری هەراتێ نەدیتەوە و دوو مانگ دواتر ئەو کەسانەی لەسەردەمی لاوەتییە ئەویان لە (دەهخارقمان) دیتبوو، پیرمێردێکی گۆچان بەدەستی تۆزاوی و کۆڵەبارێک بەپشتەوە خۆی بەسەر گۆچانەکەی دادابوو لە ماڵێ ڕەجەب عەلی باوکی نەسروڵڵای دەپرسی.

---

سەرچاوە: دریای گوهر- کۆکردنەوە و بە چاپ گەیاندنی: د. مهدی، چاپ هفتم.

## "دەهۆی سیاسی"

**نووسینی/ یوسف اعتصام الملک**

کۆمەڵێک لە ژووری چاوەڕوانییە دانیشتبوون.

پیاوێکی لاوازەی، پشت کووڕی، سەر وڕیش ئاڵۆزی، تۆزاوی، کە سەر و سەکوتێکی سیس و ژاکا وو پەرێشانی هەبوو لە نێو ئەو ئاپۆرەیەدا دەبینرا؛ هەر دەتگوت ئەوە تازە لەبەرەی شەڕ و پێکدادانێڕا هاتۆتەوە.

بەردەستەکە هاتە ژوورێ و گوتی:

– کاک "ئاشتی" فەرموون سەرەتانە.

کابرای ناوبراو هەستا و چوو لە بەرامبەر دکتۆری لەسەر کورسییەکی دانیشت. دکتۆر بە چاوێکی زۆر وردبینانەوە تێی هەڵڕوانی و لێی پرسی چتانە؟

نەخۆشەکە چەند جارێکی سەر بادان و گوتی:

– حاڵم باش نییە، خەونی ناخۆش دەبینم، هەموو چرکەیەک وەک ئەوەی وایە یەکێک بانگم کا و بە هەموو هێز و توانا و دەنگی خۆیەوە بقیژێنێ:

– ئاشتی! ئاشتی! ئەوە تۆ لەکوێی ئێمە هەموومان تاسەی دیداری تۆمانە! بەو دەنگەی هەموو دەمارەکانی مێشک و لەشم گرژ دەبن و وەلەرزە دێن، و دەڵێم:



– کێ ئیشی بە منە؟

چەند دەنگێکی ئاوقای یەک، وەڵام دەدەنەوە:

– ئێمە هەموومان دەمانەوێ بتبینین و چاومان پێت کەوێ، خێراکە و دوامەکەوە!

دەو دەمانەدا چەند کەسێکی جیاواز بە قەد و قەوارە و سەر و سیمای جۆرا و جۆری ئەوتۆوە دەبینم وەک لەمەو پێشیش ناسیبمن، دێنە ژوورێ، دەپرسم:

– ئێوە کێن؟.

بەرپرسیارەکەی من هەموو تێکڕا ڕەنگ و رواژای سەر و چاویان دەگۆڕێ و دێنە وەڵام:

– من سربیم، من نەمساویم، من ئەڵمانیم، من بولگاریم، من یۆنانیم، من ئینگلیزیم، من فەرانسەویم، من عوسمانیم، من ئیتاڵیم!

قسەیان پێ دەبڕم و دووبارە دەپرسمەوە:

– زۆر چاکە، باشە چتان لە من دەوێ؟

– تەنیا هەر تۆمان گەرەکە.

– ئەوە منم دەفەرموون مەبەستەکانتان بڵێن.

هەموو تێم هەڵدەڕوانن و هاوار دەکەن: کوای؟ خۆ ناتبینین!

– ئەوە نییە لێرە بە تەکتانەوەم.

هەموو دەگەڵ یەک دەکەونەوە فسکە فسک و بە ئاماژەی چاو و برۆ و هێنان و بردنێ لچ و لێوانەوە شتێکی پێکتر دەڵێن و هات و هاوارەکەی دەست پێدەکەنەوە:ـ

ئاشتی! ئاشتی!

لەو فێڵ و دەهۆ و تەڵەکەبازییەی وەتەنگ دێم و هەنگاوێکی بەرە و لای وانەوە هەڵدێنم و دەڵێم:

– ئەها ئەە، ئەوە هاتم!

هەرکە هەنگاوی چوونە پێشی منیان دیت ئیدی ئەوان چەندین هەنگاو بۆ دواوە دەکشێنەوە.. لێرەدا من ئارامم نامێنێ و ئۆقرەم لێهەڵدەگیرێ، وەدووی ئەو ئارە زوو مەند و بە تاسانەوەی خۆم دەکەوم و سەریان لە دوو دەنێم، بەڵام ئەوان لە من خێراتر رادەکەن و لە چاوان ون دەبن.... ئەمنیش ماندوو و مردوو دەگەڕێمەوە ماڵێ، هەر کە گەیشتمەوە دەبینم بێ ئینسافانە ئەوە هەموو لەوێ ئاپۆرەیان داوەتەوە! و سەر بێرە و بەوێدا دەکەن و لە کەلێن و قوژبنان دەگەڕێن و بە دەنگێکی کز و مات و نائومێدانەوە دەڵێن:

– ئەو (ئاشتی) یە ئازیز و خۆشەویستەی مە چی لێهات؟ چووە کوێ؟

هەرچەندە هاوار دەکەم "ئەوەتام لێرە" دەلێی هەر هەموویان کەڕن و گوێیان لە دەنگم نییە! بە دەور و خولمدا دێن و دەچن و واز لە بەزمی خۆشیان ناهێنن. جاری وایە لە خۆم دەپرسم "ئەرێ نووستووم؟ بە ئاگام؟" ناچار خۆم بەسەر کورسییەکی دا دەدەم و دەکەومە تەماشا کردنێ ئەوگاڵتە و گەپە و ئەو سەیر و سوعبەتەی.

دەو دەمانەدا، بە زمانێکی لووس و لێک و روون و رەوان ئەوە باس هەر باسی گونجان و جوانی و شۆخی و لەباری منیانە و ئاخ



و داخ و غەم و ئەفسوسی بێ توانایی و لێنەهاتوویی و بوودەڵەیی خۆیان هەڵدەکێشن و دەخۆنەوە! یەکێکیان دەڵێ:

– ماوەیەک پێش ئێستا دیتم... ئێستا نازانم داخوا چۆنە؟

– ئەوکاتەی دیتم تابڵێی زۆر چاک و رێک و پێک و بێوەی بوو. بەداخەوە کە ئێستا لەدیتنی رووی گەش و رووناک و پاک و بێگەردی بێبەشین.

– خوا بکا هەر جارێکی دیکەمان چاو بەدیداری بکەوێتەوە!

– باشە ئەگەر ئەو حەز و تاسە و ئارەزووانە هەموو راستن ئەدی بۆ نەیدۆزینەوە؟

دکتۆر گیان، لە دیتنی ئەوان دیمەنانە و بیستنی ئەوان قسانە جاڕس بوو وم. ئەوە مانگێکە هەموو رۆژێ ئەوە دەردمە. کاتێ کە لەبەر دەمیانم ناتوانن یا نایانەوێ. بمبینن، کەچی هەمیشەش هەر بە دوا مەوەن و لێرە و لەوێ بەدوامدا دەگەڕێن. وەرە و مەردی خوای بە لەچنگ و نینۆکی ئەو دەرد و نەخۆشیەم بێننە دەرێ و رزگارم کەن. دکتۆر بە تەواوی سەرنج و تێڕامانی وردەوە و زۆر لەسەر خۆ گوێی بۆ قسەکانی نەخۆشەکە شلکرد و گوتی:

– لەکوێ دەژیەیت؟

لە ئەرووپا.

– دەمێکە لەوێی؟

– زۆر نییە...

– ئەوە نەخۆشی (سەرسامی سیاسی) یە، ئاو و هەوای ئەورووپات پێناکەوێ.

ئەوانەی کە تۆیان بانگ کردووە و خۆشیان بە تۆ ناساندووە، ئەوانە هەموو فێڵباز و تەڵەکە بازی چاپووک و زیتەڵە و وریان کە بە جۆرەها فێڵ و دەهۆ و دەسیسەوتەڵەکەبازی خەڵکی هەڵدەخەڵەتێنن و لە خشتەی دەبەن و دەیانەوێ لەو ڕێیەوە بە مەبەست و مەرامی ناپەسەند و نارەوای خۆیان بگەن تا خوا حەزکا ئەو میکرۆبانە خەتەر و ترسناکن.

تەنیا چارەی تۆ ئەوەیە کە لە تەواوی پانتایی ئەورووپا دوور کەویەوە و بڕۆی،

جارێکی دی ئەو زگ برسی و چاوچنۆکانە نەبینییەوە و ئەگەر بۆشت دەکرێ لە بەریان هەڵی بۆ وڵاتێکی دی.

---

لە کتێبی/ دریای گوهر... کۆکۆدنەوەی.. د. مهدی حمیدی.. چاپ هفتم- ەوە کراوە بەکوردی

**۲۰۰۱/۲/۲۷**

**دارەتوو**

## "پشووی هەفتانە"

**نووسینی/ شەمسی ئاڵ ئەحمەد**

یەک دوو ساڵی هەوەڵی سەرەتای ئۆتومبێل داریەمان، بیتاقەیەکمان بۆ دەرچوو بوو.

هێشتا یەک دوو رۆژێکی دەما بۆ پشوودانێ هەفتانەی، بەشێوەیەکی وا کە من نەزانم، داکێ منداڵانم لێدەچۆوە پێستی منداڵان. بۆ خۆی هەموو رۆژە پشووەکانی دەزانین، هەرکە منداڵەکان دەچوونە قوتابخانە ئەو دەکەوتە گیانم. ئەوە منداڵەکان و کارەکەرەکەشمان لەولای راوەستن، ئەوان بەرنامە و ئەویش پشووی خۆی هەبوو، جا رێکەوتی هەر رۆژێکی هەفتەی کردبایە ئەوە سێ چوار رۆژی لێدەدان و دەرۆیشت و منداڵەکانی بەر هەڵدا دەکردن.

دەودەموساتانەدا چەند رۆژێکان پێشتر و بە نەخشە و پلانێکی زۆر وردەوە داکێ منداڵان دەستبەکار دەبوو.

دەپێشدا کیژۆڵە کەمانی دێنایە مەیدانێ. کچەکە منداڵی گەورەمان بوو. لەسەر قاوە ڵتیە بەیانی دەهاتە تەکمەوە وەک پشیلۆکەی خۆی تێهەڵدەسویم و دەیپرسی:

– دایەش دەبەینە سەفەرێ؟



بە پێ و شوێنی خێزانم کەس خۆی لە من نەدەگەیاند و کاریان بە من نەبوو. داکێ منداڵان ویست و ئارەزووەکانی خۆی بە شێوەیەک دەردەبڕین کەمن وا تێبگەیەنێ ئەو شتانەی ئەو دەیهەوێن ئەوە بڕیاری خۆمە و من لە بیرم چوونەتەوە. بە پرسیاری کچۆڵەکەم تێکڕا دەبووم. بۆ ئەوەی لێشم وەدەر نەکەوێ، دە دڵی خۆمدا دەمگوت:

– بابە سڵاو!

چاوەڕێ دەما تا دەستی دەگەردنێ وەردێنم و ماچی دەکەم.

چێشتە خۆشکەم دەکرد و ئەوجا دەولاولای خۆمم دەڕوانی تا داکی وەبینم وبیکەمە هەرا:

– دڵت داکەوت ژنێ؟ ئەوە لە باتیان بەو گەردی بەیانییە فێرە سڵاو و بەیانی باشیان کەی!

ژنە تیوە دەرسی چاک لەبەربوو. قەت لە جێیەکی نە دەنووست ئاوی بێتە بنێ.

دەیزانی بەیانیان زوو هەر لەخۆڕا مرچ و مۆنم و چاوەڕێی بیانووێکم تا بەبێ ناشتا لە ماڵێ دەرپەڕم. رێی بیانووانی لێدەگرتم، خۆی دێنا و دەبرد و سەری خۆی بە ئیشی نێو ماڵێوە قاڵ دەکرد و ئەوجا نەفەری دووەمی دە ناردە مەیدانێ. نەفەری دووەمیش کوڕە چووکەڵە کەمان بوو. تەمەنی سێ ساڵان بوو هێشتا فێرە قسان نەببوو. داکێ منداڵان دەیزانی کە ئەو بکاتە قەلغان شەڕ و هەرا ناقەومێ، بۆیە ئەویش بەو پەڕی شیرن زمانیەوەی و بەزەردەخەنەی سەر لێوە ئارام بەخشەکانیەوە دەهاتە پێشێ و دەیگوت:

- بابە سەیام!

هەرکە وەڵامم دەدایەوە دەیپرسی:

- پێت خۆسە ماسێکت کەم؟

هەمیشە حەزم لێبوو و بەئاواتەوەش بووم. بەڵام ئەو هێشتا ماچکردنی نەدەزانی و فێری نەببوو.

رووم لێ دەبردە پێشێ ماچیکەم. دەستە خەپە تۆڵەکانی بە روومەتمەوە دەنا:

- لا وەستە.

سمێڵە چڕ و پڕە زبرەکانمی بەلاوە دەنان و ئەوجا دیگوت:

- ئێستا ماسم کە.

روومەتی بە دەمیەوە دەنام. کە لەماچەکەی دەبوومەوە، دەرفەتی ئەوەی نەدەدام مرچ و مۆنیەکەی تاوێک لەوە و پێشم بیربچێتەوە. لەوەڵامی خۆشکەکەیدا پێیدە گوت:

- بابە دەیەوێ بمانباتە سەفەلێ!

کوڕەکە بەدەم داگرتنی لەسەر وشەی "من"ە کەوە دیگوت:

- بابە "من" یس دەبەیە جایوس!

دوایە دەیویست بن زمانم تاقیکاتەوە:

- بابە ئەمیس بێمە جایوس؟

ئەوە چالوس هیچ. ئەگەر بەو پێودانگەی تا پەترپێۆتێش نەچم چاکە.

بەختم هەبوو کە هەر دەبوو تا چالوسێ بچین. ئەدی ئەگەر خاڵی داکێ منداڵان لە زاهیدان بایە، چم دەگوت؟



کە بەرنامەکە بە ئاکام گەیشت و ئاشکرا بوو و بڵاوبۆوە، داکێ منداڵان بەو سەرکەوتنەی وەک گوڵێ گەشایەوە.

دەستوبرد خۆی گەیاندمێ تا منداڵەکانی بێزار و نارەحەتم نەکەن! کە چایەکەی لەبەر دەمی دانام، لە منداڵەکانی پرسی:

خۆ بابەتان نارەحەت نەکردووە!

لە وەڵامی منیشدا کەلێم پرسیبوو:

- بڕیارە بچییە چالوس؟

بەبێ ئەوەی بە سەرەخۆی بێنێ، خۆی لە گێلییەدا و بە ماتییەکەوە گوتی:

- جاکوا، خۆزیا...

کەکوڕەکە شمان هاتە ناو قسەکانی دایکیەوە و بە منی گوت:

- بابەش دێتە جایوس!

داکێ منداڵان گورجێک قسەکەی قۆزتەوە:

- بەڵام خۆ منداڵەکان جلیشیان نییە!

وەی خوایە لەوژنە نازدار و نازەنینەی داکێ منداڵان. ئیدی خۆ لەوەش گەیشتبووم و شارەزای هێندێش ببووم کە نابێ هەروا بەخاوی و نەزانییەوە بەرپەرچی داکێ منداڵان بدەمەوە. دەنا بەبێ شەرمانەوە زۆر چەقاوەسووانە دە دەستی دەنام کە:

- جا ئە من بڵێم چی. تۆ بۆ خۆت حەزت لەسەفەرێیە دەنا ناوی سەفەرێت وەبەرگوێی منداڵان نەدەدا.

تازە لەدەستم دەرچوو بوو. دەبوایە هەر لەو رۆژەیڕا ئیدی وەدوای وەرگرتنی مۆڵەتێ کەوم و پارەی جل و بەرگ و دەستودیارییە پەیداکەم. ئیدی لێرەوە هیچ شتێک پەیوەندی بە داکێ

منداڵانەوە نەبوو. ئەوە دەمێک بوو هەر بە تاقیکردنەوەی خۆم را دەزانی. ئێ باشە بەداکێ منداڵان چی من پارە چۆن و لەکوێ پەیدا دەکەم. ئەو پێیوابوو نابێ قەت دەست دەکاروباری منەوە وەردا. دەیویسست سەربەست بم. خۆ ئەگەر چەندین جاریشی بەر و باخەڵ هەڵتەکاندووم و پەڕەکاغەزەکانی گیرفانێی پەرت و بڵاو کردوومەوە، خوانە خواستە مەبەستێکی خراپی نەبووە. هەر بۆیەیان تێگەڕاوە تا جلەکان بنێرێتە شوشتنێ، یا هەر بۆ هێندێ دەیەوێ تەواو دڵنیا بێت کە من بە تەواوەتی لە کاروبارو دار و نەدارمدا سەربە خۆ و تەواو سەربەست بم.

* * *

مێردی پووری خێزانیشم ئەوە هەر مەپرسە چ پیاوێکی بە داووناو و بەجێ و رێیە. قازانی بە چل مێردان پڕ نابێ. هێندە دەگەڵ من روو خۆش و میهرەبانە هەر مەپرسە. ئەوەش لەبەر هێندێ نا کە پێم گوتبوو:

– بە سەد وەزیران یەکی وەک تۆیان تێنابێ.

بەڵکە لەبەر ئەوەی بوو کە منی بە پیاوێکی تەواو تێگەیشتوو دادەنا کە زۆرم سەر لە شتان دەردەچێ. لە خزمایەتیەشدا هەر منی بە هاو دەردی خۆی دەزانی. بەڵام واشی بەباش دەزانی کە لەلای خێزانەکەی خۆ لە وشەی "هاو دەرد" بپارێزێ. بۆیە زۆر جاران کە خێرانەکەی لەوێ بایە بە خوازەوە وشەیەکی دیکەی بەکار دەهێنا و بانگی دەکردم:

– هاوڕێش:



میردی پووری خێزانم، ئەندازیار، و لە من بەخۆژیتربوو. رۆژێ دووجارانی ریش دەتاشی و دەگەڵ ئەوەشدا هەر بانگی دەکردم:

– هاوڕیش!

هێندەی ددان بە بەشی دووەمی وشەکەدا دێنا، کە خێزانەکەی هەستێکی کردبوو، بۆیە ئەویش بە ناڕەزاییەوە دەیگوت:

– ئەوە ریشتان دە بەرکی کێدا بووە پێکەوە؟

مێردی پووریش وەڵامەکەی بە دزەنیگایەکەوە دەگوێستەوە چاوەکانی من و منیش بە جۆرێک کە کەس نەزانێ لاسمێڵێکم لێ بادەدا. پووری خێزانیشم کە هەمیشە هەر ئەو پرسیارەی دەکرد:

– ئەوە ئەو سمێڵانەت بۆچن ئاوات بەرداونەوە؟

وەڵامم دەدایەوە:

– ئەدی عەرزم نەکردن کار و باری ئەو زەمانەی بەبێ سمێڵ ناڕوا؟

خوشکەزا و پوور پێکەوە هەر دەتگوت ئاشقە و ماشقەن. قسەیان تا رۆژی قیامەتێ نەدەبڕان.

کلکیان لێک گرێدابوو پێکەوە مەشقی ئوتومبێل لێخوڕینێ بکەن. دەیانزانی ئەمن و ئەندازیاریش بە رووان تەنکین و لە رووان دادەمێنین و قسان ناکەین. کاتێ کە دەچووینە چالوس، دەرگای ئوتومبێلەکەی بەرێوەبەرایەتیان قوڕ دادەدا، تا "بەکار هێنانی تایبەتی قەدەغەیە" کەی وەشێرن و دیار نەبێ. ئەوجا دەستیان دەکرد بە مەشق کردنێ.

ئەو ئاپارتمانەی تێیدا دەژیاین، قەفەزێکی مەیلە و گەورە بوو کە داکێ منداڵان کردبوویە مۆزەخانەیەکی وەک مۆزەخانەی لۆڤەر و

هەر بۆخۆشی بەڕێوەی دەبرد. دەر و دراوسێش یەک "نابێ نامە" یان رێک خستبوو  چاپیشیان کردبوو کە ئێمەش بۆ خۆ شمان چەند بڕگەیەکی دیکەمان لێ زیاد کردبوو.

منداڵی ناو ئاپارتمانەکە هەموو بڕگەکانی ئەو "نابێ نامە" یەیان وەک ئاوێ لەبەر بوو. دەیانزانی کە نابێ راکەن، نابێ دەست بۆ هیچ شتێک بەرن، نابێ قاو و قێژێ بکەن. نابێ شەڕە ئاوێ بکەن، نابێ تۆپ تۆپێنێ بکەن، نابێ سواری دووچەرخەی بن و سەرت نەیەشێنم نابێ منداڵ بن. هەر بەو پێیەش تا گەیشتینە بەر کونەکەی تونێلی کەندووان. ئۆتومبێلمان دەکوژاندەوە و دادەبەزین. منداڵەکان وەک لە قەفەزێ بەرهەڵدا بووبن دەستیان دەکرد بەگەمە و یاری و هەڵبەز و دابەز و راکە راکە. هەموو جارێ هەروا دەبایە چارەکێک بیست دەقیقە لە دەرکی تونێلێ چاوەڕێ بین تا نۆرەی رۆینێمان دەهات. تونێلی کەندووان یەک سەرە بوو. لەو دەور و بەرەش ئەگەر بەفریش نەمابایە کار و بەرخۆلە و سەی شوانان بایی دڵخۆشییە منداڵان هەر دەبوو سەری خۆیانیان پێوە قاڵ کەن.

جارێکیان کوڕەکەمان لەبەر دەمی کونی تونێلێرا بانگی خوشکەکەی کرد:

– ئاهوو و!

تونێڵ لە جیاتی کچەی کە گوێی لەو بانگکردنەی نەبوو گوتی:

– هوو و

منداڵەکان رووبەڕووی ئەزموونێکی تازە بوونەوە. ئەوجا هەر دووکیان پێکەوە لە تەنیشت یەکتری و لەبەردەمی کونی تونێلێ راوەستان و پێکەوە یەک بەخۆیان هاواریان کرد:



– ئاهوو! ئاهوو و!

لە وەڵامی واندا تونێل یەک بەخۆ گوتیەوە:

– هوو! هوو و!

گەمەی ئەو رۆژەی منداڵان بووە ئەوە. ئەوەی دەیانناسی ناوەکەیان دەگەڕووی تونێلێ دەکرد. بەڵام تونێل، هەر راست وەک منداڵە وردەکان تەنیا هەریەک وشە فێر ببوو بەدوا واندا دەیگوتەوە:

– هوو! هوو و

ئەو رۆژە کە کە گلۆپی سەوزی تونێلەکە هەڵبوو رێی رۆینێی دا، سوار بووینەوە. کە لەکونی ئەو سەری تونێلێ هاتینەوە دەرێ، ئەوجا منداڵ دەستیان کرد بە پرسیاران لە دایکیان. کچۆڵەکەمان پرسی:

– تونێل بۆ دەڵێ: ئاهوو و؟

دایکیان دە وەڵامی واندا گوتی:

ئەوە دەنگدانەوەیە. وەڵامەکە راست و بەجێ بوو. بەڵام منداڵان بۆ چوونی خۆیان هەیە.

وەک دڵیان ئاوی نەخوارد بێتەوە پرسیان ئەدی:

– تونێل بۆ دەڵێ، هوو هوو؟

داکێ منداڵان خۆی کەناردا. و منداڵەکانی دەسەر و پۆتەڵاکی من بەردا کە:

– بڕۆن لە بابتان بپرسن.

ئەمن ئەوە دەبیرو خەیاڵانرا چوو وم، داخوا چۆن ناو چۆن و بە چ زمانێکیان وەڵام بدەمەوە.

کچۆڵەکەمان هەڵیدایە و پرسی:

- بابە تونێل دەڵێ چی؟

دە تابیستساڵ دەبوو دەرسی پیتۆڵ "فەلسەفە"ی ئەرەستۆم بە منداڵانی خەڵکی دەگوتەوە. ئەو لۆژیکەی ئەرەستۆشم پێ لۆژیکێکی منداڵانە بوو. بۆیە بە پشتیوانییە وی گوتم:

- تونێل دەڵێ: هوو هوو

دوایی بە چەنە لێدان و هەڵەت و پەڵەتێکەوە درێژەم دایە:

- ئێمە بە منداڵی، تونێلمان نە دیبوو. وێنەی پردی (ورسک) و تونێلێکیان لە کتێبەکانی قوتابخانە دابوون. لێشیان نووسیبوو تونێلی کەندووان یەکێکە لەشاکارە دەستکردەکانی رێ و بانی جیهان. پێش ئەوەش تونێلی لێدەن، خەڵکی بەسەر لوتکەی چیایدا هاتوچۆیان دەکرد. کە ئەو لوتکانەش یا بەفر گرتبوونی، یا سەرما... کچۆڵەکەمان لە پشت سەرمەوە راوەستابوو. وێنەکەیم دە ئاوێنەکەی بەردەممدا دیت. دەمویست پێی بڵێم:

- ئاهوو گیان دانیشە با دواوە ببینم.

دیتم هەروا ئەبڵەق راوەستاوە داخوا ئە من چ دەڵێم. ئەوەی لە من نەدیبوو کە وەک دایکی هێندە چەنەی لێدەم. کتوپڕ هاتمەوە سەر خۆم و تێگەیشتم کە منداڵەکانم گێژو وێژ کردوون.

باشە خۆ ئەوانە نەمانای "شاکار" و نە مانای "ورسک" و نەمانای زۆرشتی دی دەزانن. کتێبی خوێندنێ کچەکەمم دیبوو. هیچ یەک لەو موجیزاتانەی زەمان و سەردەمی منداڵیە مەیان تێدا نەبوو. کێتبی وان موجیزاتی سەردەمی خۆیانیان تێدا بوو.



وەبیرم هاتەوە کە هەر کتێبە و شتی سەردەمی خۆی تێدایە و هەریەکەیان چیرۆکی سەردەمی خۆی دەگێڕێتەوە و باسی کەلاوە وێرانەکانی پاشماوەی کۆنی (رەی) کە دەکەونە دەرەوەی شاری تارانێ دەکەن. بە ناچاری لەکچۆڵەکەمم پرسی:

- ئاهوو گیان تۆچت بە تونێڵەکە گوت؟

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

- بۆ خۆی دەیدوت ئاهوو.

من پرسیم:

- باشە تونێلەکە چی دەگوت؟

منداڵەکان هەموو پێکەوە گوتیان:

- تونێل دەیگوت: هوو هوو.

من فێڵم لێکردن. هەر پرسیارەکەی ئەوم کردەوە. بەڵام ئەحمەد بە پەلە گوتی:

- دایە دەڵێ ئەوە: دەنگدانەوەیە.

ئاهو و دایکی پێکەنین. ئاهوو گوتی:

- من نازانم تۆنێل بۆ دەڵێ: هوو هوو.

دەو دەمەیدا من گوتم:

- کاتێ تونێل دەڵێ هوو هوو، ئەوە دەگریە.

من لە دەمم دەرچوو. بەڵام منداڵەکان دەیانەویست بزانن تونێل بۆ دەگری. ئەوجا بۆ خۆشم تێمام. تاقەت و وازی قسانم نەبوو. منداڵەکانم وێڵ کردن و گوتم:

- ئەوەی لە بابە گەورەی بپرسن. ئەو دەزانێ

بابە گەورە لە سەردەمی لاوەتییەیدا فەرمانبەری دایەرەی رێ و بان بووە. ساڵەهای ساڵ وەک سەی پێ سووتاو هەر بەکێو و بیابانانەوە بووە. یان لەگەرمان ئارەقەی دەرداوە و یان لە سەرمان هەڵ لەرزیوە. زۆر جارانیشی ئاگاله گیاندان و تێداچوونی کرێکارانی رێ و بانان بووە. بە درێژایی رێی سەفەرێشمان سەری منداڵەکانمان بەو شتانەوە قاڵ کرد. کە هاتیشینەوە، منداڵ کەوتنە شوێن بابە گەورە و پرسیان:

– بابە مەحمود تونێل بۆ دەگریە؟

– بابە مەحمود، بابە گەورەی منداڵان، وەک هەر پیرێکی دی، پێش ئەوەی بۆ خۆی ببێتە بەشێکی ئەفسانان ببووە ئەفسانەگۆ. بەمنداڵەکانی گوت:

– تونێل بۆ خۆی ناگریە. کاتێک خەریک بوون تونێلیان لێدەدان. کرێکارەکان بەکۆمەڵ کۆمەڵ هەرەسی رووخانی چیا و بەرد و خاک و خۆڵیان بەسەردا دەهات و بن دەکەوتن. زۆر جاران کە تاشە بەردەکان دەخزین و بەسەر سەری ئەو کرێکارە بێ دەرەتانانەدا دەهاتن و دەبووە شین و گابۆڕ و گریان و لەخۆدان، ئەو گریان و هاتوهاوار و زریکە و لە خۆ دانانەش هەمووی دەبوونە هەنیسک و دەگەرووی ئەو کێو و تونێلەیدا گیر دەبوو و دەمایەوە. بۆیە ئێستاش کە منداڵێک لەبەردەمی کونی تونێلێوە هاوارکا، ئاهوو! تونێلەکە پێیوایە ئەوە منداڵەکانی ئەو کرێکارانەن و هاتوون بۆ بابیان بگرین. بۆیە تونێلیش کوڵی هەڵدەستێ و بەدەم گریانێوە دەڵێ:

ئوهوو ئوهوو.



وەڵامی بابە گەورەی هێندە بە دڵی منداڵان بوو کە ئاهوو وئەحمەد پێیان وابوو تونێل میهرەبانترین دۆست و ئاواڵی وانە. هەر بۆیەش منداڵەکانمان شەیدای "جایوس" و "تەندووان" بوون. داکێ منداڵانیش ئەوەی کردبووە بیانوو ساڵی چەند جارێکانی پێ دە لینگە کەوشێکی دەنان و چالوس خۆت بگرە هاتم.

بە ناخێری گیانمان ئێمەش ئوتومبێلمان هەیە؟

---

سەرچاوە: کتێبی عقیقە/ مجموعە داستان/ شمس ال احمد/ انتشارات آبان.

"**پاچ**"

**نووسینی/ عەلی ئەشرەفی دەروێشیان**

کاک حاجی لە ناوەڕاستی ژوورێ دانیشتبوو. پەڕەکانی کتێبی چل کلیلەی هەڵدەدانەوە و لە پەنجەرەشڕا چاودێری ئەو کرێکارەی دەکر کە بەیانی ئەو رۆژە هێنابووی. کرێکارەکە گڵ و خۆڵی بن ئەو دیوارەی چەند مانگێک لە مەوپێش، لە خانوو دروستکردنێ مابۆوە، بە خاکەناز دەیکردە ستڵەوە و لەحەسارێ دەیبردە دەرێ.

کاک حاجی کتێبەکەی داخست. ریشە کورتەکەی خوراند کڵۆ نەباتێکی موتفەڕکی هاویشتە زاری. لە ژێر لێوەوە نزایەکی خوێند و چووە حەسارێ.

هەر کرێکار هەستی پێی هاتە بەرگوێ دەنگی لە خاکەنازی هەستاند. گڵ و خۆڵە کە پەسترابوونەوە و بەگرانی بە خاکەناز هەڵدەدرانەوە. کاک حاجی هاتە پێشێ. کرێکارەکە ئەورۆژە چەندجارێکانی وەڵامی سەلامان دابۆوە کاک حاجی کە هەولی دەدا دەنکی گڕ و مەلایانە بێ. گوتی: "سەلامەلەیکوم و خوا قەوەتت دا. گوتت ناوت چ بوو؟"

کرێکارەکە بەسەر دەستەی چاکەتەکەی لووتی خۆی دەسڕی و بە رێزەوە گوتی: "یەدوڵڵای نۆکەرت."



- وەی وەی لەو ناوە، ناوی موسڵمانی خوا دەبێ هەرناوی پیاوچاکان بێ. دەبێ لە ناوەکانی خودابێ. دوایی کۆکەیەکی بۆکرد.

دووبارە ریشی خوراندەوەو گوتی: "دەڵێی گڵ و خۆڵەکە پەستراونەتەوە و گران بە خاکەناز هەڵدە درێنەوە."

کرێکارەکە کە بێلی رادەوەشاند و حینگە حینگی بوو وەڵامی دایەوە: "بەڵێ قوربان، رەقە، شتێکی دەوێ پێی بدەمەوە."

کاک حاجی رووی لە ناو ماڵێ کرد و بانگی کرد: "عیففەت، عیففەت دا ئەو پاچەی بێنە."

دوای تۆزێک، کچێک بە چارشێوەوە کە دەموچاوی چاک داپۆشیبوو، لە هۆڵێ هاتە دەرێ. دەستی بە پاچێکی بریقەدارەوە لە بن چارشێوەکەوە هێنایە دەرێ، چارشێو وەلاکەوت. کرێکارەکە پا و پووزە سپییەکەی دیت.

کاک حاجی لەبەر هەتاوێ لەسەر چرپایەکی چەرمینی جوان دانیشت و لە کاتێکدا کە لاسایی دەنگی (پیرو پیاو چاک)ا نی دەکردەوە، دەستی بەقسان کرد: "یەدوڵڵا نوێژان دەکەی؟"

- بەڵێ قوربان، نوێژان دەکەم. بەیانی زوو عەرزم کردن کە نوێژان دەکەم.

- کاک حاجی وەبیری هاتەوە کە ئەوی لە شوێنی کۆبوونەوەی کرێکاراندا دیبۆوە گوتبووی کە نوێژان دەکا و هەر بۆیەشی دەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە.

- باشە، خێزانیشت نوێژان دەکات؟

- بەڵێ قوربان، بەڵێ. ژنی پیاوی موسڵمان چۆن دەبێ نوێژان نەکا؟

زۆر چاکە زۆر چاکە ئافەرین بۆ ئەو شیرەی خواردووتە خوا پاداشتان بداتەوە. ئەدی منداڵەکانت؟

– حاجی گیان دوو منداڵم هەن ئەوانیش چووکەڵەن، هێشتا شایستەی نوێژێ نین.

کاک حاجی کە دەستی بە ورگ و گیپاڵە دەرپەڕیوەکەیدا دێنا، بە ویقارێکەوە دەستی بە ئامۆژگاریان کرد: "نوێژ کۆڵەکەی دینە. ئەگەر نوێژان بکەی هەمیشە کارت ڕاست دێت. هەر نوێژەکان بکە، جا هەرچی دەیکەی بیکە.

دەبێ ڕۆژێ چەندجارێکان هەر سوپاسی خودای بکەین، سوپاسی ئەو هەموو بەخششەی پێیداوین.

باشە براله، ئەوە هات و میز گیرا، ئەو دەزگا ئوتۆماتیکییە خواییە ڕاوەستا، چ دەکەی؟ دەبێ فاتحیای بۆخۆت. بخوێنی. ئەو لەشەی ئێمە دەڵێی مێشکی ئەلیکترۆنییە. سەیری پەروەردگار چی کردووە!! هەرکاتێ تەنگاو دەبی وەک چرای خەتەر (گڵۆپی سوور) بۆ خۆی چاو دادەگرێ. هیچ ئامێرو مەکینەیەک هێندە وردنییە. پێش ئەوەی خۆت پیسکەی، ئاگادارت دەکاتەوە، ئاخر ئەوە موعجیزەیە، گەورە ترین کارە. شاکارە کە لێرەدا یە هەر سەیری ئەو پاچەی دەستت کە چۆن بەرز و نزم دەبێتەوە، بە چ شێوەیەک گڵ و خۆڵەکە وردەکات. ئەوە دەستی تۆیە و دەستی تۆش فەرمانی خوابەجی دێنێ. تەنانەت بچووکترین...." یە دوڵلا لە گێژاوی. بیرەکانی خۆیدا خولی و دەخوارد و هیچ ئاگایەکی لە قسەکانی کاک حاجی نەبوو.

کە بەیانی هاتبوو ژنەکەی گوتبووی: "ئەگەر ئەمڕۆش کارت وەگیر نەکەوێ، چ وەڵامێکی زگی برسی منداڵەکان بدەمەوە؟ خۆ



عەبدەلیش چوار ڕۆژە نەخۆشە، خەستەخانەش پارەی دەوێ. لە کوێی بێنین پیاوەکە؟"

کاک حاجی شەویلاکەی گەرم داهاتبوو:

یەدوڵڵا لە بیری خێزانەکەیدا بوو کە لەوانەیە ئێستا لە ماڵی ئەندازیارەکاندا خەریکی ئاو دەست شوشتنێ بێ. دیاریش نەبوو داخوا کام پێیەیانی لە پێشدا دەنێتە ناو ئاودەستێوە. هەروا کە گڵ و خۆڵەکەی دەدایەوە، سەرنجێکی کڕیارانەی لە پاچەکەدا. پاچەکەی لەلایەکەوە دانا. سەتڵەکەی پڕکرد و چووە دەرێ.

لە بیری ئەوەشدا بوو: "ئێوارێ حاجی پارەی چەند دەدا؟ ئەمشەو نانی دەکڕم، خورمای دەکڕم، چای دەکڕم. لەوانەیە هێندێکیش دارچینی بۆ دڵ ئێشەکەی عەبدەلیش بکڕم، خوا کەریمە."

هاتەوە دووبارە سەر قاڵی هەڵکەندنی گڵ و خۆڵ و پڕ کردنەوەی سەتڵەکە بۆوە. کاک حاجی وەک زەردەواڵە ویزە ویزی دەکرد: "کە شەوێ چوویەوە ماڵێ، هەزار جار بڵێ تۆبە تۆبە، تۆبەکانیش بە تەزبێح بژمێرە تا لێت تێک نەچێ چونکە یەکێکی کەم بێ دەبێ سەر لەنوێ لە سەرەوە پێدا بێیەوە. کە هەزار جارت گوت تۆبە، بەیانییەکەی پاکوخاوێنی. ئیدی گوناهت نامێنێ.

دەفتەری کردارت وەک لەپی دەستی من سپی سپی دەبێ..."

دەنگێکی ژنانە لە هۆڵەکەوە کاک حاجی بانگ کردەوە. یەدوڵڵا بەتەنێ مایەوە. دووبارە چاوێکی بەپاچەکەدا خشاندەوە. پاچەکە نوێ و بریقەدار بوو. ئارەقەی ناوچەوانی بەسەر دەستەی چاکە تەکەی سڕیەوە.

* * *

ئێوارە تا دەهات نزیک دەبۆوە. خۆر لەبەردەمەڕمەڕەکانی لێواری سەربانی خانووەکەی دابوو. بەردە مەڕمەڕەکان شیرو ماستی وەبیر یەدوڵلای هێنایەوە. تفی ناو دەمی قووتدایەوە و کەوتەوە ئیشێ.

کاک حاجی نوێژی عەسرێی کردبوو. دانیشتبوو قورئانی دەخوێند و لە ژێریشەوە چاوەدێری یەدوڵلای دەکرد. یەدوڵلا بەدزییەوە سەیرێکی ئەم لاولایانی کرد. کە دڵنیابوو کەس ئاگای لێی نییە، لەسەرخۆ پاچەکەی خستە ناو سەتڵەکەوە و بە پەلە گڵ و خۆڵی وەسەردا و سەتڵەکەی بردە دەرێ. حاجی قورئانەکەی پێکەوە نایەوە و بێ ماچکردنی لەسەر زەوییەکەی دانا و رایکردە حەسارێ.

یەدوڵلا هاتبۆوە. لە سەرخۆ دوایین سەتڵی پڕ دەکرد. حاجی لە حەسارێ چووە دەرێ. بەراکردنەوە رووی کردە کۆگڵە کۆکراوەکانی پشت دیوارەکەوە، گڵ و خۆڵەکەی کۆڵیەوە و پاچەکەی هێنایەوە دەرێ. لە پشتە خۆی گرت و هاتەوە ماڵێ.

یەدوڵلا گۆشەیەکی حەسارێی گەسک دەدا و لە زەوییەکەوە رامابوو.

* * *

ئیش تەواو ببوو. یەدوڵلا دەست و دەموچاوی شوشت. هەر سەڵەواتیشی لێدەدان. لەلای پەنجەرەکەوە راوەستا و بانگی کاک حاجی کرد: "کاک حاجی هەقی ماندوو بوونەکەمان بفەرموون، ئەوە رۆژئاوایە. نوێژەکەم دەچێ. خوا دەست بە عومرتانەوە بگرێ."

حاجی هاتە دەرێ. چوار تمەنی نایە دەستی. یەدوڵلا وایدەزانی هەر نەبێ لە شەش تمەنی کە متر هەر ناداتێ.



ویستی نەیەوێ بەڵام پاچەکەی وەبیر هاتەوە.؟ پارەکەی وەرگرت و لەحەسارێ وەدەرکەوت.

حاجی لەسەر خۆ دەرگای حەسارێی لێک ترازاند و بەدزییەوە لە درزی دەرگاکەوە سەیری دەرێی دەکرد.

یەدوڵلای دیت خەریکی هەڵدانەوە و ئەو دیواو دیوکردنی گڵ و خۆڵەکەیە. حاجی لە دڵی خۆیدا پێکەنی و لەبەرخۆیەوە گوتی:

چلی وەک تۆ بە تینوویەتی دەبەمە سەراوێ، ئاویشی نادەم دەشیهێنمەوە، دزی سەگباب!"

گەڕایەوە و پاڵی بەسەرینێکی نەرمەوەدا. سەرکەوتووانە کتێبی چل کلیلەکەی تاو دایەوە و دەستی کردەوە بەخوێندنەوە: "یاسەتتارەل عیوب، یا ئەڵلا. یاعەللا مەل غیوب، یا ئەڵلا. یاساتیرە کوللی مەستورین، یا کاشیفە کوللی مەشکوفین"

هەوا تاریک بوو بوو و لە کولانێوە هێشتا هەر دەنگی گڵ و خۆڵ تێک وەردانێ دەهات.

**١٩٨٥/٤/٢ وەرگێڕدراوە**

---

لە کتێبی/ (از این ولایت) انتشارات شبگیر. درویشیان/ علی أشرف. خیابان شاهرضا.

خیابان فروردین. چاپ اوفست نوبهار. ادزماه ٣٦. چاپ سوم-ەوە کراوە بە کوردی.

**"کـــــۆتـايـــــی"**